# خوێندنی ناحکومی
# لەنێوان کوالیتی و بازرگانی

**ڕاپۆرتێکە سەبارەت بەگرفتەکانی خوێندنی ناحکومی و ڕێگەچارەکانیان لە پارێزگای سلێمانی**

ئەم پڕۆژەیە لەلایەن ئینستتیوتی پەی بۆ پەروەردەو گەشەپێدان(PAY) بەهاوکاری ئینستتیوتی ریفۆرم بۆ گەشەپێدان(RID)و ڕێکخراوی(NPA)ی نەرویجی جێبەجێکرا. پڕۆژەکە لەسێ وۆرکشۆپ و بڵاوکردنەوەی ڕاپۆرتێک پێکهاتبوو، ستافێك بەهاوکاری بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی سلێمانی و پسپۆڕان و شارەزایان لە(١ی تەموز تا ٣٠ ی ئەیلولی.٢٠١٧) کاریان لەسەر کردووە.

# خوێندنی ناحکومی لەنێوان کوالیتی و بازرگانیدا

## (گرفت و چارەسەر)

## (توێژینەوەیەکی مەیدانیە سەبارەت بەگرفتەکانی خوێندنی ناحکومی و رێگەچارەکانیان لە پارێزگای سلێمانی)


گروپی کارکردن لە پرۆژە

سەرپەرشتیاری پرۆژە:
**د. سەروەر عەبدولڕەحمان عومەر**

بەرێوەبەری پرۆژە:
**بابان جەعفەر حەمە**

رێکخەری پرۆژە:
**سەلام حسین عبدالله**

هاوکاران:
**ئارێز دارا حەفید**
**م.ساکار عەزیز رەشید**
**عەلی قادر محمود**
**داستان جەعفەر حەمە**

ژمێریاری پرۆژە:
**ئیبراهیم حەسەن ئەحمەد**



پرۆژەی (خوێندنی ناحکومی لەنێوان کوالیتی و بازرگانیدا) ئینستتیوتی پەی بۆ پەروەردەو گەشەپێدان (PAY) بە هاوکاری ئینستتیوتی ریفۆرم بۆ گەشەپێدان (RID) و رێکخراوی (NPA)ی نەرویجی جێبەجێ کرا.

# سوپاسنامە

*–سوپاس بۆ بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی سلێمانی هاوکارییان کردین لە پێدانی زانیاری.

*–سوپاس بۆ هەریەک لە بەڕێزان (م.بەهرۆز) بەڕێوەبەری خوێندنی ئەهلی و (م.خۆگر رواندزی) بەڕێوەبەری پلان و ئامار لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی سلێمانی کە هاوکاری پرۆژەکەمان بوون بەپێدانی زانیاری و بەسەرنجەکانیان پرۆژەکەیان دەوڵەمەند کرد.

مافی بڵاوکردنەوەی ئەم توێژینەوەیە پارێزراوە بۆ ئینستتیوتی پەی - ٢٠١٧

**ئینستتیوتی پەی بۆ پەروەردە و گەشەپێدان**

ناونیشان: سلێمانی – رزگاری –بەرامبەر یاریگای یانەی وەرزشی ئاشتی

تەلەفۆن: 07701465733 - 07701564576

ئیمەیڵ: sarwary74@yahoo.com / payinstitute@gmail.com -

فەیسبوک: facebook.com/pay-institute

**پێگەی ئەلکترۆنی: www.payied.org**

## ناوەڕۆک


| | |
|---|---|
| پێشەکی ........................................ | ٤ |
| خوێندنی ناحکومی لە کوردستان ........................................ | ٥ |
| بەراوردکاری ژمارە و ریژەی قوتابخانە حکومی و ناحکومیەکان لەهەرێمی کوردستان بەگشتی ........................................ | ٧ |
| قوتابخانەو پەیمانگە ناحکومیەکان لە پارێزگای سلێمانی ........................................ | ٨ |
| بەراوردکاری ژمارە و ریژەی قوتابخانە حکومی و ناحکومیەکان لە پارێزگای سلێمانی ........................................ | ١٠ |
| بەراوردکاری ژمارە و ریژەی باخچەی ساوایانی حکومی و ناحکومی لە پارێزگای سلێمانی ........................................ | ١١ |
| فۆرمی زانیاری و نرخ و ساڵی دامەزراندنی باخچەی منداڵانی ناحکومی ........................................ | ١٢ |
| فۆرمی زانیاری گشتی باخچەی منداڵانی ناحکومی ........................................ | ١٣ |
| بەراوردکاری ژمارە و ریژەی قوتابخانەی بنەرەتی و ئامادەیی حکومی و ناحکومی لە پارێزگای سلێمانی ........................................ | ١٤ |
| زانیاری گشتی لەسەر قوتابخانەی ناحکومیەکان ........................................ | ١٥ |
| زانیاری ساڵی دامەزراندن و خاوەنداریێتی بینای قوتابخانە ناحکومیەکان ........................................ | ١٧ |
| سیستم و پرۆگرام و زمانی خوێندن لە قوتابخانەکان ........................................ | ١٨ |
| فۆرمی زانیاری لەسەر قوتابخانە نێودەوڵەتیە ناحکومیکان ........................................ | ١٩ |
| ژمارەی خوێندکارو نرخ لە قوتابخانە ناحکومیەکان بۆ ساڵی ( ٢٠١٦/٢٠١٧ ) ........................................ | ٢٠ |
| بەراوردکاری ژمارە و رێژەی پەیمانگەی حکومی و ناحکومی ........................................ | ٢٢ |
| فۆرمی زانیاری گشتی پەیمانگەی ناحکومی بۆ ساڵی ( ٢٠١٧/٢٠١٨ ) ........................................ | ٢٣ |
| بەراوردکاری ژمارە و رێژەی قوتابخانەی پیشەیی حکومی و ناحکومی ........................................ | ٢٤ |
| بەراوردکاری ژمارە و رێژەی قوتابخانەی خوێندنی خێرای حکومی و ناحکومی ........................................ | ٢٥ |
| ئەنجام ........................................ | ٢٦ |
| راسپاردەکان ........................................ | ٢٨ |
| پاشکۆی ( ١ ) یاسای ژمارە ( ١٤ )ی ساڵی ( ٢٠١٢ ) ........................................ | ٣٠ |
| پاشکۆی ( ٢ ) رینمایی ژمارە ( ١ )ی ساڵی ( ٢٠١٦ ) ی وەزارەتی پەروەردە ........................................ | |
| پاشکۆی ( ٣ )وێنەی وورک شۆپەکانی پرۆژەکە ........................................ | |

# پێشەکی

خوێندنی ناحکومی بایەخی خۆی هەیە، لە گەلێك لە وڵاتان ئەم جۆرە خوێندنە هەیە، لە هەرێمی کوردستانیشدا لە دوای راپەڕینەوە سەری هەڵداوە، لەم دواییانەشدا زیادی کردووە و بەجۆرێك بۆتە مایەی قسەو باسی کەسانێك کە گرنگی بەو بوارە دەدەن و رای جیاوازی لەسەر هەیە. هەر ئەمەش وای کرد کە پەرلەمانی کوردستان یاسای تایبەتی بۆ دەربکات تا ئەم جۆرە خوێندنە بەیاسا رێکبخرێت و لەو پەرشوبڵاوی و سەرگەردانیەی هەبوو رزگاری بێت.

کەسانێك پێیانوایە بوونی ئەم جۆرە خوێندنە گرنگەو ئەزموونێکی نوێیەو پێویستە پشتگیری بکرێت و گرنگیی زیاتری پێ بدرێت، لەبەرامبەریشدا رایەکی تر هەیە کە پێی وایە ئەم جۆرە خوێندنە زیادەیەو هیچ گرنگیەکی نیەو ئاستی نزمەو شتێکی زیادەی نەخستۆتە سەر ئەو شارای پەروەردە حکومیەی کە هەیەو جگە لە بازرگانیکردن بەبواری پەروەردە شتێکی تر نیە.

بۆ ئەم مەبەستە ئێمە وەك ئینستتیۆتی پەی بۆ پەروەردەو گەشەپێدان بە هاوکاری ئینستتیوتی ریفۆرم بۆ گەشەپێدان (RID) و رێکخراوی (NPA)ی نەرویجی، پرۆژەیەکمان بە ناونیشانی (خوێندنی ناحکومی لەنێوان کوالیتی و بازرگانیدا) ئەنجامدا، کە خۆی لە سێ وۆرکشۆپ و نوسینەوەی راپۆرتێکدا دەبینێتەوە، وۆرکشۆپەکان لەگەڵ هەریەك لە (ئەنجومەنی قوتابخانە ناحکومیەکان و دایك و باوکی منداڵەکان) و (خاوەن و بەڕێوەبەری قوتابخانە ناحکومیەکان) و (بەڕێوەبەرێتی پەروەردەی سلێمانی و پسپۆر و شارەزایان) ئەنجامدران و بیروڕای هەریەکەیان لەسەر بابەتەکە وەرگیرا، لەکۆتاییشدا وەك توێژینەوەیەکی مەیدانی زانیاری لەسەر قوتابخانە ناحکومیەکانی پارێزگای سلێمانی کرکرایەوەو لەم راپۆرتەدا خرایە روو.

هەوڵماندوە واقیعی حاڵی قوتابخانەکان باس بکەین و بەراوردێکی ژمارەی قوتابخانەکان و ژمارەی خوێندکارەکان و ژمارەی مامۆستاکان و ئاستیان بکەین لەنێوان قوتابخانە حکومی و ناحکومیەکاندا لە چوارچێوەی پارێزگای سلێمانی و لە ئەنجامدا گیروگرفتەکانیان دەستنیشان بکەین و لەکۆتاییشدا کۆمەڵێك راسپاردە بەمەبەستی چارەسەر بۆ لایەنە پەیوەندیدارەکان بخەینە روو.

لە کۆتاییدا ئەو سەرنجەش دەخەینە روو کە ئەو ئامار و داتایانەی بەکارمان هێناوە لەم راپۆرتەدا داتای فەرمی وەزارەتی پەروەردەن، بەڵام داتای ساڵی خوێندنی (٢٠١٦–٢٠١٧)یە، واتە داتای ساڵی پارە نەك ئەمساڵ، هۆکارەکەیشی ئەوەیە کە لەسەرەتای ساڵی خوێندندا وەزارەت هێشتا داتای نوێی ساڵی خوێندنی (٢٠١٧–٢٠١٨)ی ئامادە نەکردووە.

**ئینستتیوتی پەی بۆ پەروەردەو گەشە پێدان**

**تشرینی دووەمی ٢٠١٧**

# خوێندنی ناحکومی لە هەرێمی کوردستاندا

هەرێمی کوردستان بەحوکمی ئەوەی لەرووی کارگێڕی و سیستەمەوە بەشێك بووە لەعێراق، سیستەمی پەروەردەکەیشی هەمان شێوەی سیستەمی پەروەردەی عێراق بووە، خوێندن تیایدا تەنها حکومی بووەو ڕێگە بەخوێندنی ئەهلی و ناحکومی نەدراوە، بەڵام لەدوای ڕاپەڕین و پێکهێنانی حکومەتی هەرێمەوە گۆڕانکاری (ئەگەر ڕێژەیی و شکلیش بێت) بەسەر سیستەمی پەروەردەدا هاتووە، یەکەم قوتابخانەی ئەهلی و ناحکومی لەهەرێمی کوردستاندا ساڵی ١٩٩٤ بەناوی (کۆلیژی ئیشق) لە هەولێر کرایەوە، بەتێپەڕ بوونی کات وردە وردە ژمارەی قوتابخانەی ناحکومی زیادی کرد و حکومەت بواری زیاتری بۆ کردنەوەی ئەم جۆرە قوتابخانانە ڕەخساند. تاکو ئەمڕۆ کەژمارەی قوتابخانەو پەیمانگە ناحکومیەکان لەهەرێمی کوردستاندا (بەباخچەی ساوایان و بنەڕەتی و ئامادەیی و پەیمانگاوە) گەیشتە (٢٢٤) دانە، لە پارێزگای سلێمانیشدا (کەچوارچێوەی ڕاپۆرتەکەی ئێمەیە) گەیشتە (٦٦) باچەی ساوایان و قوتابخانەو پەیمانگە.

لەسەرەتادا یاسایەك نەبوو ئەم قوتابخانانە ڕێك بخات جگە لە ڕێنماییەك نەبێت، تا ساڵی ٢٠١٢ پەرلەمانی کوردستان یاسای ژمارە (١٤)ی (قوتابخانەو پەیمانگە ناحکومیەکان)ی پەسەند کرد.

قوتابخانەو پەیمانگە ناحکومیەکان هەموو قۆناغەکانی خوێندن (باخچەی منداڵان، بنەڕەتی، ئامادەیی، پەیمانگە)کان دەگرێتەوە. کە بریتیە لەخوێندنی گشتی یا تایبەتی لەناوەندەکانی خوێندن، کەکەرتی تایبەت بەرەزامەندی وەزارەتی پەروەردە بەڕێوەی دەبات.

فەلسەفەی کردنەوەی خوێندنی ناحکومی ئەوەیە کەرۆڵێکی کاراو گرنگی هەیە لەپاڵپشتی و پشتگیریکردن و پێشکەوتنی پرۆسەی پەروەردەو فێرکردنی خوێندنی حکومی، لەڕێگەی ڕوخساندنی دەرفەت بۆ وەزارەتی پەروەردەو دۆزینەوەی خاڵە لاواز و بەهێزەکان، هەروەها بوار بۆ کێبڕکێ ی زانستی بەردەوام لەنێوان قوتابخانە حکومی و ناحکومیەکان دەخولقێنێت.

ئامانج لەکردنەوەی ئەم قوتابخانانە بەشداریکردنی کەرتی تایبەتە لەپرۆسەی پەروەردەو فێرکردن و لەئەستۆگرتنی بەرپرسیاریەتی، بەمەبەستی هاوکاریکردنی حکومەت لەبنیادنانی کۆمەڵگەیەکی پێشکەوتوو. کە لەگرنگترین ئامانجەکانی ئەمانەی خوارەوەن:

١-پاڵپشتە بۆ خوێندنی حکومی لەهەموو ئاستەکان.

٢-ڕۆڵێکی ئەرێنی دەگێڕێت لەپێشخستنی توانا مرۆییەکانی کۆمەڵگە.

٣-ڕۆڵێکی کارا دەبینێت لەبەهێزکردنی ژێرخانی ئابووری وڵات.

٤-بەشداریکردنی کەرتی تایبەت لەزیادکردنی داهاتی تاك و کۆمەڵ.

٥-ڕەخساندنی دەرفەتی خوێندن بۆ وەڵامدانەوەی پێویستیەکانی تاك و کۆمەڵ.

٦-فەراهەمکردنی فێربوونی ئازاد بۆ تاکەکان بۆ ئەوەی سود لەهەموو پێداویستییەکانی فێرکردن و فێربوونی جیاواز وەربگرن.

٧-دەستپێشخەریکردن لە پێشکەشکردنی نوێکاری لە بواری فێرکردن و فێربوون، بەتایبەتی لەرووی بەکارهێنانی بەرنامەی تەکنیکی فێرکردنی مودرێن و پاڵپشتیکردنی چالاکی کۆمەڵایەتی، زانستی، وەرزشی و هونەری.

٨- کەمکردنەوەی ئەرکی وەزارەتی پەروەردە.

٩-زیادکردنی توانستی زانستی بۆ نەهێشتنی کەموکوڕییەکان.

١٠-رەخساندنی بواری کێبڕکێ لەقوتابخانە حکومی و ناحکومییەکان تا پرۆسەی پەروەردە بگاتە دڵنیایی جۆری فێرکردن.

١١-کارکردن بۆ بەستنەوەی شێوازی خوێندن بەگۆڕانکارییە کۆمەڵایەتیەکان و تەکنەلۆژیای خێرا کەکاردانەوەی گرنگی هەیە لە پەروەردەو فێرکردندا.

قوتابخانەو پەیمانگە ناحکومیەکان بەهەموو جۆرەکانیەوە، بەپسپۆری جیاجیاوە، بەزمانی خوێندنی جیاواز ساڵانە لەزیادبووندان. ئەم قوتابخانەو پەیمانگایانەش ساڵانە بڕێك پارە لەخوێندکاران وەردەگرن، جگە لەپارەی کتێبی خوێندن و جلوبەرگ و گواستنەوەیان، زیادبونیشیان بەندە بەگەشەکردنی ئابوری هەرێم و ویست بۆ خوێندنی ناحکومی و کوالیتی بەرز.

لە رووی کوالیتیەوە خوێندنی ناحکومی دەکرێت بە سێ بەشەوە:

١-ئەوانەن کە ئاستیان بەرزەو سەرکەوتوون.

٢-ئەوانەن کە ئاستیان مامناوەندییە.

٣-ئەوانەن کە ئاستیان وەك پێویست نیە، پێویستە بەدواداچوونیان بۆ بکرێ و ئاگادار بکرێنەوە.

لە هەرێمی کوردستاندا چەند جۆرێکی خوێندنی ناحکومی هەیە:

١-قوتابخانەو پەیمانگە خۆماڵییەکان: ئەو قوتابخانەو پەیمانگە ناحکومیانەن، کە پرۆگرام و سیستەمی ئەزموونەکانی وەزارەتی پەروەردە لەگەڵ هەندێك پرۆگرامی سەربار بەکار دەهێنن.

٢-قوتابخانەو پەیمانگە بیانیەکان: ئەو قوتابخانەو پەیمانگەیانەن، کە سیستەم و پرۆگرامی فێرکردنی باوەڕپێکراوی وڵاتێکی بیانی پەیڕەو دەکەن یاسیستەمی ئەزموونی تایبەتی خۆی هەیە یاخود ئەزموونەکانی وەزارەتی پەروەردەی هەرێم پەیڕەو دەکەن.

٣-قوتابخانە نێودەوڵەتیەکان: ئەو قوتابخانەو پەیمانگە ناحکومیانەن کەپرۆگرام و سیستەمی تایبەتی خۆیان هەیە، وەك: (Level B, Level A, GCSC, SAT2, 1SAT) ئامادە دەکەن، هەروەها لەچەندین وڵاتی دیکەدا بە هەمان پرۆگرام هاوشێوەیان هەیە.

## بەراوردکاری ژمارەو ڕێژەی قوتابخانە حکومی و ناحکومیەکان لە هەرێمی کوردستاندا بەگشتی

### ژمارەی قوتابخانەکان

| ز | بابەت | ژمارە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|---|
| ١ | قوتابخانەی حکومی | 6.575 | 96.7% |
| ٢ | قوتابخانەی نا حکومی | 224 | 3.3% |
| | کۆی گشتی | 6.799 | 100% |

### ژمارەی خوێندکاران

| ز | بابەت | ژمارە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|---|
| ١ | خوێندکارانی قوتابخانەی حکومی | 1.667.848 | 97.7% |
| ٢ | خوێندکارانی قوتابخانەی نا حکومی | 38.661 | 2.3% |
| | کۆی گشتی | 1.706.509 | 100% |

### ژمارەی مامۆستایان

| ز | بابەت | ژمارە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|---|
| ١ | مامۆستایانی قوتابخانەی حکومی | 122.042 | 96.7% |
| ٢ | مامۆستایانی قوتابخانەی نا حکومی | 4.070 | 3.3% |
| | کۆی گشتی | 126.112 | 100% |

## قوتابخانەو پەیمانگە ناحکومیەکان لە پارێزگای سلێمانیدا

لە سنوری بەڕێوەبەرێتی گشتیی پەروەردەی سلێمانیدا (1683) قوتابخانەو پەیمانگەی حکومی و (66) قوتابخانەو پەیمانگەی ناحکومی هەیە، کە (444.591) خوێندکاری حکومی و (14.311) خوێندکار لە قوتابخانە ناحکومیەکان لەخۆ دەگرێت، و (31.697) مامۆستا لە قوتابخانە حکومیەکان و (866) مامۆستا لەقوتابخانە ناحکومیەکان وانەی تیادا دەڵێنەوە. لە سنوری بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی سلێمانیدا لە کۆی (458.902) خوێندکاری (96.9%)ی لە حکومی و (3.1%)ی لە ناحکومی دەوام دەکەن، هەروەها لە کۆی (32.545) مامۆستا (97.3%) ی لە حکومی و (2.7%)ی لە ناحکومی دەوام دەکەن.

یەکەم قوتابخانەی ناحکومی کە لەدوای راپەرینەوە لەسلێمانی کرایەوە لەساڵی (١٩٩٧) دا قوتابخانەی (کۆلیژی سەلاحەدین) بوو، بە تێپەڕ بوونی کات ژمارەی قوتابخانەکان زیادی کرد کەئێستا گەیشتۆتە (66) قوتابخانە (بەباخچەی ساوایان و بنەڕەتی و ئامادەیی و پەیمانگاوە). کەخۆیان لە(31) باخچەی ساوایان و(24) بنەڕەتی و ئامادەیی و (10)پەیمانگا دەبیننەوە.

لەم راپۆرتەدا هەوڵماندداوە بەراوردێکی رێژەی قوتابخانەو مامۆستایان و خوێندکارانی هەریەك لە قوتابخانە حکومی و ناحکومیەکان بکەین.

بەپێی ئەو خشتانەی ئامادەمان کردووە (کە زانیارییەکانی فەرمین و لە ئاماری وەزارەتی پەروەردە وەرگیراون) ئەم راستیانەی خوارەوەمان بۆ دەردەکەوێت:

١-لە سنوری بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی سلێمانیدا بە گشتی (167) باخچەی ساوایان هەیە، کە (136)ی حکومی و (31)ی ناحکومین، باخچە حکومیەکان (13.551) منداڵ دەوامی تیادا دەکەن کە (87.1%)ی سەرجەم منداڵانی باخچەکانی سلێمانی دەگرێتەوە کە لەبەرامبەردا لە باخچە ناحکومیەکاندا (1.999) منداڵ دەوام دەکەن کە دەکاتە رێژەی (12.9%)ی منداڵانی باخچەکانی سنوری بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی سلێمانی. لەهەمان کاتدا (1.828) مامۆستا لە باخچە حکومیەکاندا دەوام دەکەن کە رێژەی (89.8%)ی مامۆستایانی باچەکان دەگرێتەوە لەبەرامبەر (207)مامۆستای باخچەی ناحکومی کە دەکاتە رێژەی (10.2%)ی سەرجەم مامۆستایانی باخچەکان.

٢-لە سنوری بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی سلێمانیدا بە گشتی (1.504) قوتابخانەی بنەڕەتی و ئامادەیی هەیە، کە (1.480)ی حکومی و (24)ی ناحکومین، قوتابخانە بنەڕەتی و ئامادەییە حکومیەکان (419.367) خوێندکار دەوامی تیادا دەکەن کە (98%)ی سەرجەم خوێندکارانی بنەڕەتی و ئامادەیی سلێمانی دەگرێتەوە کە لەبەرامبەردا لە قوتابخانە بنەڕەتی و ئامادەییە ناحکومیەکاندا (8.667) خوێندکار دەوام دەکەن کە دەکاتە رێژەی (2%)ی خوێندکارانی بنەڕەتی و ئامادەیی سنوری بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی سلێمانی. لەهەمان کاتدا (28.196) مامۆستا لە قوتابخانە بنەڕەتی و ئامادەییە حکومیەکاندا دەوام دەکەن کە رێژەی (98.3%)ی مامۆستایانی ئەم قوتابخانانە دەگرێتەوە لەبەرامبەر (478)مامۆستای قوتابخانەی ناحکومی کە دەکاتە رێژەی (1.7%)ی سەرجەم مامۆستایانی قوتابخانە بنەڕەتی و ئامادەییەکان.

٣- له سنوری بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی سلێمانیدا به گشتی (20) پەیمانگە هەیە، کە (13)ی حکومی و (7)ی ناحکومین، پەیمانگە حکومیەکان (2774) خوێندکار دەوامی تیادا دەکەن کە (64.3)ی سەرجەم خوێندکارانی پەیمانگەکانی سلێمانی دەگرێتەوە کە لەبەرامبەردا لە پەیمانگە ناحکومیەکاندا (1544) خوێندکار دەوام دەکەن کە دەکاتە رێژەی (35.7)ی خوێندکارانی پەیمانگەکانی سنوری بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی سلێمانی. لەهەمان کاتدا (354) مامۆستا لە پەیمانگە حکومیەکاندا دەوام دەکەن کە رێژەی (66.2)ی مامۆستایانی پەیمانگەکان دەگرێتەوە لەبەرامبەر (181)مامۆستای پەیمانگەی ناحکومی کە دەکاتە رێژەی (33.8)ی سەرجەم مامۆستایانی پەیمانگەکان، جێگەی ئاماژەیە بەهۆی دەست نەکەوتنی ئاماری درووستی پەیمانگاکانی سنوری بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی سلێمانی بۆ سالّی خوێندنی (٢٠١٦/٢٠١٧) سوودمان لەئاماری سالّی (٢٠١٥/٢٠١٦) وەرگرتووە .

٤-له سنوری بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی سلێمانیدا (16) ئامادەیی پیشەیی هەیە کە (723) مامۆستاو (3.140) خوێندکارە دەوامی تیادا دەکەن، لەبەرامبەردا هیچ ئامادەییەکی پیشەیی ناحکومی نیە.

٥-له سنوری بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی سلێمانیدا (18) قوتابخانەی خوێندنی خێرا هەیە کە (179) مامۆستاو (1.683) خوێندکارە دەوامی تیادا دەکەن، لەبەرامبەردا هیچ قوتابخانەیەکی خوێندنی خێرای ناحکومی نیە.

## بەراوردكاری ژمارەو ڕێژەی قوتا بخانە حكومی و ناحكومیەكان لە پارێزگای سلێمانی بەگشتی

### ژمارەی قوتا بخانەكان

| ز | بابەت | ژمارە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|---|
| ١ | باخچەو قوتابخانەو پەیمانگەی حكومی | 1.683 | 96.2% |
| ٢ | باخچەو قوتابخانەو پەیمانگەی ناحكومی | 66 | 3.8% |
| | كۆی گشتی | 1.749 | 100% |

### ژمارەی خوێندكاران

| ز | بابەت | ژمارە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|---|
| ١ | باخچەو قوتابخانەو پەیمانگەی حكومی | 444.591 | 96.9% |
| ٢ | باخچەو قوتابخانەو پەیمانگەی ناحكومی | 14.311 | 3.1% |
| | كۆی گشتی | 458.902 | 100% |

### ژمارەی مامۆستایان

| ز | بابەت | ژمارە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|---|
| ١ | باخچەو قوتابخانەو پەیمانگەی حكومی | 31.679 | 97.3% |
| ٢ | باخچەو قوتابخانەو پەیمانگەی ناحكومی | 866 | 2.7% |
| | كۆی گشتی | 32.545 | 100% |

### ژمارەی خوێندكارە یەكەمەكان ( یەكەم و دووەم و سێیەم ) لەسەر ئاستی سلێمانی ( زانستی )

| ز | بابەت | ژمارە / ئاستی هەرێم | ڕێژە/ ئاستی هەرێم | ژمارە / ئاستی سلێمانی | ڕێژە/ ئاستی سلێمانی |
|---|---|---|---|---|---|
| | یەكەمەكانی پۆلی دوانزە لە قوتابخانەی حكومی | 16 | 88.8% | 9 | 100% |
| | یەكەمەكانی پۆلی دوانزە لە قوتابخانەی ناحكومی | 2 | 11.2% | 0 | 0% |
| | كۆی گشتی | 18 | 100% | 9 | 100% |

### ژمارەی خوێندكارە یەكەمەكان ( یەكەم و دووەم و سێیەم ) لەسەر ئاستی سلێمانی ( وێژەیی )

| ز | بابەت | ژمارە / ئاستی هەرێم | ڕێژە/ ئاستی هەرێم | ژمارە / ئاستی سلێمانی | ڕێژە/ ئاستی سلێمانی |
|---|---|---|---|---|---|
| | یەكەمەكانی پۆلی دوانزە لە قوتابخانەی حكومی | 7 | 100% | 1 | 100% |
| | یەكەمەكانی پۆلی دوانزە لە قوتابخانەی ناحكومی | 0 | 0% | 0 | 0% |
| | كۆی گشتی | 7 | 100% | 1 | 100% |

## بەراوردکاری ژمارەو ڕێژەی باخچەی ساوایانی حکومی و ناحکومی لە پارێزگای سلێمانی

### ژمارەی باخچەی ساوایان

| ز | بابەت | ژمارە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|---|
| ١ | باخچەی ساوایانی حکومی | 136 | 81.5% |
| ٢ | باخچەی ساوایانی نا حکومی | 31 | 18.5% |
| | کۆی گشتی | 167 | 100% |

### ژمارەی منداڵان لە باخچەی ساوایان

| ز | بابەت | ژمارە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|---|
| ١ | باخچەی ساوایانی حکومی | 13.551 | 87.1% |
| ٢ | باخچەی ساوایانی نا حکومی | 1.999 | 12.9% |
| | کۆی گشتی | 15.550 | 100% |

### ژمارەی مامۆستایان لە باخچەی ساوایان

| ز | بابەت | ژمارە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|---|
| ١ | باخچەی ساوایانی حکومی | 1.828 | 89.8% |
| ٢ | باخچەی ساوایانی نا حکومی | 207 | 10.2% |
| | کۆی گشتی | 2.035 | 100% |

## فۆرمی زانیاری و نرخ و ساڵی دامەزراندنی باخچەی منداڵانی ناحکومی
## لە سنوری بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی سلێمانی ( ٢٠١٦-٢٠١٧ )

| ژ | باخچەی منداڵان | ناوی خاوەن مۆڵەت | نرخی خوێندنی باخچە | | ساڵی دامەزراندن |
|---|---|---|---|---|---|
| | | | نرخ | مانگانە/ساڵانە | |
| ١ | جریوە | شیرین عبداللە صالح | ١١٥ هەزار دینار | مانگانە | ٢٠٠٧ |
| ٢ | ئاشتی | غەیبە شابا سوریش | ١٦٠٠٠٠٠ ملیۆن و شەش سەد هەزار دینار | ساڵانە | ٢٠١١ |
| ٣ | رۆژ | بەیان محمد رحیم | ١٠٠ هەزار دینار | مانگانە | ٢٠١١ |
| ٤ | لاڵەی/٢ | شەهلا سیف الدین حسن | ١٠٠ هەزار دینار | مانگانە | ٢٠١٢ |
| ٥ | قەیوان | تاڤگە محمد علی | ١٢٠ هەزار دینار | مانگانە | ٢٠١٢ |
| ٦ | پرستیژ | بەناز محمد صالح | ١٢٠ هەزار دینار | مانگانە | ٢٠٠٨ |
| ٧ | گوڵاڵە سورە | بەرزان محمود محمد | ١٠٠ هەزار دینار | مانگانە | ٢٠٠٩ |
| ٨ | سەردەم | بەناز عمر علی | ١٠٠ هەزار دینار | مانگانە | ٢٠١٠ |
| ٩ | جونیەر | کۆمپانیای تاڤینا | ١٨٠٠٠٠٠ ملیۆن و هەشت سەد هەزار دینار | ساڵانە | ٢٠١٣ |
| ١٠ | خەونی منداڵان | کۆمپانیای وڵات | ١٣٠ هەزار دینار | مانگانە | ٢٠١٢ |
| ١١ | هەنی | رۆزا شەماڵ علی | ١٢٥ هەزار دینار | مانگانە | ٢٠١١ |
| ١٢ | زانستی | کۆمپانیای گەشەی زانست | ١٥٠٠$ | ساڵانە | ٢٠١٤ |
| ١٣ | بەریتانی نێودەوڵەتی | کۆمپانیای ماریا | ٢٦٠٠$ | ساڵانە | ٢٠١١ |
| ١٤ | میدیای نێودەوڵەتی | کۆمپانیای صافان | ٢٧٥٠٠٠٠ دوملیۆن و حەوت سەد و پەنجا هەزار | ساڵانە | ٢٠٠١ |
| ١٥ | شەنگین | هۆزان جزا حمە صالح | ١٠٠ هەزار دینار | مانگانە | ٢٠١٣ |
| ١٦ | مارگرێتی سلێمانی | کۆمپانیای مارگرێت | ٢٣٠٠٠٠٠ دوملیۆن و سێ سەد هەزار | ساڵانە | ٢٠١٣ |
| ١٧ | سلێمانی/١ | کۆمپانیای ڕووناکی | ٣٨٠٠$ | ساڵانە | ٢٠٠٧ |
| ١٨ | زارا | پەروین محمد ولی | ١٣٠ هەزار دینار | مانگانە | ٢٠١١ |
| ١٩ | کورد جنیەس | کۆمپانیای مایا | ٢٠٠٠٠٠٠ دوو ملیۆن دینار | ساڵانە | ٢٠١٥ |
| ٢٠ | جیهان | نەوزاد یەحیی سعید | ٢٠٠٠$ | ساڵانە | ٢٠١٧ |
| ٢١ | شنیار | دلسوز علی عثمان | ١١٠ هەزار دینار | مانگانە | ٢٠١١ |
| ٢٢ | وەسان | سەروین علی عثمان | - | مانگانە | نوێ |
| ٢٣ | شوەیفات | کۆمپانیای جوێند ئەدوکاشناڵ | ٣٦٣٠$ دەست پێدەکات | ساڵانە | ٢٠٠٩ |
| ٢٤ | کەناری | کەیوان محمد فرج | ١١٠ هەزار دینار | مانگانە | ٢٠١٤ |
| ٢٥ | مەلیك | بەهرە رزگار حمە | ١٠٠ هەزار دینار | مانگانە | ٢٠١٢ |
| ٢٦ | ئایندەی کوردستان | سۆران عزت صالح | ١١٠ هەزار دینار | مانگانە | ٢٠١٣ |
| ٢٧ | میوە | بەناز محمد فرج | ١١٠ هەزار دینار | مانگانە | ٢٠١٢ |
| ٢٨ | ڤالیا | ڤاناس بەختیار اسماعیل | ١٠٠ هەزار دینار | مانگانە | ٢٠١٤ |
| ٢٩ | بیبی سەنتەر | ئاڤان | ٢٠٠$ | مانگانە | ٢٠١٤ |
| ٣٠ | وایز | ئارام عبداللە محمد | | مانگانە | |
| ٣١ | پارسیان زاگرۆس | هێمن صالح محمد | ١٦٠٠$ | ساڵانە | ٢٠١٧ |

## فۆرمی زانیاری گشتی باخچەی منداڵانی ناحکومی
## لە سنوری بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی سلێمانی ( ٢٠١٧-٢٠١٨ )

| ژ | باخچەی منداڵان | ناوی بەڕێوەبەر | ژمارەی تەلەفون | | سنوری پەروەردە |
|---|---|---|---|---|---|
| | | | نۆرماڵ | موبایل | |
| ١ | جریوە | تارا فتاح محمد | ٣١٨٣٣٩٤ | ٠٧٧٠١٤٤٨٥٤٤ | رۆژئاوا |
| ٢ | ئاشتی | زینە ایشو یونان | ٣١٨٨٣٢٤ | ٠٧٧١٩٣٩٠٢٠٦ | رۆژئاوا |
| ٣ | رۆژ | نیان علی عبدالحمن | ٣١٨٥٤٠٥ | ٠٧٧٠٢٤٧٧٥٥٦ | رۆژئاوا |
| ٤ | لالەی/٢ | رۆژگار محمود روستم | ٠٧٤٨٠٦٠٩٧٠٠ | ٠٧٧٠١٥٥٤١٣٩ | رۆژئاوا |
| ٥ | قەیوان | تاڤگە محمد علی | ٠٧٤٨٠٦٠٧٠١٤ | ٠٧٧٠٢٤٦٤١٤١ | رۆژئاوا |
| ٦ | پرستیژ | خەندە قارەمان رەمەزان | ٠٧٧٠٧٧٠٥١٥٩ | ٠٧٧٠٠٥٧٣٧٥٧ | رۆژئاوا |
| ٧ | گوڵاڵە سورە | گوڵالە جەلال نجم | ٣٢٩٠٥٤٢ | ٠٧٧٠١٤٢٤٠٢٧ | رۆژئاوا |
| ٨ | سەردەم | بەناز عمر علی | ٣٢٠٧١١٠ | ٠٧٧٠١٥٩٨٢٨٣ | رۆژئاوا |
| ٩ | جونیەر | خەزان فریاد محمد | ٣٢٢٠٣٤ | ٠٧٧٠٥٤٥٦١٢٥ | رۆژئاوا |
| ١٠ | خەونی منداڵان | سازان جەلال حەمە أمین | ٠٧٧٠٣٥٦٨٥٤٤ | ٠٧٧٠١٥١٠٥١٩ | رۆژئاوا |
| ١١ | هەنی | ئاهەنگ جەواد حسن | ٠٧٧٣١٥٥٠٣٠٤ | ٠٧٧٠١٥٥٠٣٠٤ | رۆژئاوا |
| ١٢ | زانستی | ریکان عمر حمە امین | ٠٧٧٠٣٦٢١٠٤٨ | ٠٧٧٠٨٦٥٦٩٣٩ | رۆژئاوا |
| ١٣ | بەریتانی نێودەوڵەتی | چیا حسین محی الدین | ٠٧٥١١٩١٩٧٨٧ | ٠٧٧٠٤٧٨٦٠٠٠ | رۆژئاوا |
| ١٤ | میدیای نێودەوڵەتی | دڵسۆز قوربانی خدر | ٠٧٧٠٧٧٢٢٧٩٢ | ٠٧٧٠١٤٢٤١٢٥ | رۆژئاوا |
| ١٥ | شەنگین | سازان عزت رشید | ٣٢٠٣٤٨٨ | ٠٧٧١٠٢٩٣٩٢٦ | رۆژئاوا |
| ١٦ | مارگرێتی سلێمانی | توانا عباس هیدایەت | ٧٧٠١٢٦٤٥٤٤ | ٠٧٧١٩٢١٠٠٨٠ | رۆژئاوا |
| ١٧ | سلێمانی/١ | نورای مولود ارسلان | ٠٧٥٠٨٣٩٤٣٥١ | ٠٧٧٠١٥٨٥٧١٤ | رۆژئاوا |
| ١٨ | زارا | شلێر جعفر أحمد | ٣١٨٠٢٤٧ | ٠٧٧٠١٢١٢٢١١ | رۆژئاوا |
| ١٩ | کورد جنیەس | فرج سعد جهاد | ٠٧٧١٣٧١٤٩١٩ | ٠٧٧٠١٣٩٤١٤٠ | رۆژئاوا |
| ٢٠ | جیهان | رویدا فاتح صالح | ٠٧٧٠٣١٣٠٠٠٩ | ٠٧٥١٥١٥٢٠٨٠ | رۆژئاوا |
| ٢١ | شنیار | کاڵێ محمود أحمد | ٣١٦٠٥٣٧ | ٠٧٧٠٨٦٩٦٣٦٣ | رۆژئاوا |
| ٢٢ | وەسان | شادیە علی قادر | ٠٧٧٠٨٦٧٧٥٠٥ | ٠٧٧٠١٥٣٦٨٨٩ | رۆژئاوا |
| ٢٣ | شوەیفات | تریڤەر ئنتۆنی مارزدن | ٣٢٨٥٤١٢ | ٠٧٧١٥٩٩٠٩٩٣ | رۆژئاوا |
| ٢٤ | کەناری | تریفە قادر احمد | ٠٧٧٠١٨٣٥٧٩١ | ٠٧٧٠١٣٩٦٨٨٦ | رۆژهەڵات |
| ٢٥ | مەلیك | وەرزیر سلیمان احمد | ٠٧٤٨٠٦٥٠٤٤٩ | ٠٧٧٠٧٦٢١٣٥١ | رۆژهەڵات |
| ٢٦ | ئایندەی کوردستان | دێرین کریم عبدالرحمن | ٣٢٣١٧١٣ | ٠٧٧٠١٤٢٠٧٦٤ | رۆژهەڵات |
| ٢٧ | میوە | سەروەر احمد سعید | ٠٧٧٠١٩٢٥٧٦٧ | ٠٧٧٠١٤٨٦١٠٠ | رۆژهەڵات |
| ٢٨ | ڤالیا | مۆڵەتی کارکردنی هەڵپەسێردراوە بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠١٦-٢٠١٧) | | | رۆژهەڵات |
| ٢٩ | بیبی سەنتەر | شابان عبدالسلام | ٠٧٧٠٤٦٣٥٥٢٢ | ٠٧٥٠١٨٧٧٠٧٨ | رۆژهەڵات |
| ٣٠ | وایز | بشری نەوزاد محمد | ٠٧٧٠١٤٥٢٤٣٠ | ٠٧٧٠٢٢١٢٩٥٩ | رۆژهەڵات |
| ٣١ | پارسیان زاگرۆس | چنار نەوزاد حسین | ٠٧٥٠٢٢١٦٨٥٤ | ٠٧٧٠٢٤٩٦٧٦٦ | رۆژهەڵات |

## بەراوردکاری ژمارەو ڕێژەی قوتا بخانەی بنەڕەتی و ئامادەیی حکومی و ناحکومی لە پارێزگای سلێمانی

### ژمارەی قوتا بخانە

| ز | بابەت | ژمارە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|---|
| ١ | قوتابخانەی بنەڕەتی و ئامادەیی حکومی | 1.480 | 98.4% |
| ٢ | قوتابخانەی بنەڕەتی و ئامادەیی ناحکومی | 24 | 1.6% |
| | **کۆی گشتی** | 1.504 | 100% |

### ژمارەی خوێندکاران

| ز | بابەت | ژمارە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|---|
| ١ | قوتابخانەی بنەڕەتی و ئامادەیی حکومی | 419.367 | 98% |
| ٢ | قوتابخانەی بنەڕەتی و ئامادەیی نا حکومی | 8.667 | 2% |
| | **کۆی گشتی** | 428.034 | 100% |

### ژمارەی مامۆستایان

| ز | بابەت | ژمارە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|---|
| ١ | قوتابخانەی بنەڕەتی و ئامادەیی حکومی | 28.196 | 98.3% |
| ٢ | قوتابخانەی بنەڕەتی و ئامادەیی نا حکومی | 478 | 1.7% |
| | **کۆی گشتی** | 28.674 | 100% |

# زانیاری گشتی لەسەر قوتابخانە ناحکومیەکانی سنووری بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی سلیمانی

## بۆساڵی خوێندنی ( ٢٠١٦ / ٢٠١٧ )

| ز | ناو و قۆناغی خوێندنی قوتابخانەی ناحکومی | ناوی خاوەنی قوتابخانەی ناحکومی | ژمارەی نۆرماڵ/ ژمارەی مۆبایلی قوتابخانە | ناونیشانی جوگرافی قوتابخانە | سنووری پەروەردەی |
|---|---|---|---|---|---|
| .١ | کولێژی صلاح الدین (بنەڕەت (٧ بۆ ٩) | کومپانیای روناکی صلاح الدین | ٠٥٣٣٢٨٦٤١٣ | کارێزەووشک | ڕۆژئاوا |
| .٢ | کولێژی صلاح الدین (ئامادەیی (١٠ بۆ ١٢) | کومپانیای روناکی صلاح الدین | ٠٥٣٣٢٨٧٩٥٢ | کارێزەووشک | ڕۆژئاوا |
| .٣ | سلیمانی /١(بنەڕەت)(١ بۆ ٦) | کومپانیای روناکی صلاح الدین | ٠٧٧٠٢٤٢٩٢٧٤ | سەروەری | ڕۆژئاوا |
| .٤ | سلیمانی /٢(بنەڕەت)(١ بۆ ٦) | کۆمپانیای روناکی صلاح الدین | ٠٥٣٣١٨٥٩٥٢ | سەرچنار | ڕۆژئاوا |
| .٥ | حاجی محی الدین رشید (بنەڕەت) (١ بۆ ٦) | أمید حمەأمین حمە | ٠٥٣٣١٨٩٦٣٥ | بەختیاری | ڕۆژئاوا |
| .٦ | کۆمەڵگەی بەریتانی نێودەوڵەتی (باخچەی منداڵان،بنەڕەت، ئامادەیی) | کۆمپانیای مایا | ٠٧٧٠٤٧٨٦٠٠٠ | بەرزاییەکانی سلیمانی | ڕۆژئاوا |
| .٧ | کورد جینیەس (بنەڕەت) (١ بۆ ٦) | کۆمپانیای مایا | ٠٧٧٠٣٤٢٠٦٠٦ | ڕاپەڕین قەیوان سیتی | ڕۆژئاوا |
| .٨ | سمارت (بنەڕەت) (١ بۆ ٦) | کۆمپانیای مایا | ٠٧٧٠١٣٩٤١٤٠ | ڕاپەڕین قەیوان سیتی | ڕۆژئاوا |
| .٩ | جونیەر (بنەڕەت) (١ بۆ ٩) | کۆمپانیای تاڤینا | ٠٥٣٣١٩٣٢١٥ | گردی سەرچنار | ڕۆژئاوا |
| .١٠ | جونیەر (ئامادەیی) (١٠ بۆ ١٢) | کۆمپانیای تاڤینا | ٠٥٣٣١٩٣٢١٥ | گردی سەرچنار | ڕۆژئاوا |
| .١١ | پرستیژ (بنەڕەت) (١ بۆ ٦) | بەناز محمد صالح | ٠٧٧٠٧٧٠٥١٥٨ | چوار چرا | ڕۆژئاوا |
| .١٢ | ئاشتی (بنەڕەت) (١ بۆ ٦) | غریبە شابا سوریش | ٠٥٣٣١٨٨٣٣٤ | ڕزگاری | ڕۆژئاوا |
| .١٣ | کۆمەڵگەی شویفاتی نێودەوڵەتی (باخچەی منداڵان، بنەڕەت، ئامادەیی) | کۆمپانیای فرۆبڵ | ٠٥٣٣٢٨٥٤١٢ | زەرگەتە | ڕۆژئاوا |
| .١٤ | کۆمەڵگەی میدیای نێودەوڵەتی (باخچەی منداڵان، بنەڕەت،ئامادەیی) | کۆمپانیای الصافان | ٠٧٤٨٠١٤٠٥٤١ | زەرگەتە | ڕۆژئاوا |
| .١٥ | دانیال میترانی فەرەنسی نێودەوڵەتی (بنەڕەت) (١ بۆ ٩) | ڕزگارمصطفی عبدالرحمان | ٠٧٧٢٢١٤٠٨٣٣ | ڕزگاری | ڕۆژئاوا |
| .١٦ | کامبرج (بنەڕەت) (١ بۆ ٦) | چەپک نجیب عثمان | ٠٧٧٠٩٥٥٤٩٤١ | ڕاپەڕین پاشاسیتی | ڕۆژئاوا |
| .١٧ | مارگرێتی سلیمانی (بنەڕەت) (١ بۆ ٦) | کۆمپانیای مارگرێت | ٠٧٧٠٠٥٨٦٥٥٥ | گردی علی ناجی | ڕۆژئاوا |
| .١٨ | کولێژی سلیمانی کچان- بنەڕەت (٧ بۆ٩) | کۆمپانیای روناکی صلاح الدین | ٠٥٣٣٢٣٦٣٠٧ | هەوارەبەرزە | ڕۆژهەڵات |
| .١٩ | کولێژی سلیمانی کچان- ئامادەیی (١٠ بۆ ١٢) | کۆمپانیای روناکی صلاح الدین | ٠٥٣٣٢٣٥٤٨١ | هەوارەبەرزە | ڕۆژهەڵات |
| .٢٠ | لاوانی مرۆڤ دۆست (بنەڕەت) (١ بۆ ٦) | ئارام عبداللە سعید | ٠٥٣٣٢٣٩٣٣٥ | گوندی نەڵمانی | ڕۆژهەڵات |
| .٢١ | جیهان(بنەڕەت (١ بۆ ٦)) | نوزاد یحیی سعید | ٥٣٣٢٦٧٨٢٢ | ابراهیم احمد | ڕۆژهەڵات |
| .٢٢ | کۆمەڵگەی پارسیان زاگرۆس (باخچە، بنەڕەت) | هێمن صاڵح عباس | ٠٧٧٢١٥٢٧٧٧٣ | قرگە/سەرچیا | ڕۆژهەڵات |
| .٢٣ | برادۆست (بنەڕەت)(١ بۆ ٦) | کاروان أحمد فتاح | ٠٧٥٠١٩٢١٢٥٦<br>٠٧٥٠١٩٣٥٦١٤ | ڕانیە - ڕاپەڕین | ڕانیە |
| .٢٤ | ئامادەیی ڕانیە (١٠ بۆ ١٢) | عبداللە حمد عبداللە | ٠٧٥٠١٩١٧٠٠٣<br>٠٧٥٠١١٣٤٦٣٩ | ڕانیە- ئازادی | ڕانیە |

## زانیاری ساڵی دامەزراندن و خاوەندارێتی بینای قوتابخانە ناحکومیەکانی سنووری بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی سلێمانی بۆساڵی خوێندنی ( ٢٠١٦ / ٢٠١٧ )

| ز | ناو و قۆناغی خوێندنی قوتابخانەی ناحکومی | ژمارەی مۆبایلی خاوەن مۆڵەتی قوتابخانە | ناوی بەڕێوەبەری قوتابخانەی ناحکومی | خاوەندارێتی بینای قوتابخانە | ساڵی دامەزراندنی قوتابخانە |
|---|---|---|---|---|---|
| .١ | کولیژی صلاح الدین (بنەرەت (٧ بۆ ٩) | ٠٧٧٠١٥٨٥٧١٤ م .یاسین | شوکرو کاڵۆ | حکومی | ١٩٩٧ |
| .٢ | کولیژی صلاح الدین (ئامادەیی (١٠ بۆ ١٢) | ٠٧٧٠١٥٨٥٧١٤ م . یاسین | موراد چوبان | مولك (تخصیص) | ١٩٩٧ |
| .٣ | کۆمەڵگەی میدیای نیودەوڵەتی (باخچەی منداڵان، بنەرەت،ئامادەیی) | ٠٧٥٠٤٠١٦١٦٦ م . یوسف | شیکاڵ عادل حمەعزیز | مولك (تخصیص) | ٢٠٠١ |
| .٤ | جونیەر (بنەرەت)(١ بۆ ٩) | ٠٧٧٠١٥٦٢٤٢٥ | رەنج محمود عبدالرحمان | مولك (تخصیص) | ٢٠٠٧ |
| .٥ | جونیەر (ئامادەیی)(١٠ بۆ ١٢) | ٠٧٧٠١٥٦٢٤٢٥ | رەنج محمود عبدالرحمان | مولك (تخصیص) | ٢٠١٥ریگەپێدان |
| .٦ | ئاشتی (بنەرەت)(١ بۆ ٦) | ٠٧٧٠٢٣٩٦٦٨١ ٠٧٧٢٤٦٣٢٢٥٥ | نضال یاقو شاکر | مولك (تخصیص) | ٢٠١١ |
| .٧ | سلیمانی /١(بنەرەت)(١ بۆ ٦) | ٠٧٧٠١٥٨٥٧١٤ م. یاسین | محمد أمین تیموجین | مولك (تخصیص) | ٢٠٠٧ |
| .٨ | پرستیژ (بنەرەت) (١ بۆ ٦) | ٠٧٧٠١٥٤٥٦٢٩ | بەناز محمد صاڵح | کرێ | ٢٠١١ |
| .٩ | سلیمانی /٢(بنەرەت)(١ بۆ ٦) | ٠٧٧٠١٥٨٥٧١٤ م . یاسین | فخری یاکار یلماز | مولـــــــــــك (تخصیص) | ٢٠١١ |
| .١٠ | کۆمەڵگەی شویفاتی نێودەوڵەتی (باخچە،بنەرەت، ئامادەیی) | ٠٧٧٠٠٤٦٢٢٠٠ م .ئالان | تریڤەرمارسدن | کرێ | ٢٠٠٩ |
| .١١ | کۆمەڵگەی بەریتانی نێودەوڵەتی (باخچەی منداڵان،بنەرەت، ئامادەیی) | ٠٧٧٠١٤٤٧٣٣٣ م . هاوژین | ئالان عثمان عبدالله | مولك (تخصیص) | ٢٠١٢ |
| .١٢ | حاجی محی الدین رشید (بنەرەت) (١ بۆ ٦) | ٠٧٥٠١١٩٩٩٩٧ ٠٧٧١٢٣٧٩٩٩٩ | فتح الله خلیل نوری ئۆسکان | مولک (تخصیص) | ٢٠١٢ |
| .١٣ | دانیال میترانی فەرەنسی نێودەوڵەتی (بنەرەت) (١ بۆ ٩) | ٠٧٧٠٧٦١٥٣٩٥ ٠٧٧٢٢١٤٠٨٣٣ م . رزگار | مارك پرۆڤۆست | حکومی | ٢٠١٣ |
| .١٤ | کامبرج (بنەرەت)(١ بۆ ٦) | ٠٧٥٠٤٤٥٨٩٢٦ | ساهرەعزیز مصطفی | کرێ | ٢٠١٣ |
| .١٥ | مارگرێتی سلیمانی (بنەرەت) (١ بۆ ٦) | ٠٧٧٠١٥٣٢٠٦٧ ٠٧٥٠٣٢٠٤١٣٢ | دانا عباس هیدایەت | کرێ | ٢٠١٣ |
| .١٦ | کورد جینیەس (بنەرەت) (١ بۆ ٦) | ٠٧٧٠١٤٤٧٣٣٣ م . هاوژین | سوزان أبوبکر مولود | مولك (تخصیص) | ٢٠١٣ |
| .١٧ | سمارت (بنەرەت) (١ بۆ ٦) | ٠٧٧٠١٤٤٧٣٣٣ م.هاوژین | لیزان نەوزاد محمد | مولك (تخصیص) | ٢٠١٧ |
| .١٨ | کولیژی سلیمانی کچان(بنەرەت (٧ بۆ٩)) | ٠٧٧٠١٥٨٥٧١٤ م . یاسین | سینان سەلامی گۆڤەن | حکومی | ١٩٩٩ |
| .١٩ | کولیژی سلیمانی کچان ئامادەیی (١٠ بۆ ١٢) | ٠٧٧٠١٥٨٥٧١٤ م . یاسین | نجدت ئەرسلان | حکومی | ١٩٩٩ |
| .٢٠ | لاوانی مرۆڤ دۆست (بنەرەت) (١ بۆ ٦) | ٠٧٧٠٢٢١٢٩٥٩ | دارا محمد عبدالله | کرێ | ٢٠١٤ |
| .٢١ | جیهان (بنەرەت (١ بۆ ٩)) | | گۆران جمیل سمین | کرێ | ٢٠١٥ |
| .٢٢ | کۆمەڵگەی پارسیان زاگرۆس (باخچە، بنەرەت) | ٠٧٥٠٢٢١٦٨٥٤ | هێمن صاڵح عباس | مولك | ٢٠١٧رێگە پێدان |
| .٢٣ | برادۆست (بنەرەت) (١ بۆ ٩) | ٠٧٥٠١٢٣٩٣٠٠ | بروا حمد احمد | کرێ/حکومی | ٢٠١١ |
| .٢٤ | ئامادەیی رانیە (١٠ بۆ ١٢) | ٠٧٥٠١١١٢٣٥٠ | خالید وسو جرجیس | کرێ | ٢٠١٤ |

## سیستەم و پرۆگرام وزمانی خوێندن لەقوتابخانە ناحکومیەکانی سنووری بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی سلێمانی بۆ ساڵی خوێندنی( ٢٠١٦/٢٠١٧ )

| ژ | ناوی قوتابخانە / خوێندنگە | ئاست و قۆناغی خوێندن | | سیستم و پرۆگرامی خوێندنی بەکارهاتوو | زمانی خوێندن | سنووری پەروەردە |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | ئاشتی | بنەڕەت | (١ بۆ ٦) | وەزارەتی پەروەردە | ئینگلیزی | رۆژئاوا |
| ٢ | جونیەر | بنەڕەت، ئامادەیی | (١ بۆ ٩) (١٠بۆ ١٢) | وەزارەتی پەروەردە | ئینگلیزی | رۆژئاوا |
| ٣ | پرستیژ | بنەڕەت | (١ بۆ ٩) | وەزارەتی پەروەردە | ئینگلیزی | رۆژئاوا |
| ٤ | کۆلێژی صلاح الدین | دواناوەندی | (٧بۆ٩) | وەزارەتی پەروەردە | ئینگلیزی | رۆژئاوا |
| ٥ | کۆلێژی صلاح الدین | دواناوەندی | (١٠بۆ ١٢) | وەزارەتی پەروەردە | ئینگلیزی | رۆژئاوا |
| ٦ | سلیمانی / ١ | بنەڕەت | (١ بۆ ٦) | وەزارەتی پەروەردە | ئینگلیزی | رۆژئاوا |
| ٧ | سلیمانی / ٢ | بنەڕەت | (١ بۆ ٦) | وەزارەتی پەروەردە | ئینگلیزی | رۆژئاوا |
| ٨ | مارگرێتی سلێمانی | بنەڕەت | (١ بۆ ٦) | وەزارەتی پەروەردە | ئینگلیزی | رۆژئاوا |
| ٩ | کوردجنیەس | بنەڕەت | (١ بۆ ٦) | وەزارەتی پەروەردە | ئینگلیزی | رۆژئاوا |
| ١٠ | کۆمەڵگەی بەریتانی | بنەڕەت، ئامادەیی | (١ بۆ ٩) (١٠بۆ ١٢) | نێودەوڵەتی/ کامبریجی بەریتانی | ئینگلیزی | رۆژئاوا |
| ١٢ | کۆمەڵگەی شویفات | بنەڕەت، ئامادەیی | (١ بۆ ٩) (١٠بۆ ١٢) | نێودەوڵەتی / سابیس | ئینگلیزی | رۆژئاوا |
| ١٣ | دانیال میترانی فەرەنسی | بنەڕەت | (١ بۆ٩) | نێودەوڵەتی /فەرەنسی | فەرەنسی | رۆژئاوا |
| ١٤ | کۆمەڵگەی میدیا | بنەڕەت، ئامادەیی | (١ بۆ ٩) (١٠بۆ ١٢) | نێودەوڵەتی / أمریکی | ئینگلیزی | رۆژئاوا |
| ١٥ | حاجی محی الدین رشید | بنەڕەت | (١ بۆ ٦) | وەزارەتی پەروەردە | ئینگلیزی | رۆژئاوا |
| ١٦ | سمارت | بنەڕەت | (١ بۆ ٦) | وەزارەتی پەروەردە | ئینگلیزی/عەرەبی | رۆژئاوا |
| ١٧ | کامبرج | بنەڕەت | (١ بۆ ٦) | وەزارەتی پەروەردە | ئینگلیزی | رۆژئاوا |
| ١٨ | کولیژی سلیمانی کچان | دواناوەندی (بنەڕەت) | (٧ بۆ ٩) | وەزارەتی پەروەردە | ئینگلیزی | رۆژهەڵات |
| ١٩ | کولیژی سلیمانی کچان | دواناوەندی (ئامادەیی) | (١٠بۆ ١٢) | وەزارەتی پەروەردە | ئینگلیزی | رۆژهەڵات |
| ٢٠ | لاوانی مرۆڤ دۆستی جیهانی | بنەڕەت | (١ بۆ ٦) | وەزارەتی پەروەردە | ئینگلیزی | رۆژهەڵات |
| ٢١ | جیهان | بنەڕەت | (١ بۆ ٦) | وەزارەتی پەروەردە | ئینگلیزی | رۆژهەڵات |
| ٢٢ | کۆمەڵگەی پارسیان زاگرۆس | بنەڕەت | (١ بۆ ٦) | نێودەوڵەتی / TIS تاران | ئینگلیزی | رۆژهەڵات |
| ٢٣ | برادۆست | بنەڕەت | (١ بوَ ٦) | وەزارەتی پەروەردە | کوردی | رانیە |
| ٢٤ | رانیە | ئامادەیی | (١٠ بۆ ١٢) | وەزارەتی پەروەردە | کوردی | رانیە |

## فۆرمی زانیاری لەسەر قوتابخانە نێودەوڵەتیە ناحکومیەکانی سنووری بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی سلیمانی

## بۆساڵی خوێندنی (٢٠١٥ / ٢٠١٦)

| ز | ناو و قۆناغی خوێندنی قوتابخانەی ناحکومی | ناوی بەڕێوەبەری قوتابخانەی ناحکومی | ژمارەی مۆبایلی بەڕێوەبەری قوتابخانە | سنووری بەڕێوەبەرێتی پەروەردەی |
|---|---|---|---|---|
| .١ | کۆمەڵگەی میدیای نیودەوڵەتی (باخچەی منداڵان، بنەرەت،ئامادەیی) | شیکاڵ عادل حمەعزیز | ٠٧٧٠١٤٢٤١٢٥<br>٠٧٤٨٠١٤٠٥٤١ | رۆژئاوا |
| .٢ | کۆمەڵگەی بەریتانی نێودەوڵەتی(باخچەی منداڵان،بنەرەت، ئامادەیی) | ئالان عثمان عبدالله | ٠٧٧٠٩١٧٩٥١٩<br>٠٧٧٠٤٧٨٦٠٠٠ | رۆژئاوا |
| .٣ | دانیال میترانی فەرەنسی نێودەوڵەتی(بنەرەت) (١ بۆ ٦) | مارك پرۆڤۆست | ٠٧٤٨٠٦٤٩٧٦٧ | رۆژئاوا |
| .٤ | شویفاتی نێودەوڵەتی(بنەرەت) (١ بۆ ٩) | تریڤەرمارسدن | ٠٧٧١٩٩٩٠٩٩٣<br>٠٥٣٣٢٣٩٣٣٦ | رۆژهەڵات |
| -٥ | قوتابخانەی کامبریج ئەنالیندی نێودەوڵەتی (بنەرەت) (١ بۆ ٦) | ساهره عزيز مصطفى | ٠٧٧٠٩٥٥٤٩٤١ | رۆژئاوا |

**تێبینی: بە نوسراوی ژمارە (٤٥١٠)ی بەڕێوەبەرێتی گشتیی ئەزمونەکان کە لە (٢٠١٧/١٠/١٦) دەرچووە و ئیمزای بەڕێز (م.کەریم لەتیف ئیسماعیل) بەڕێوەبەری گشتیی ئەزمونەکانی بەسەرەوەیە، ئاراستەی بەڕێوەبەرێتی گشتیی پەروەردەی پارێزگاکان کراوە، ناوی قوتابخانە نێودەوڵەتیەکان دەستنیشانکراون کە لە کۆی (٦٦) قوتابخانەی سنوری بەڕێوەبەرێتی گشتی پەروەردەی سلێمانیدا تەنها (٥) قوتابخانە بە نێودەوڵەتی ناوزەد کراون و دانیان پێدا نراوە.**

## ژمارەی خوێندکاران و نرخ لە قوتابخانە ناحکومیەکانی سنووری بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی سلیمانی بۆساڵی خوێندنی ( ٢٠١٦ / ٢٠١٧ )

| ز | ناو و قۆناغی خوێندنی قوتابخانەی ناحکومی | ناونیشانی جوگرافی قوتابخانە | نرخی خوێندنی ساڵانە بەدیناری عێراقی یان دۆلار | ژمارەی قوتابیان |
|---|---|---|---|---|
| ١. | کولیژی صلاح الدین ی(بنەرەت (٧ بۆ ٩) | کارێزەووشك | قوتابی کۆن :پ٧ : ٣٦٥٠$، پ٨: ٣٤٠٠$<br>پ٩: ٣٦٠٠$، قوتابی تازە (بەرایی پ٧) : ٣٧٥٠$ | ٥٤٨ |
| ٢. | کولیژی صلاح الدین (ئامادەیی (١٠ بۆ ١٢) | کارێزەووشك | قوتابی کۆن :پ١٠: ٣٦٠٠$ پ١١: ٣٠٠٠$<br>پ١٢: ٣١٠٠$ قوتابی تازە (بەرایی) : ٣٧٥٠$ | ٣٦١ |
| ٣. | سلیمانی /١ (بنەرەت)(١ بۆ ٦) | سەروەری | قوتابی کۆن : پ٣: ٢٨٥٠$، پ٤: ٢٧٠٠$، پ٥: ٢٤٥٠$<br>پ٦ : ٢٤٠٠$<br>قوتابی تازە : (پ ١، ٢) : ٣٢٠٠$ | ٧١٦ |
| ٤. | سلیمانی /٢ (بنەرەت)(١ بۆ ٦) | سەرچنار | قوتابی کۆن : پ٣: ٢٨٥٠$، پ٤: ٢٧٠٠$ ،<br>پ٥: ٢٤٥٠$ پ٦ : ٢٤٠٠$<br>قوتابی تازە : (پ ١، ٢) : ٣٢٠٠$ | ٣٢٧ |
| ٥. | حاجی محی الدین رشید (بنەرەت)(١ بۆ ٦) | بەختیاری | قوتابی کۆن : ٣٦٠٠$<br>قوتابی تازە : ٣١٠٠$ | ٦٦٥ |
| ٦. | کۆمەڵگەی بەریتانی نێودەوڵەتی<br>(باخچەی منداڵان،بنەرەت، ئامادەیی) | بەرزاییەکانی سلیمانی | باخچەی منداڵان : ٣٦٠٠$ ,<br>قۆناغی بنەرەت : ٣٦٠٠$<br>قۆناغی ئامادەیی : ٣٦٠٠$ | ٦٥٨ |
| ٧. | کورد جینیەس (بنەرەت)(١ بۆ ٦) | ڕاپەڕین قەیوان سیتی | قوتابی کۆن : ٢،٠٠٠،٠٠٠ دینار<br>قوتابی تازە : ٢،٠٠٠،٠٠٠ دینار | ٦٣٣ |
| ٨. | جونیەر (بنەرەت) (١ بۆ ٩) | گردی سەرچنار | قوتابی کۆن : ١،٥٠٠،٠٠٠دینار،<br>قوتابی تازە : ١،٧٥٠،٠٠٠دینار | ٣٩٧ |
| ٩. | جونیەر(ئامادەیی) (١٠ بۆ ١٢) | گردی سەرچنار | قوتابی کۆن : ١،٥٠٠،٠٠٠دینار،<br>قوتابی تازە : ١،٧٥٠،٠٠٠دینار | ١٦٩ |
| ١٠. | پرستیژ(بنەرەت) (١ بۆ ٦) | چوار چرا | قوتابی کۆن : ١،٣٠٠،٠٠٠ دینار،<br>قوتابی تازە : ١،٥٥٠،٠٠٠ دینار | ١٠٠ |
| ١١. | ئاشتی (بنەرەت) (١ بۆ ٦) | رزگاری | قوتابی کۆن : ١،٧٠٠،٠٠٠ دینار<br>قوتابی تازە : ١،٧٠٠،٠٠٠ دینار | ٢٣١ |
| ١٢. | کۆمەڵگەی میدیای نیودەوڵەتی<br>(باخچەی منداڵان، بنەرەت،ئامادەیی) | زەرگەتە | قۆناغی باخچەی منداڵان : ٢،٢٥٠،٠٠٠دینار<br>قوتابی کۆن : ٢،٠٠٠،٠٠٠دینار<br>قوتابی تازە : ٢،٢٥٠،٠٠٠دینار | ٥٠٢ |
| ١٣. | دانیال میترانی فەرەنسی نێودەوڵەتی<br>(بنەرەت) (١ بۆ ٩) | رزگاری | قوتابی کۆن : ٢٩٠٠$<br>قوتابی تازە : ٢٩٠٠$ | ٩٧ |
| ١٤. | سمارت (بنەرەت)(١ بۆ ٦) | ڕاپەڕین قەیوان سیتی | قوتابی کۆن : ٢،٠٠٠،٠٠٠ دینار<br>قوتابی تازە : ٢،٠٠٠،٠٠٠ دینار | ٣٧ |
| ١٥. | کۆمەڵگەی شویفاتی نێودەوڵەتی<br>(باخچەی منداڵان، بنەرەت، ئامادەیی) | زەرگەتە | لە (٣٦٣٠) $ وە بۆ(٥٨٦٥) $ بەپێ ی پۆلەکان دەگۆڕێت | ٤٢٩ |
| ١٦. | کامبرج (بنەرەت) (١ بۆ ٦) | ڕاپەڕین پاشاسیتی | قوتابی کۆن : ١٧٣٠$,<br>قوتابی تازە : ١٧٥٠$ | ١٤٠ |
| ١٧. | مارگرێتی سلیمانی (بنەرەت) (١ بۆ ٦) | گردی علی ناجی | قوتابی کۆن : ١،٨٠٠،٠٠٠ دینار<br>قوتابی تازە : ٢،٣٠٠،٠٠٠ دینار | ١٧٩ |
| ١٨. | جیهان (بنەرەت (١ بۆ ٦)) | وڵوبە | قوتابی کۆن : ٢،٠٠٠ $/ قوتابی تازە : ٢،٠٠٠ $ | ١٨٠ |
| ١٩. | کولیژی سلیمانی کچان<br>(بنەرەت (٧ بۆ٩)) | هەوارەبەرزە | قوتابی کۆن :پ٧ : ٣٦٥٠$، پ٨: ٣٤٠٠$<br>پ٩: ٣٦٠٠$، قوتابی تازە (بەرایی) : ٣٧٥٠$ | ٤٦٨ |
| ٢٠. | کولیژی سلیمانی کچان<br>ئامادەیی (١٠ بۆ ١٢) | هەوارەبەرزە | قوتابی کۆن :پ١٠: ٣٦٠٠$ پ١١: ٣٠٠٠$<br>پ١٢: ٣١٠٠$ قوتابی تازە (بەرایی) : ٣٧٥٠$ | ٣٧٦ |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| .٢١ | لاوانی مرۆڤ دۆست (بنەرەت) (١ بۆ ٦) | گوندی ئەڵمانی | قوتابی کۆن : ٢،٠٠٠،٠٠٠ دینار<br>قوتابی تازە : ٢،٠٠٠،٠٠٠ دینار | ٢٧٩ |
| .٢٢ | کۆمەڵگەی پارسیان زاگرۆس (باخچە، بنەرەت) | قرگە/سەرچیا | قوتابی تازەو کۆن: ١٦٠٠$ | ٢٥ |
| .٢٣ | برادۆست (بنەرەت)(١ بۆ ٦) | رانیە - راپەرین | قوتابی کۆن : ١،٨٠٠،٠٠٠ دینار<br>قوتابی تازە : ١،٨٠٠،٠٠٠ دینار | ٦٢٨ |
| .٢٤ | ئامادەیی رانیە (١٠ بۆ ١٢) | رانیە- ئازادی | پۆلی (١٠) ئامادەیی: ١،٦٠٠،٠٠٠ دینار<br>پۆلی (١١) ئامادەیی :١،٧٠٠،٠٠٠دینار<br>پۆلی (١٢) ئامادەیی: ١،٨٠٠.٠٠٠ دینار | ٢٠٨ |

**تێبینی:**

١- ئەم نرخانە تەنها نرخی خوێندنە واتە پارەی (جل و بەرگ، خواردن، کتێب، هاتوچۆ) لەخۆ ناگرێت نرخی ئەوان بەجیا وەردەگیرێت .

٢- ئەم نرخانە دەبێت بەلایەنی کەمە وە بە دوو پشك وەربگیرێت بەپێ ی یاسای ژمارە (١٤) پەرلەمانی کوردستان بۆخوێندنی ناحکومی

٣- نرخی ئەو خوێندکارانەی پێشتر وەرگیراون، بۆ هەندێك لەو قوتابخانانە نووسراوە ئەوە ئەو نرخەیە کەلەکاتی مۆڵەت وەرگرتندا رەزامەندی لەسەر دراوە و دەبێت ئەو قوتابییە بەو نرخەوە بمێنێتەوە هەتاوەکو خوێندن تەواو دەکات لەو قوتابخانەیە و نرخی خوێندکارانی تازەش ئەوەیە کە سەرەتا خوێندکارەکەی پێ ناونوس دەکرێت و بەپێ ی فەرمانی وەزاری ژمارە (٥٤١٥) لە (٢٦ / ٣ / ٢٠١٤) قوتابخانەکانی پێ سەر پشك کراوە لە دانانی نرخ بۆ خوێندکاری تازە ناونووس کراو لەو قوتابخانانە .

٤- هەندێك قوتابخانە خۆیان نرخەکانیان نەگۆریوە بۆیە نرخی خوێندکارانی کۆن و تازەی وەك یەکە.

٥- بەپێ ی فەرمانێکی وەزارەتی پەروەردە بەهۆی قەیرانی داراییەوە، لەساڵی خوێندنی (٢٠١٥-٢٠١٦) دەبوایە قوتابخانە ناحکومیەکان (٢٠٪) و ساڵی خوێندنی (٢٠١٦-٢٠١٧)ش (١٠٪)ی نرخی خوێندن دابشکێنن، لە ساڵی یەکەمدا جگە لە دوو لە قوتابخانەکانی سنوری بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی سلێمانی پەیوەست نەبوون بەم بڕیارەوەو نرخی خوێندنیان دانەشکاند، قوتابخانەکانی تر پەیوەست بوون و جێبەجێیان کرد، بەلام لە ساڵی دووەمدا بەشێکی زۆر لە قوتابخانەکان پەیوەست نەبوون و جێبەجێیان نەکرد.

**بەراوردکاری ژمارەو ڕێژەی پە یمانگەی حکومی و ناحکومی لە پارێزگای سلێمانی**

**ژمارەی پە یمانگە**

| ز | بابەت | ژمارە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|---|
| ١ | پەیمانگەی حکومی | 13 | 65% |
| ٢ | پەیمانگەی نا حکومی | 7 | 35% |
| | **کۆی گشتی** | 20 | 100% |

**ژمارەی خوێندکاران لە پە یمانگە**

| ز | بابەت | ژمارە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|---|
| ١ | پەیمانگەی حکومی | 2774 | 64.3% |
| ٢ | پەیمانگەی نا حکومی | 1544 | 35.7% |
| | **کۆی گشتی** | 4318 | 100% |

**ژمارەی مامۆستایان لە پە یمانگە**

| ز | بابەت | ژمارە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|---|
| ١ | پەیمانگەی حکومی | 354 | 66.2% |
| ٢ | پەیمانگەی نا حکومی | 181 | 33.8% |
| | **کۆی گشتی** | 535 | 100% |

تێبینی: ئاماری پەیمانگە حکومی و ناحکومیەکان بەپێی ئاماری ساڵی (٢٠١٥-٢٠١٦)ی وەزارەتی پەروەردەیە، چونکە ئاماری ساڵی خوێندنی (٢٠١٦-٢٠١٧)ی پەیمانگەکانمان بە پەختی دەست نەکەوت و بەمەش بەراوردکارییەکە وەک پێویست دەرنەدەچوو، هەر بۆیە ئاماری ساڵی پێشووترمان دانا.

## فۆرمی زانیاری گشتی پەیمانگە ناحکومی

### لە سنوری بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی سلێمانی ( ٢٠١٧-٢٠١٨ )

| ژ | پەیمانگە | بەڕێوەبەر | ژمارەی موبایل | بینا | بەش | ژمارەی ژوری خوێندن | ژمارەی خوێندکار |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | پ.سلێمانی ناحکومی بۆ زانستەکانی کۆمپیوتەر | هاوژین حسن محمد | ٠٧٧٠١٤٤٧٣٣٣ | موڵك | کۆمپیوتەر | ٤٤ | ٧٣٣ |
| ٢ | پ.سلێمانی ناحکومی بۆ زانستەکانی گاز و پترۆڵ | میران محمد جمال | ٠٧٧٠١٥٠٠٥٥٩ | موڵك | گازوپترۆل | ١٨ | ٢٠١ |
| ٣ | پ.کۆمپیوتەری سەردەمی ناحکومی | أسماعیل اسعد حمد | ٠٧٧٠١٥٣٧٤١٨ | هاوبەش | کۆمپیوتەر | ١٢ | ١٧٨ |
| ٤ | پ.زانستی ناحکومی بۆ زانستەکانی کۆمپیوتەر، گاز و پترۆڵ، کارگێری و ژمێریاری | کاروان فتاح رشید | ٠٧٧٠١٥٢٠١٥٠ | موڵك | کۆمپیوتەر و<br>گازوپترۆل و<br>کارگێری | ٤٨ | ٤٠٥<br>٧٧<br>٤٢ |
| ٥ | پ. کۆمپیوتەری بابان ناحکومی بۆ زانستەکانی کۆمپیوتەر | ریبوار خالید محمد | ٠٧٧٠٢٤٣٧٨٩١ | هاوبەش | کۆمپیوتەر | ٨ | ٣٠٩ |
| ٦ | پ.پەروەردەی وەرزشی سلێمانی ناحکومی | ئاریان نوری فقی | ٠٧٧٠١٠٠١٢٣٨ | کرێ | وەرزش | ١٨ | ٣٠٤ |
| ٧ | پ.هونەرە جوانەکانی سلێمانی ناحکومی | حسین علی رشید | ٠٧٧٠١٤١٦٨٩٧ | کرێ | شێوەکار<br>شانۆ<br>میوزیك | | ٢٦<br>١٣<br>٤٦ |
| ٨ | پ.هەڵەبجەی شەهیدی ناحکومی کومپیوتەر | سامان حەمە صالح | ٠٧٥٠١٥٠٤٣٧٦ | کرێ | کۆمپیوتەر | ١٢ | ٧٨ |
| ٩ | پ.رانیەی ناحکومی بۆ زانستەکانی کۆمپیوتەر | ئاسۆ ابراهیم احمد | ٠٤٥٠٣٤٣٠٠٤٤ | هاوبەش | کۆمپیوتەر | ١٤ | ٢١٠ |
| ١٠ | پ.کۆمپیوتەری راپەرینی ناحکومی | عبدالله حمد عبدالله | ٠٧٥٠١١٢٢٣٥٠ | هاوبەش | کۆمپیوتەر | ٣٢ | ٣٨٥ |
| ١١ | پ.قەڵادزی ناحکومی بۆ زانستەکانی کۆمپوتەر | امین خدر احمد | ٠٧٥٠١١٧٧٣٩٧ | کرێ | کۆمپیوتەر | ١٠ | ٩٨ |

تێبینی: ئەم خشتەیە ئاماری ساڵی خوێندنی (٢٠١٧–٢٠١٨)ی پەیمانگە ناحکومییەکانە، هەر بۆ بەرچاوروونی دامانناوە.

## بەراوردکاری ژمارەو ڕێژەی قوتابخانەی پیشەیی حکومی و ناحکومی لە پارێزگای سلێمانی

### ژمارەی قوتابخانەی پیشەیی

| ز | بابەت | ژمارە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|---|
| ١ | قوتابخانەی پیشەیی حکومی | 16 | 100% |
| ٢ | قوتابخانەی پیشەیی نا حکومی | 0 | 0% |
| | کۆی گشتی | 16 | 100% |

### ژمارەی خوێندکاران لە قوتابخانەی پیشەیی

| ز | بابەت | ژمارە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|---|
| ١ | قوتابخانەی پیشەیی حکومی | 3.140 | 100% |
| ٢ | قوتابخانەی پیشەیی نا حکومی | 0 | 0% |
| | کۆی گشتی | 3.140 | 100% |

### ژمارەی مامۆستایان لە قوتابخانەی پیشەیی

| ز | بابەت | ژمارە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|---|
| ١ | قوتابخانەی پیشەیی حکومی | 723 | 100% |
| ٢ | قوتابخانەی پیشەیی نا حکومی | 0 | 0% |
| | کۆی گشتی | 723 | 100% |

**بەراوردکاری ژمارەو ڕێژەی قوتابخانەی خوێندنی خێرای حکومی و ناحکومی لە پارێزگای سلێمانی**

**ژمارەی قوتابخانەی خوێندنی خێرا**

| ز | بابەت | ژمارە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|---|
| ١ | قوتابخانەی خوێندنی خێرای حکومی | 18 | 100% |
| ٢ | قوتابخانەی خوێندنی خێرای نا حکومی | 0 | 0% |
| | **کۆی گشتی** | 18 | 100% |

**ژمارەی خوێندکاران لە قوتابخانەی خوێندنی خێرا**

| ز | بابەت | ژمارە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|---|
| ١ | قوتابخانەی خوێندنی خێرای حکومی | 1.683 | 100% |
| ٢ | قوتابخانەی خوێندنی خێرای نا حکومی | 0 | 0% |
| | **کۆی گشتی** | 1.683 | 100% |

**ژمارەی مامۆستایان لە قوتابخانەی خوێندنی خێرا**

| ز | بابەت | ژمارە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|---|
| ١ | قوتابخانەی خوێندنی خێرای حکومی | 179 | 100% |
| ٢ | قوتابخانەی خوێندنی خێرای نا حکومی | 0 | 0% |
| | **کۆی گشتی** | 179 | 100% |

# ئەنجام

١–بوونی قوتابخانەی ناحكومی دیاردەیەكی شارستانیەو دەبێتە هۆی تێكەڵ بوونی كولتورەكان و هێنانی كولتور و سیستەمی خوێندنی پێشكەوتووی وڵاتان بۆ هەرێمی كوردستان، بەو مەرجەی ئەو قوتابخانانە لەچوارچێوەی یاسادا هەڵسوكەوت بكەن.

٢–لە بەشێكی زۆری قوتابخانە و پەیمانگە ناحكومیەكاندا یاسای ژمارە (٤) پێشێل كراوەو وەك پێویست ڕێنمایی جێبەجێ ناكرێت.

٣–بەشێك لە قوتابخانەكان پابەند نین بە خوێندنی وانەكانی كۆمەلایەتی و زمانی كوردی و عەرەبی هەرێمی كوردستان كە بەپێی یاسا دەبێت بخوێنرێن.

٤–بەشێك لە قوتابخانەكان سالانە بە ئارەزوی خۆیان و بەبێ پلان نرخی خوێندن زیاد دەكەن و پابەندی گرێبەستەكانیان نین.

٥–هەندێك لە قوتابخانەكان كێشەی مۆڵەتیان هەیەو تا ئێستاش ئەوراقیان تەواو نیە.

٦–بەشێك لە قوتابخانەكان تا ئێستاش بینای خۆیان نیەو لە بینای حكومیدان، هەندێكیشیان باڵەخانەكانیان گونجاو نین و هۆیەكانی فێركردنیان وەك پێویست تێدا نیە، وەك: (گۆرەپانی وەرزشی، تاقیگە و كتێبخانە و هتد).

٨–بەشێك لەقوتابخانەكان كتێبی خوێندنیان بۆ خوێندكارەكان دابین نەكردووە.

٩– هەندێك لەم قوتابخانانە پرۆگرامی جۆراوجۆر بەكار دەهێنن كە سەرچاوەكانیان دیار نییە یا باوەرپێكراو نییە، ئەمەش كار دەكاتە سەر پرۆسەی پەروەردە و فێركردن.

١٠–وەزارەتی پەروەردە وەك پێویست چاودێری ئەم قوتابخانەو پەیمانگە ناحكومییەكانی نەكردووە و لەبەرامبەر ئەو سەرپێچی و پێشێلكارییە یاساییانەی كردوویانە لێپێچینەوەی پێویستی لەگەلدا نەكردوون.

١١–سیستەمی سەرپەرشتیاری بۆ قوتابخانەو پەیمانگە ناحكومییەكان لاوازەو تا ئێستا سەرپەرشتیاران وەك پێویست سەردانی زۆرینەیان نەكردووە، ئەگەر سەردانیش كرابن بەپێی پێویست نەبووەو بەدواداچوون بۆ چۆنیەتی جێبەجێكردنی ڕێنماییەكانی وەزارەت نەكراوە.

١٢–ڕۆتینیاتێكی زۆر هەیە لە نوێكردنەوە یا وەرگرتنی مۆڵەتی قوتابخانەو پەیمانگە ناحكومییەكاندا لەلایەن وەزارەتی پەروەردەوە.

١٣–زۆرێك لە قوتابخانەو پەیمانگە ناحكومییەكان ئەنجومەنی دایك و باوكانیان پێكنەهێناوە.

١٤–ناوی هەندێك لە قوتابخانەكان لەگەڵ یاساو ڕێنماییەكانی وەزارەت ناگونجێن، یاخود ناوی نێودەوڵەتیان لە خۆیان ناوە، ئەمەش لەگەڵ یاسای قوتابخانە ناحكومیەكاندا ناگونجێت.

١٥–وەرگرتنی خوێندكاران بەپێی سیستەمێكی روون و ڕێنماییەكانی وەزارەت نیە.

١٦–زۆربەی قوتابخانەكان دید و ئامانجی روونیان نیە بۆ وەرگرتنی خوێندكاران.

١٧–هەندێك لەم قوتابخانانە لە لایەن كەسانی كەمئەزموونەوە بەڕێوە دەبرێن، هەروەها مامۆستاكانیشیان بەشداری خولی ڕاهێنانیان نەكردووە و ئەزمونیان كەمە.

١٨–هەتا ئێستا قوتابخانە ناحكومییە خۆماڵییەكان بەشداری ئەزمونێكی نیشتمانییان نەكردووە بۆ ئەوەی ئاستی فێركردنیان بزانرێت.

# راسپاردەکان

**یەکەم: راسپاردەکان بۆ پەرلەمان:**

١–یاسای ژمارە (١٤)ی ساڵی ٢٠١٢ ی قوتابخانەو پەیمانگە ناحکومیەکان هەموار بکرێتەوە.

٢– یاسای ژمارە (٤)ی ساڵی ٢٠٠٦ ی وەبەرهێنان لە هەرێمی کوردستاندا هەموار بکرێتەوە.

**یەکەم: راسپاردەکان بۆ وەزارەتی پەروەردە:**

١–جەخت بکرێتەوە یاسای ژمارە (٤) ی ساڵی ٢٠١٢ و رێنمایی ژمارە (١) ی ساڵی ٢٠١٦ ی وەزارەتی پەروەردە جێبەجێ بکرێ.

٢–پێداچوونەوەیەکی گشتی بە هەموو رێنماییەکانی قوتابخانەو پەیمانگە ناحکومیەکان بکرێت کە لە وەزارەتەوە نێردراون.

٣–وەزارەتی پەروەردە چاودێری زیاتری قوتابخانەو پەیمانگە ناحکومیەکان بکات.

٤–لێکۆلینەوەیەکی ورد لەو قوتابخانە ناحکومییانە بکرێت کە لە یاساو رێنماییەکان لایانداوە و رێکاری یاساییان لەبەرامبەردا بگیرێتە بەر تا دەگاتە سزای داخستن.

٥–سەرپەرشتیارانی پسپۆری و پەروەردەیی وەك قوتابخانە حکومییەکان، سەرپەرشتیان بکەن و رێنماییەکانیان جێبەجێ بکەن.

٦–مامۆستایانی وانەبێژ سەرپەرشتی بکرێن و بەدواداچوون و هەلسەنگاندنیان بۆ بکرێت.

٧–بەپێی کوالیتی خوێندن چاو بە نرخی خوێندن لە هەموو قوتابخانەو پەیمانگە ناحکومییەکاندا بخشێندرێتەوەو نرخ دیاری بکرێت و رێگە بە زیادکردن نەدرێت.

٨–دەزگایەکی بالا لە دیوانی وەزارەت دابمەزرێت تا سالانە بەدواداچوون و هەلسەنگاندن بۆ ئەم قوتابخانە ناحکومیانە بکات.

٩–لە وەزارەت پلانێکی سالانەی گونجاو دابنرێت بۆ مۆڵەتدان بە کردنەوەی قوتابخانەو پەیمانگەی ناحکومی.

١٠–دەبێ مۆڵەتی کردنەوەی قوتابخانەو پەیمانگەی ناحکومی بەپێی پێویستی بازاڕ و جۆری پسپۆری بێت و دایك و باوکان دلنیا بکرێنەوە کە قوتابخانەکە مۆلەتی هەیە.

١١–دەبێت مامۆستا وانەبێژەکانیان، خولی ساڵانەی راهێنان و مەشقکردنیان بۆ بکرێتەوە.

١٢–لیژنەیەکی تایبەت لە وەزارەت بە مۆڵەتی قوتابخانەکاندا بچێتەوە.

١٣–دەبێت لەهەر پارێزگایەك لیژنەیەکی پسپۆر لە سەرپەرشتیاران پێکبهێنرێت، بۆ سەرپەرشتیکردن و بەدواداچوونی کاری قوتابخانە و پەیمانگە ناحکومییەکان، کە ئاگادارییەکی تەواویان هەبێ لەسەر گرێبەستەکان و ئامانجەکان و ئەرکەکانی ئەم جۆرە دەزگە تایبەتیانە، ئەمەش دەبێت بە رێگەی بەڕێوەبەرایەتی گشتی سەرپەرشتیاری و دڵنیایی جۆری جێبەجێ بکرێت.

١٤-بەپێی گرێبەستەکان هەر قوتابخانەو پەیمانگەیەکی ناحکومی کە پرۆگرامی خوێندنی وەزارەتی پەروەردە پەیرەو دەکات، پێویستە سالأنە بەپێی ژمارەی خوێندکارەکانی، کتێبی خوێندن لە وەزارەتی پەروەردە بکڕێت و بەهەمان نرخ بیداتەوە بە خوێندکاران.

١٥-دەبێت وەزارەت یاسای ژمارە (١٤)ی ساڵی ٢٠١٢ ی پەرلەمانی کوردستان، کە تایبەتە بە قوتابخانەو پەیمانگە ناحکومیەکان، بە ڕێژەیەکی گونجاو چاپ بکات و بەسەر یەکەکانی سەرپەرشتیاری قەزاکاندا دابەشی بکات.

١٦-نابێت بەڕێوەبەرایەتی گشتی ئەزموونەکان و پرۆگرامەکان مۆڵەت بە هیچ قوتابخانەو پەیمانگەیەکی ناحکومی بدەن، تا گشت بەڵگەنامەو پێداویستیەکانی بەپێی ڕێنماییەکان تەواو نەبێت.

١٧-نابێت هیچ قوتابخانە و پەیمانگەیەکی ناحکومی ریکلام لەدەزگەکانی راگەیاندندا یکات، تا بەفەرمی وەزارەت مۆڵەتی پێنەدات. بۆ ئەم مەبەستەش دەبێت دەزگەکانی راگەیاندن ئاگادار بکرێنەوە.

١٨-پێویستە مامۆستا بێ بڕوانامەی بەشداریکردنی خولی شیاندنی، دەست بەکار نەبێت، ئەم خولانە دەرچوانی (کۆلیژی پەروەردەی بنیات، پەیمانگەکانی سەر بە وەزارەت) ناگرێتەوە.

١٩-دەبێت بەڕێوەبەری قوتابخانە، ئەزموونی لە بواری پەروەردەدا هەبێ و بڕوانامەکەی لە بەکالۆریۆس کەمتر نەبێت.

٢٠-دەبێ بەپێی جۆری سەرپێچییەکان، بڕی سزا مادییەکان دیاری بکرێت.

٢١-پرۆگرامی هەریەك لە قوتابخانەکان بەپێی تایبەتمەندییان بگونجێنرێن.

٢٢-رۆتینیاتی نوێکردنەوەی مۆڵەت و پێدانی زانیاری سالأنە زۆرەو شێوازی تر پەیرەو بکرێت.

٢٣-ئەنجومەنی دایك و باوکان لەسەرجەم قوتابخانەکاندا پێك بهێنرێت.

# پاشکۆکان

١-یاسای ژماره (١٤)ی سالی ٢٠١٢ ی قوتابخانەو پەیمانگە ناحکومیەکان
٢-رێنمایی ژماره (١)ی ساڵی ٢٠١٦ی وەزارەتی پەروەردە سەبارەت بە قوتابخانەو پەیمانگە ناحکومیەکان
٣-وێنەی وۆرکشۆپەکان

**بەناوی خودای بەخشندەو میهرەبان**

**بەناوی گەلەوە**

**پەرلەمانی کوردستان ـ عێراق**

پالپشت بە حوکمەکانی برگەی (١) لە ماددەی (٥٦)ی یاسای ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٩٢ی هەموار کراو و، لەسەر داوای ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمان، پەرلەمانی کوردستان ـ عێراق لە دانیشتنی ئاسایی خۆی ژمارە (١٩)دا کە رۆژی ٢٠١٢/١١/١٣ گرێ درا، بڕیاری دەرکردنی ئەم یاسایەی دا:

## یاسای ژمارە (١٤)ی ساڵی٢٠١٢

## یاسای قوتابخانە و پەیمانگە ناحکومیەکانی هەرێمی کوردستان ـ عێراق

## بەشی یەکەم

## پێناسەکان

**ماددەی یەکەم:**

مەبەستی ئەم یاسایە لەم زاراوەو دەستەواژانەی خوارەوە، ماناکانی بەرامبەریانە:

**یەکەم:** هەرێم: هەرێمی کوردستان ـ عێراق.

**دووەم:** وەزارەت: وەزارەتی پەروەردەی هەرێم.

**سێیەم:** وەزیر: وەزیری پەروەردە.

**چوارەم**: قوتابخانەو پەیمانگەی ناحکومی: بریتیە لە باخچەی ساوایان و قوتابخانەو پەیمانگەی ناحکومی کارگوزار لە پەروەردەو فێرکردن و ڕاهێنانی پیشەیی بەر لە قۆناغی خوێندنی بالا کە وەزارەتی پەروەردە مۆڵەتیان دەدات و سەرپەرشتیان دەکات.

## بەشی دووەم

## بنەما گشتییەکانی دامەزراندنی قوتابخانەو پەیمانگە ناحکومیەکان

## یەکەم: ئامانجەکان

**ماددەی دووەم:**

قوتابخانەو پەیمانگەی ناحکومی بۆ دەستەبەرکردنی ئەم ئامانجانەی خوارەوە دادەمەزرێن:

**یەکەم:** ڕەخساندنی بواری نوێی زیاتر بۆ پەروەردەو فێرکردن، وێڕای تواناکانی حکومەت، بەمەبەستی پەرەپێدان و یارمەتیدان و گەیشتن بە ئامانجەکانی پرۆسەی پەروەردەو فێرکردنی نیشتیمانیی.

**دووەم:** دابین و ئامادەکردنی پێداویستیە جۆراوجۆرەکانی مۆدێرنکردنی پرۆسەی پەروەردەو فێرکردن لە ڕێگەی پرۆگرام و ڕێکاری مۆدێرن بەپێی بنەماو پرنسیپەکانی ئەم یاسایە.

**سێیەم**: گرنگیدان بە فێرکردنی زمانە بیانییە زیندووەکان لە پاڵ پرۆگرامە فێرکارییە بڕیاردراوەکان.

**چوارەم**: ڕەخساندنی زەمینەی گونجاو بۆ کێبرکێ لە بواری پەروەردەو فێرکردن بەمەبەستی پەرەپێدانی ئاراستەی گەشەپێدانی مرۆیی و داهێنانی زیاتر لە پەروەردەو فێرکردن بە بەرجەستەکردنی نموونەی مۆدێرن و سەردەمییانە لە سیستەم و پرۆگرامە پەروەردەییەکاندا.

**پێنجەم**: هاندانی پرۆسەی وەبەرهێنانی نیشتیمانیی و بیانی لە هەرێمدا لە بوارەکانی پەروەردەو فێرکردن لە چوارچێوەی بەرنامەو سیستەمێکی نوێدا (مۆدێرن).

**شەشەم**: ڕەخساندنی دەرفەت لە بەردەم ڕەوەندو بیانی و گەڕاوەکانی هەرێمی کوردستان لە دەرەوەی هەرێم، تاوەکو دانەبڕێن و بەمەبەستی بەردەوام بوونیان لە پەروەردەو فێرکردنی نیشتیمانیی و دابینکردنی پێداویستی و خزمەتگوزارییەکانی پەروەردەو فێرکردن بە جۆرێك کە لەگەڵ پرۆگرامەکانی فێرکردنی هەرێم ئەو وڵاتانەی لێیەوە هاتوون بگونجێت.

## دووەم: مۆڵەتدان

**ماددەی سێیەم:**

**یەکەم**: هەر کەسێکی سروشتی یان مەعنەوی، بە تەنیا یان بە کۆمەڵ مافی دامەزراندنی قوتابخانەو پەیمانگەی ناحکومی هەیە بەگوێرەی حوکمەکانی ئەم یاسایە.

**دووەم**: پێویستە بۆ دامەزراندنی قوتابخانە یان پەیمانگەی ناحکومی و دەستکردن بە پرۆسەی فێرکردن و ئەنجامدانی گۆڕانکاری ریشەیی تیایدا، داواکارییێکی نووسراو بۆ وەرگرتنی ڕەزامەندی وەزارەت، پێشکەش بکرێت.

**سێیەم**: لە سەر وەزارەت پێویستە سەیری داواکارییەکە بکات لە ماوەیەك کە لە سی ڕۆژ لە ڕێکەوتی پێشکەشکردنی تێپەڕنەکات، وە پێویستە ڕەتکردنەوەی داواکارییەکە پاڵپشت بێت بە پاساوێکی یاسایی.

**چوارەم**: ئەگەر وەزارەت لە ماوەی یاسایی دیاریکراودا وەڵامی داواکارییەکەی نەدایەوە، ئەوا داواکارییەکە بە پەسەندکراو هەژمار دەکرێت.

**پێنجەم**: پێویستە هەر قوتابخانە یان پەیمانگەیەکی ناحکومی ناوێکی تایبەت و جیاکەرەوەی هەبێت کە لەگەڵ تایبەتمەندییە کولتوری و پەروەردەیی و نیشتیمانییەکانی هەرێمدا بگونجێت.

**شەشەم**: پێویستە هەر قوتابخانەیەك یان پەیمانگەیەکی ناحکومی پێڕەوێکی ناوخۆیی هەبێت کە بنەما گشتییەکانی کارکردن و چۆنیەتی بەڕێوەبردنی کاروبارەکانیان لەخۆ بگرێت و لەگەڵ داواکاری مۆڵەتدان پێشکەشی وەزارەت بکرێت.

**ماددەی چوارەم:**

**یەکەم:** پێویستە داواکاری پێشکەشکراو ئەم بابەتانەی خوارەوە لەخۆ بگرێت:

١- دیاریکردنی ئامانجە گشتی و تایبەتیەکان.

٢- دیاریکردنی سوودی ئابوری و کۆمەڵایەتی و پەروەردەیی پرۆژەکە.

٣- دیاریکردنی سەرچاوە داراییەکان و لایەنی پاڵپشتکار.

٤- بڕی ئەو ڕسوماتەی خوێندن کە لە خودی قوتابی یان بەخێوکارانی بەرامبەر خزمەتگوزارییە پێشکەشکراوەکان وەردەگیرێت.

٥- مەرجەکان و ڕێژەو ئەوپەڕی ژمارەی وەرگرتن.

٦- بنەماکانی دەرچوون و کەوتن و سیستەمی گشتی تاقیکردنەوەو هەڵسەنگاندن.

٧- زمانی خوێندن.

٨- پلانی خوێندن و ماوەی پێشنیارکراو بۆ بەدەستهێنانی بڕوانامەی دەرچوون.

٩- پرۆگرام وپەرتووکەکانی خوێندن و سەرچاوەکانیان لەگەڵ ڕەچاوکردنی مافی خاوندارییەتی هزری.

١٠- کەرەستەو پێداویستی ئامادەکراو بەگوێرەی قۆناغ و جۆرو بەشەکانی پسپۆڕی.

١١- ڕێگەو شێوازەکانی وانەگوتنەوەو لێهاتوویی مامۆستایان و توێژەرانی کۆمەڵایەتی و دەروونی و بەڕێوەبەرەکان و ڕەگەزنامەکانیان.

١٢- تاقیگەو کتێبخانەو بەش و هۆڵەکانی خوێندن و دابینکردنی چاودێری و سەلامەتی تەندروستی و چالاکیە جۆراوجۆرەکانی قوتابخانەکە.

١٣- سیستەمی پێشنیارکراو بۆ بەڕێوەبردنی قوتابخانەکە.

**دووەم:** پێویستە پرۆژەکە لەگەڵ بەها نیشتیمانی وپرنسیپە گشتی و تایبەتیەکانی پەیڕەوکراو لە سیاسەتی فێرکاریی ناکۆك نەبێت.

**سێیەم:** پێویستە پرۆژەکە خزمەتێك پێشکەش بە ئامانجە پەروەردەییەکان بکات بە جۆرێك توانای یارمەتیدانی هەبێت لە باشترکردنی ڕۆڵی پەروەردەو فێرکردن یان نوێکردنەوە لە بواری بەڕێوەبردنی قوتابخانەکان و بەهێزکردن و گەشەپێکردنی کەسایەتی و کەناڵە پەروەردەییەکان.

**ماددەی پێنجەم:**

نابێت قوتابخانە لەو شوێنەی ڕەزامەندی لەسەر وەرگیراوە بگوازرێتەوە، تەنها پاش وەرگرتنی ڕەزامەندی وەزارەت نەبێت، و پێویستە قوتابخانەکە داواکارییەك بەم مەبەستە پێشکەش بە وەزارەت بکات، ئەویش، بەلای کەم، بەر لە دوو مانگ، تیایدا هۆیە پۆزەتیڤەکانی گواستنەوە بخاتە ڕوو.

**ماددەی شەشەم:**

هەر ڕێککەوتنێکی نێوان وەزارەت و هەر لایەنێکی نێودەوڵەتی یان نیشتیمانیی، بۆ کردنەوەی قوتابخانە یان پەیمانگەی ناحکومی، هەمان ئەو مەرج و ڕێکارو ڕێنماییانەی کە لەم یاسایەدا دەقیان لەسەر کراوە، بەسەریدا پیادە دەکرێن.

**ماددەی حەوتەم:**

**یەکەم:** ڕێگە بە هیچ حزب یان ڕێکخستنێکی سیاسی یان ئایینی نادرێت کە قوتابخانە یان پەیمانگەیەکی ناحکومی دابمەزرێنێت.

**دووەم:** نابێت لە هیچ قوتابخانەیەك یان پەیمانگەیەکی ناحکومی رەمزو دروشمی ناکۆك لەگەڵ پرنسیپەکانی پێکەوەژیانی ئاشتەوایی یان ئایینی یان نەتەوەیی گەلی کوردستان بەکاربهێنرێت.

**ماددەی هەشتەم:**

رەتکردنەوەو لێسەندنەوەی مۆڵەت بە بڕیاری وەزارەت دەبێت پاڵپشت بە بەڵگەو پاساوی یاسایی.

**ماددەی نۆیەم:**

پێویستە گشت چالاکیەکانی فێرکردنی نێو پرۆگرامەکانی خوێندنی قوتابخانەو پەیمانگە ناحکومیەکان ڕێکبخرێن.

## بەشی سێیەم
## سەرپەرشتیکردن

**ماددەی دەیەم:**

پێویستە لەسەر کەسی داواکاری دامەزراندنی قوتابخانەو پەیمانگەی ناحکومی پابەند بێت بە پێڕەوو ڕێنماییەکانی وەزارەت و مافی سەرپەرشتی کردنیان لەلایەن وەزارەتەوە.

**ماددەی یازدەم:**

**یەکەم**: پێویستە قوتابخانەو پەیمانگە ناحکومیەکان بەتەواوی پابەند بن بەو پرۆگرام و پەرتووکانەی فێرکردن و پێڕەوی ناوخۆو سیستەمەی هەڵسەنگاندن کە پێشتر پێشکەشی وەزارەتیان کردووەو لەسەر بنەمای ئەوانیش مۆڵەتیان وەرگرتووە.

**دووەم**: وەزارەت بۆی هەیە دووبارە چاوبخشێنێتەوە بە پرۆگرامی قوتابخانەو پەیمانگە ناحکومیەکان بەجۆرێك کە لەگەڵ پێشکەوتنی زانستی بگونجێت.

**ماددەی دوازدەم:**

وەزارەت هیچ بەرپرسایەتیەکی پەیوەست بە مافی کارمەندانی گرێبەستکار لەگەڵ قوتابخانەو پەیمانگە ناحکومیەکان لەئەستۆ ناگرێت، و بەرپرسایەتیەکەی کورتدەبێتەوە سەر لایەنی فێرکاریی و پەروەردەیی بەپێی حوکمەکانی ئەم یاسایە.

**ماددەی سێزدەم:**

لەگەڵ لانەدان لە بەرپرسێتی کەسایەتیی یاسایی بەرامبەر گشت کارمەندانی دامەزراوەکانی فێرکردنی ئەهلی و تایبەتدا، ئەوا ئەو لایەن و کەسانەی مۆڵەتی کارکردنی ئەم دامەزراوانەیان بەناوی خۆیان وەرگرتووە، راستەوخۆو بەتەواوی لەبەردەم وەزارەت و لەبەردەم لایەنە یاساییەکانی تردا لەم دامەزراوانە بەرپرسن.

**ماددەی چواردەم:**

ئەمانەی خوارەوە بە پێڕەوێك رێکدەخرێن لەگەڵ پاراستنی تایبەتمەندی قوتابخانەو پەیمانگە ناحکومیەکان:

**یەکەم**: ساڵنامەی جێگیری خوێندن و تاقیکردنەوەکان.

**دووەم**: بنەماو شێوازەکانی ئەنجامدانی تاقیکردنەوەکان.

**سێیەم**: پشووە فەرمی و پەروەردەییەکان.

**چوارەم**: وەرگرتنی قوتابیان و نوێکردنەوەی تۆماری ساڵانەیان.

**پێنجەم**: کردنەوەی خولی راهێنان بۆ مامۆستاو فەرمانبەران.

**شەشەم**: چۆنیەتی سەرپەرشتیکردنیان.

## بەشی چوارەم
## تەلاری قوتابخانەو پەیمانگە ناحکومیەکان و پاشکۆکانیان

**ماددەی پازدەم:**

پێویستە تەلاری قوتابخانەو پەیمانگە ناحکومیەکان، ئەو مەرج و ستاندەرە هونەری و زانستی و پەروەردەیی و تەندروستیە پێویستانە لەخۆبگرێت کە لەلایەن وەزارەتەوە دیاری دەکرێن.

## بەشی پێنجەم
## مامۆستاو فەرمانبەرانی قوتابخانەو پەیمانگە ناحکومیەکان

**ماددەی شازدەم:**

پێویستە بەڕێوەبەری قوتابخانە یان پەیمانگەی ناحکومی ئەم مەرجانەی خوارەوەی تێدابێت:

**یەکەم**: بەلای کەم هەڵگری بڕوانامەی زانکۆیی بەرایی بێت، و سەلامەتی تەندروستی شیاو بێت بۆ کارکردن لەم پیشەیەدا.

دووەم: بەبەڵگەنامەیەکی پزیشکی پەسەندکراو لە لایەن لیژنەیەکی پزیشکی پسپۆڕەوە بسەلمێنێت **کەوا** لە ڕووی تەندروستیەوە گونجاوە لەم پیشەیەدا کاربکات.

**سێیەم**: پێویستە لە ڕووی پەروەردەییەوە لێهاتوو بێت و ماوەی خزمەتکردنی لە بواری پەروەردەییدا لە پێنج ساڵ کەمتر نەبێت.

**چوارەم** : پێویستە بە تاوانێکی ئابرووبڕ حوکم نەدرابێت و بە سزاییەکی پەروەردەیی بەرچاو سزانەدرابێت.

**ماددەی حەڤدەم:**

**یەکەم**: پێویستە ئەم مەرجانەی خوارەوە لە ئەندامانی دەستەی مامۆستایان و وانەبێژان بێنەدی:

١- پێویستە دەرچووی زانکۆ یان پەیمانگە یان خولی پێگەیاندنی بواری پەروەردەو فێرکردن بێت.

٢- لە ڕووی تەندروستی و پەروەردەییەوە لێهاتوو بێت.

**دووەم**: پێویستە ڕێژەی ئەندامە هەمیشەییەکانی دەستەی مامۆستایان لە (٨٠٪)ی کۆی گشتی کارمەندە وانەبێژەکان کەمتر نەبێت.

**ماددەی هەژدەم:**

ڕێکخستنی سوود وەرگرتنی قوتابخانەو پەیمانگە ناحکومیەکان لە ئەندامانی دەستەی مامۆستاو وانەبێژو فەرمانبەرانی وەزارەت بە ڕێنمایی دەبێت کە وەزارەت دەری دەکات.

**ماددەی نۆزدەم:**

**یەکەم:** بەڕێوەبەرایەتی قوتابخانەو پەیمانگە ناحکومیەکان بەرپرسن لە دابینکردنی ماف و جیاوکە ماددی و مەعنەوییەکانی مامۆستاو فەرمانبەرەکانیان لە ماوەی خزمەتکردنیان لەو قوتابخانەو پەیمانگە ناحکومیانەدا.

**دووەم:** ماوەی خزمەتی مامۆستاو فەرمانبەران لە قوتابخانەو پەیمانگە ناحکومیەکاندا بۆ مەبەستی بەرزکردنەوەو سەرمووچەو خانەنشینی هەژمار دەکرێت.

**سێیەم:** بەڕێوەبەرایەتی قوتابخانەو پەیمانگە ناحکومیەکان بەگوێرەی پێویستیان بۆ پسپۆڕییەکانی وانەگوتنەوە پاش ڕەزامەندی یەکەی سەرپەرشتیکردن، داوای دامەزراندنی مامۆستایان لە وەزارەت دەکات و، وەزارەتیش لە ڕێگەی لیژنەیەکی پسپۆڕو لەسەر بنەمای ستاندەرە یاسایی و زانستیەکان و بە بڕیاری وەزیر ڕەزامەندی دەردەبڕێت.

**چوارەم:** نابێت قوتابخانەو پەیمانگەی ناحکومی بەبێ پاساوی یاسایی وبەبێ ڕەزامەندی وەزارەت دەستبەرداری مامۆستاو فەرمانبەرانی بێت.

**پێنجەم:** پێویستە بەڕێوەبەرایەتی قوتابخانەو پەیمانگە ناحکومیەکان ئەو تۆمارانە بگرنەدەست کەوا یاسای دەستەبەری کۆمەڵایەتی بە مەرجی داناون بۆ جێگیرکردنی مافی کارمەندەکانی لە مامۆستا فەرمانبەر وکارگوزارەکان.

## بەشی شەشەم

## پرۆگرامەکانی خوێندن و سیستەمی وەرگرتن وتاقیکردنەوەکان

**ماددەی بیستەم:**

قوتابخانەی تایبەت بە ڕەوەند یان پەنابەران، مافی خۆیانە زمانی فەرمی خۆیان لە خوێندن و فێرکردندا بەکاربهێنن، بەمەرجێك زمانی کوردی تیایدا بخوێندرێت بەپێی پرۆگرامێکی تایبەت کە وەزارەت بڕیاری لەسەر دەدات.

**ماددەی بیست و یەکەم:**

پرنسیپە بنەڕەتیەکانی وەرگرتنی قوتابیان بەم شێوەیەی خوارەوە دبێت:

**یەکەم:** وەرگرتنی قوتابیان لە قوتابخانەو پەیمانگە ناحکومیەکاندا بەدەر دەبێت لە مەرجی تەمەن و تێکڕای متمانەپێکراو لە سیستەمی وەرگرتن لە قوتابخانە حکومیەکاندا.

**دووەم**: قوتابخانەو پەیمانگە ناحکومیەکان لە کاتی دیاریکراودا هەڵدەستن بە پێشکەشکردنی پلانی وەرگرتنی قوتابیان بە وەزارەت و پاش ڕەزامەندی وەزارەت لیستێك بەناوەکانیان پێشکەشی وەزارەت دەکرێت بۆ ڕەزامەندی دەربڕین لەسەریاندا.

**سێیەم**: گواستنەوەی قوتابیان لە قوتابخانەو پەیمانگە حکومیەکان بۆ قوتابخانەو پەیمانگە ناحکومیەکان و بەپێچەوانەوە، بەپێی سیستەمی تایبەت بە وەرگرتن دەبێت.

**ماددەی بیست و دووەم:**

مافی قوتابیانی قوتابخانەو پەیمانگە ناحکومیەکان وەك مافی قوتابیانی دامەزراوە حکومیەکان پارێزراو دەبێت.

**ماددەی بیست و سێیەم:**

مافی پەسەندکردنی بڕوانامەو یەکسانکردنی و بەڵگەنامەکانی دەرچوون لە قوتابخانەو پەیمانگە ناحکومیەکان بۆ وەزارەت پارێزراوە.

## بەشی حەوتەم
## سیستەمی کارگێڕی و دارایی

**ماددەی بیست وچوارەم:**

لە هەر قوتابخانەیەك یان پەیمانگەیەکی ناحکومی بەم شێوەیەی خوارەوە ئەنجومەنێکی کارگێری پێك دەهێنرێت:

**یەکەم**: خاوەنی قوتابخانە یان پەیمانگەی ناحکومی، وە ئەگەر خاوەنداریێتی بەکۆمەڵ بێت، ئەوا نوێنەرێك بۆخۆیان هەڵدەبژێرن.

**دووەم**: بەرێوەبەری قوتابخانە یان پەیمانگەی ناحکومی.

**سێیەم**: دوو نوێنەر لە دەستەی مامۆستایان.

**چوارەم**: توێژەری کۆمەڵایەتی قوتابخانە یان پەیمانگەی ناحکومی.

**ماددەی بیست و پێنجەم:**

کاروباری دارایی قوتابخانەو پەیمانگە ناحکومیەکان ملکەچی یاسا داراییە کارپێکراوەکان و دیوانی چاودێریی دارایی هەرێم دەبن.

## بەشتی هەشتەم

## حوکمی گشتی

### ماددەی بیست و شەشەم:

لە حاڵەتی پابەند نەبوونی ئەنجومەنی کارگێری قوتابخانە یان پەیمانگەی ناحکومی بە حوکمەکانی ئەم یاسایە، ئەوا لە وەزارەت لیژنەیەکی لێکۆڵینەوە بۆ ئەم مەبەستە پێکدەهێنرێت، کە پێویستە لەسەری ڕاپۆرتێك دەربارەی حاڵەتەکە بۆ وەزارەت بەرزبکاتەوە بۆ دەرکردنی یەکێك لەم بڕیارانەی خوارەوە:

**یەکەم:** دەستگرتن بەسەر قوتابخانە یان پەیمانگە ناحکومیەکەدا بەشێوەیەکی کاتی و بەڕێوەبردنی لە لایەن وەزارەتەوە تاوەکو کێشەکان بەپێی حوکمەکانی ئەم یاسایە چارەسەر دەکرێن.

**دووەم:** ئەگەر کێشەکە بەردەوام بوو ئەوا مۆڵەتەکە هەڵدەوەشێندرێتەوەو قوتابخانە یان پەیمانگە ناحکومیەکە دادەخرێت.

### ماددەی بیست و حەوتەم:

خاوەنی قوتابخانە یان پەیمانگە ناحکومیەکە مافی هەیە تانە لە بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی مۆڵەت یان داخستنی قوتابخانە یان پەیمانگە ناحکومیەکە بدات لەبەردەم ئەنجومەنی وەزیراندا لە ماوەیەك کە لە حەوت ڕۆژ لە ڕێکەوتی پێ ڕاگەیاندنی تێپەڕ نەکات و ئەنجومەنیش لە ماوەی پازدە ڕۆژ لە ڕێکەوتی پێشکەشکردنی داواکارییەکە، بڕیاری کۆتایی خۆی دەردەکات، و بڕیارەکەش شیاوی تانە لێدان دەبێت لە بەردەم دادگای کارگێریدا.

### ماددەی بیست و هەشتەم:

هەر قوتابخانەیەك یان پەیمانگەیەکی ناحکومی سەرپێچی حوکمەکانی ئەم یاسایە بکات، ئەوا بە غەرامەیەك کە لە (١٠,٠٠٠,٠٠٠) دە ملیۆن دیناری عێراقی کەمتر نەبێت و لە (١٥٠,٠٠٠,٠٠٠) سەدو پەنجا ملیۆن دیناری عێراقی زیاتر نەبێت، سزا دەدرێت.

### ماددەی بیست و نۆیەم:

لە حاڵەتی داخستنی قوتابخانە یان پەیمانگەی ناحکومی بە شێوەیەکی هەمیشەیی، ئەوا وەزارەت هەڵدەستێت بە گواستنەوەی قوتابیەکانی بۆ قوتابخانەیەك یان پەیمانگەیەکی حکومی یان ناحکومی هاوشێوە، و بەبێ ئەوەی ساڵی خوێندنیان لە کیس بچێت.

### ماددەی سییەم:

پێویستە لە سەر قوتابخانەو پەیمانگە ناحکومیە مۆڵەتدراوەکان، لە ماوەیەك کە لە سەرەتای ساڵی خوێندنی ٢٠١٣-٢٠١٤ تێپەڕنەکات، خۆیان بگونجێنن لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایەدا.

**ماددەی سی و یەکەم:**

قوتابخانەو پەیمانگە ناحکومیەکان بە پشکنینی تەکنیکی وکارگێری وەزارەت پابەند دەبن، و بەرێوەبەرایەتی تەندروستی قوتابخانەکان، لە ڕووی تەندروستی وچارەسەرییەوە، سەرپەرشتی ئەم قوتابخانەو پەیمانگە ناحکومیانە دەکات.

**ماددەی سی و دووەم:**

نابێت قوتابی یان کەسوکاری بە ئەرکی دارایی یان پێبەخشین لە قوتابخانەو پەیمانگە ناحکومیەکاندا پابەند بکرێن جگە لە کرێی خوێندن نەبێت.

**ماددەی سی و سێیەم:**

پێویستە لە سەر وەزارەتی پەروەردە ڕێنمایی پێویست بۆ ئاسان جێبەجێکردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە دەربکات.

**ماددەی سی وچوارەم:**

پێویستە لە سەر ئەنجومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندارەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکەن.

**ماددەی سی وپێنجەم:**

کار بە هیچ دەقێکی یاسایی یان بریارێکی ناکۆك لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایە ناکرێت.

**ماددەی سی و شەشەم:**

ئەم یاسایە لە ڕێکەوتی بلاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان) دا جێبەجێ دەکرێت.

**د. ارسلان بایز اسماعیل**

**سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان ـ عێراق**

## هۆیە پێویستكارەكان

لەبەر زێدەبوونی ڕووكردن لە دامەزراندنی قوتابخانەو پەیمانگەی ناحكومی لە هەرێمداو بەمەبەستی ڕێكخستنی پەیوەندی نێوانیان لەگەڵ وەزارەتی پەروەردەدا لە گشت تەوەرەكاندا، و لە پێناو هاندانی ململانێی زانستی و وەبەرهێنانی نیشتیمانی وبیانی لەم بوارەداو دابینكردنی دەرفەتی فێركردن بۆ هەمووان و باشتركردنی ڕۆڵی ئەم قوتابخانەو پەیمانگەیانە لە گەشەپێدانی سەرچاوەی مرۆیی لە ڕووی چەندایەتی و چۆنایەتیەوە، ئەوا ئەم یاسایە دەرچووێندرا.

---

تێبینی/ ئەم یاسایە بەبڕیاری ژمارە (٢٧) ی ساڵی ٢٠١٢ لەلایەن سەرۆكی هەرێمی كوردستانەوە دەرچوێنرا.

هەرێمی كوردستان – عێراق
ئەنجومەنی وەزیران
وەزارەتی پەروەردە
بەڕێوەبەرایەتی گشتی دیوان
بەڕێوەبەرایەتی گرێبەستەگشتییەكان و كاروباری یاسایی
بەشی كاروباری یاسایی

Kurdistan Regional Government
Council of Ministers
Ministry of Education

إقليم كوردستان - العراق
مجلـــــس الــــوزراء
وزارة التـــــربيـة
المديرية العامة للديوان
مديرية التعاقدات العامة والشؤون القانونية
قسم الشؤون القانونية

**No:** 6655
**Date:** 14 / 6 /2016

**ژمارە:** ٦٦٥٥
**ڕێكەوت:** ٢٤/ جۆزەردان /٢٧١٦ **كوردی**

# ڕێنمایی ژمارە ( 1 )ی ساڵی 2016

## ڕێنمایی قوتابخانە و پەیمانگە ناحكومییەكان

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێمان دراوە، وە بەپێی ماددەی ( دووەم ) بـڕگەی ( یەكەم ) لە یاسای ژمارە ( 4 )ی ساڵی (1992)ی هەمواركراوی وەزارەتی پەروەردە و ماددەی ( 33 ) لە یاسای ژمارە ( 14 )ی ساڵی ( 2012 )ی قوتابخانە و پەیمانگە ناحكومییەكان، لەبەر بەرژەوەندی گشتی ئەم ڕێنماییەی خوارەوەمان دەركرد :

## ڕێنمایی قوتابخانە و پەیمانگە ناحكومییەكان

# بەشی یەكەم

# پێناسەكان

**ماددەی یەكەم:**

مەبەستی هەریەك لەم زاراوە و دەستەواژانەی ناوئەم ڕێنماییە، ماناكانی بەرامبەریانە:

**وەزارەت:** وەزارەتی پەروەردە.

**وەزیر:** وەزیری پەروەردە.

**بەڕێوەبەرایەتی:** بەڕێوەبەرایەتی قوتابخانە و پەیمانگە ناحكومییەكان، كە بەپێی یاسای ژمارە (14)ی ساڵی(2012)ی قوتابخانە و پەیمانگە ناحكومییەكان دامەزراوە.

**لیژنەی باڵا:** لیژنەی باڵای قوتابخانە و پەیمانگە ناحکومییەکان لەدیوانی وەزارەت.

**لیژنەی سەرپەرشتیاری:** لیژنەی سەرپەرشتیاری تایبەت بە باخچە و قوتابخانە و پەیمانگە ناحکومییەکان لە (ب.گ.پ. پاریزگە) یان (یەکەی سەرپەرشتیاری تایبەت بەخوێندنی ناحکومی).

**قوتابخانەی ناحکومی:** باخچە، قوتابخانە ( بنەڕەتی ، ئامادەیی) یان پەیمانگەی ناحکومی.

**قوتابخانە:** قوتابخانەی بنەڕەتی یان ئامادەیی یاخود هەردووکیان پێکەوە.

باخچە: باخچەی منداڵان.

**کۆمەڵگە**: هەرسێ قۆناغی (باخچە، بنەڕەتی، ئامادەیی) بەیەکەوە.

**پەیمانگە**: خوێندن بۆ ماوەی پێنج ساڵ لە دوای پۆلی (9) ی بنەڕەتی.

**خاوەن قوتابخانەی ناحکومی:** هەرکەسێك یان کەسایەتییەکی مەعنەوی ، بەتەنیا یان بەکۆمەڵ.

**دامەزراندن:** دروستکردن، کردنەوە یان فراوانکردنی قۆناغەکان.

**دامەزرێنەر:** ئەو کەسەیە کەداوای پێدانی مۆڵەتی باخچە، قوتابخانە یاخود پەیمانگەی ناحکومی دەکات.

**شیاوی پەروەردەیی:** هەرکەسێك خاوەن بڕوانامەی دبلۆم و بەرزتر بێت لەبواری پەروەردە یاخود بەشداری خولی شیاندنی مامۆستایانی کردبێت.

**قوتابخانە و پەیمانگە خۆماڵییەکان (لۆکاڵ)**: ئەو قوتابخانە و پەیمانگە ناحکومییانەن، کە پرۆگرام و سیستەمی ئەزموونەکانی وەزارەتی پەروەردە لەگەڵ هەندێك پرۆگرامی سەربار بەکاردەهێنن.

**قوتابخانە و پەیمانگە بیانییەکان**: ئەو قوتابخانە و پەیمانگە ناحکومییانەن،کە سیستەم و پرۆگرامێکی فێرکردنی باوەڕپێکراوی وڵاتێکی بیانی پەیڕەو دەکەن و سیستەمی ئەزموونی تایبەتی خۆیان هەیە یاخود ئەزموونەکانی وەزارەتی پەروەردەی هەرێم پەیڕەو دەکەن.

**قوتابخانە و پەیمانگە نێودەوڵەتییەکان**: ئەو قوتابخانە و پەیمانگە ناحکومییانەن،کە پرۆگرام و سیستەمی تایبەتی خۆیان هەیە و قوتابییەکانیان بۆ ئەزموونە نێودەوڵەتییە ناسراوەکانی وەك ( Level A، Level B، SAT 1، SAT 2، GCSC، IGCSE، IB و هاوشێوەکانی ئامادە دەکەن. هەروەها لە چەندین وڵاتی دیکەدا هاوشێوەیان هەیە بە هەمان پرۆگرام.

**قوتابخانەی ناحکومی قازانج نەویست**: بەو قوتابخانانە دەڵێن کە خزمەتگوزاری پەروەردەیی پێشکەش دەکەن و لە لایەن کەسانی خێرخواز یان دەزگای خێرخوازی بەڕێوەدەبرێن و پەیڕەوی پرۆگرام وسیستەمی خوێندنی وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان یاخود پەیڕەوی پرۆگرام وسیستەمی خوێندنی دەزگایەکی پەروەردەیی جیهانی دەکەن کە باوەڕپێکراو بێت لەلایەن ڕێکخراو و دامەزراوە پەیوەندیدارەکان و زۆربەی وڵاتانی جیهان.

# بەشی دووەم

## پێدان و نوێ کردنەوە و هەڵوەشاندنەوەی مۆڵەت

**ماددەی دووەم:**

هەرکەسێك یان کەسایەتییەکی مەعنەوی ، بەتەنها یان بەکۆمەڵ ، مافی دامەزراندنی قوتابخانەی ناحکومی هەیە بەرەچاوکردنی ماددەکانی یاسای ژمارە (14)ی ساڵی (2012) و ماددەکانی هاتوو لەم ڕێنماییە:

**یەکەم**: ئەگەر داواکار بۆ وەرگرتنی مۆڵەتی قوتابخانەی ناحکومی کەسێکی ئاسایی بوو، پێویستە ئەم مەرجانەی تێدابێت:

1- تەمەنی لە (24) بیست و چوار ساڵ کەمتر نەبێت.
2- بە تۆمەتی گەندەڵی و بەدڕەوشتی سزا نەدرابێت.
3- نابێت فەرمانبەر بێت لە کەرتی گشتی.
4- توانای دارایی پێویستی هەبێت بۆ جێبەجێکردنی هەموو دواکاریانەی کە لە یاساو ڕێنماییەکانی قوتابخانە و پەیمانگە ناحکومییەکاندا هاتووە، بە بەڵگەی بانکی.

**دووەم**: ئەگەر داواکار بۆ وەرگرتنی مۆڵەتی قوتابخانەی ناحکومی،کەسایەتییەکی مەعنەوی بوو وەك کۆمپانیا یاخود ڕێکخراو ، پێویستە ئەم مەرجانەی تێدابێت:

1- ئاکاری پەروەردەیی هەبێت.
2- تۆمارکراوبێت لە هەرێمی کوردستان.
3- دیاریکردنی بریکاری یاسایی کە نوێنەرایەتی کۆمپانیا/ ڕێکخراو بکات بۆ ڕاپەڕاندنی کارەکانی.
4- توانای دارایی پێویستی هەبێت بۆ جێبەجێکردنی هەموو دواکارییەکانی هاتوو لە یاساو ڕێنماییەکانی قوتابخانە و پەیمانگە ناحکومییەکان بە بەڵگەی بانکی.

**ماددەی سێیەم:**

گشت قوتابخانە ناحکومییەکان، کە لەلایەن کەسێك یان کەسایەتییەکی مەعنەوی دادەمەزرێن ، لەژێر ناوی باخچەی منداڵان، قوتابخانە (بنەڕەتی یان ئامادەیی)، یاخود پەیمانگەی ناحکومی پۆلێن دەکرێن.

**ماددەی چوارەم:**

**یەکەم**: لە هەموو کاتێکدا دەکرێ داوای پێدانی مۆڵەت بکرێت، بەڵام پێویستە مامەڵەکە لەگەڵ دابینکردنی هەموو بەڵگەنامە داواکراوەکان پێش (7/15) بگاتە وەزارەت.

**دووەم**: نوێکردنەوەی مۆڵەت: دەبێ قوتابخانە ناحکومییەکان دووساڵ جارێك مۆڵەتەکانیان نوێ بکەنەوە، پێویستە مامەڵەکانیان پێش 8/15ی هەرساڵێك بگاتە وەزارەت.

**سێیەم**: تەنها وەزارەتی پەروەردە مافی پێدانی مۆڵەت و نوێکردنەوەی مۆڵەت و هەڵوەشاندنەوەی مۆڵەتی هەیە.

**ماددەی پێنجەم:**

**یەکەم**: داواکار بەپێی فۆڕمی ژمارە (1)، داوایەك پێشکەشی وەزارەت دەکات.

**دووەم**: ئەم داوایە لەماوەی (سی- 30 رۆژ) دا لە ڕێکەوتی پێشکەشکردنی داواکە بەرازی بوون یان رازی نەبوون بە پاساوی بەجێ وەلأم بدرێتەوە.

**سێیەم**: پاش وەرگرتنی رەزامەندی وەزارەت، نووسراوی پشتگیری بۆدەکرێ بۆ بەرێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی پارێزگە.

**چوارەم**: لە بەرێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی پارێزگە، نووسراو بۆ ئەو لایەن و فەرمانگەیانەی لەماددەی شەشەم دیاری کراون دەکرێ، بۆ دەستەبەرکردنی پشتگیرییەکان بەمەبەستی ئامادەکردنی فۆڕمی ژمارە (2).

**ماددەی شەشەم:**

ئەگەر هاتوو داواکار پابەندنەبوو بە دابینکردنی بەڵگەنامەکان پێش 7/15 ، رەزامەندییە سەرەتاییەکەی بەهەڵوەشاوە دادەنرێت و بۆساڵی دواتر هەژمار ناکرێت.

**بەڵگەنامەکان :**

1- پشتگیری (تەندروستی، شارەوانی، بەرگری شارستانی، ئاسایش، نەهێشتنی تاوان).

2- ئەستۆی پاکی باجی دەرامەت.

3- کەفالەی مسۆگەر بە بڕی (5٪) کۆی گشتی داهاتەکانیان.

4- ساڵنامەی خوێندن.

5- پلانی خوێندن وچالاکییەکانی ساڵانەی قوتابخانەی ناحکومی.

6- بەڵگەنامەی تاپۆی بینا و نەخشەی ئەندازەیی.

7- ژیاننامە (سی ڤی) داواکار/خاوەن قوتابخانەی ناحکومی.

8- بەڵێننامەی خاوەن قوتابخانەی ناحکومی بۆ پابەندبوون بە یاسا و ڕێنماییەکانی خوێندنی ناحکومی.

9- دوو وێنەی (6X4) خاوەن قوتابخانەی ناحکومی.

10- کۆپی کارتی زانیاری (دانیشتووی هەرێم)، کۆپی نشینگەی (دانیشتوی دەرەوەی هەرێم)ی خاوەن قوتابخانە.

11- لیستی ناو و بڕوانامەی تەواوی مامۆستا و فەرمانبەران و کارمەندانی میلاك.

12- لیستی ناو و پشتگیری تەواوی مامۆستایانی وانەبێژ.

13- پشتگیری تەندروستی بەڕێوەبەر و مامۆستا و کارمەندانی قوتابخانەی ناحکومی.

14- ڕێگەپێدانی پەسندکراوی دەزگای نێودەوڵەتی بۆ ئەو قوتابخانە و پەیمانگەیانەی پەیڕەوی پرۆگرام و سیستەمی ئەو دەزگایە دەکەن، پێویستە ئەم خاڵانەی خوارەوە لە خۆبگرێت:

أ. بەکارهێنانی پرۆگرام و سیستەمی دەزگاکە.

ب. سەرپەرشتی کردنی قوتابخانەکە.

ج. مامۆستایانی قوتابخانە/ پەیمانگە دەبێ خوولی ڕاهێنان ببینن لەلایەن دەزگاکەوە.

د. دیاری کردنی زنجیرەی قوتابخانە/ پەیمانگە کە لە لیستی ئەو قوتابخانانەی سەر بەو دەزگایەن(= براند)، هەروەها ڕەزامەندی بەشداریکردن لە ئەزموونەکانیان.

هـ. ناردنی ڕاپۆرتی ساڵانە سەبارەت بە قوتابخانە/ پەیمانگە بۆ وەزارەتی پەروەردە بە هەردوو زمانی (کوردی و ئینگلیزی) پێش (8/1)ی هەموو ساڵێك لەڕووی (سیستەم ، بەڕێوەبردن ، زمانی خوێندن ، وانەکانی بیرکاری و زانستەکان).

15- کۆپی مۆڵەتی کارکردن بۆکۆمپانیا و ڕێکخراوەکان.

16- ڕای لیژنەی سەرپەرشتیاری خوێندنی ناحکومی پەروەردەی پارێزگە.

17- بەڕێوەبەرایەتی بیناسازی لە (بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی پارێزگە) لە دوای پشکنین، باشی و گونجاوی بیناکە دەسەلمێنێ بە پێی ئەو مەرج و پێویستیانەی لەیاسا و ڕێنماییەکانی باخچە وقوتابخانە و پەیمانگە ناحکومییەکاندا هاتووە.

18- دانی رسومات یاسایی کەوا بڕەکەی دیاری کراوە لە ماددەی (64)ی ئەم ڕێنماییە،کە دەبێتە داهات بۆ خەزێنەی حکومەت بە گوێرەی پسووڵەی (37أ).

19- جگە لە رسوماتی مۆڵەت وەرگرتن، لەگەڵ هەر داواکارییەك ئەم بڕە پارانە وەردەگیرێن بەگوێرەی پسووڵەی (37أ):

أ- بڕی یەك ملیۆن دینار لەگەڵ داواکاری کردنەوەی باخچەی منداڵان.

ب- بڕی دوو ملیۆن دینار لەگەڵ داواکاری کردنەوەی قوتابخانەی بنەڕەتی، ئامادەیی، پەیمانگە.

**ماددەی حەوتەم:**

ڕێکارەکانی وەرگرتنی مۆڵەتی کۆتایی بەم شێوەیەی خوارەوە دەبن:

1- (بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی پارێزگە) پاش وردبینی، فۆڕمی ژمارە (2) و بەڵگەنامە ڕەسەنەکان بەرزدەکاتەوە بۆ وەزارەت پێش ڕێکەوتی (7/15) ی هەر ساڵێك.

2- فۆرمی ژمارە (2) و بەڵگەنامەکان پاش وردبینی و واژۆکردنیان لەلایەن لیژنەی وردبینی و لیژنەی باڵای مۆڵەت بەرزدەکرێنەوە بۆ وەزیر بەمەبەستی پەسەندکردنیان.
3- فەرمانی وەزاری بەو مۆڵەتە دەردەچێت بۆ ئەو ساڵەی خوێندن، پێش (8/15).
4- ساڵی یەکەمی تەمەنی قوتابخانەی ناحکومی مۆڵەتەکە لەژێرچاودێری دەبێت، لەکۆتایی ساڵی خوێندن ئەگەر نمرەی هەڵسەنگاندنی ئەو مۆڵەتە لەلایەن لیژنەی سەرپەرشتیاری لە 70٪ و زیاتر بوو مۆڵەتەکە دەچەسپێت، بەپێچەوانەوە ئەوا مۆڵەتەکە پوچەڵ دەکرێتەوە.
5- بۆ ساڵی یەکەم، لەقۆناغی باخچەی منداڵان ڕێگە دەدرێت منداڵانی چوارساڵ و پێنج ساڵ وەربگرن، بۆ قۆناغی بنەڕەتی تەنها پۆلەکانی (1 ، 2 ، 3 ) بکاتەوە و لەقۆناغی ئامادەیی تەنها پۆلی (10) و پەیمانگە تەنها قۆناغی (1)، دواتر هەر ساڵە و پۆلێك زیاد دەکرێت.

**ماددەی هەشتەم:**

لەدوای پێشکەشکردنی تەواوی بەڵگەنامەکانی باسکراو لە ماددەی شەشەم بەبێ کەموکوڕی، پێویستە وەزارەت پێش 8/15 فەرمانی مۆڵەتپێدانی بۆ دەربکات، بەپێچەوانەوە بە پەسەندکراو هەژمار دەکرێت.

**ماددەی نۆیەم:**

**یەکەم:** هەرکەسێك یاخود هەر کەسایەتیەکی مەعنەوی مۆڵەتی هەر سێ قوناغ (باخچەی منداڵان + بنەڕەتی + ئامادەیی) هەبوو دەکرێ ناوی هەر سێ قۆناغ بکرێتە کۆمەڵگە ( ئەم ناوە هیچ جیاوکێکی تری نابێت جگە لە تازەکردنەوەی ساڵانەی مۆڵەت کە بە یەك مامەڵە دەبێت لە بری سێ مامەڵە).

**دووەم:** ئەگەرکەسێك یاخود کەسایەتیەکی مەعنەوی خاوەنی دووپەیمانگە یان زیاتر بوو، بەمەرجێك لەیەك باڵەخانەدابوون، هەموویان دەکرێن بە یەك پەیمانگە و بە پسپۆڕییەکان دەڵێن (بەشی ....) لەبری ئەوەی دوو مۆڵەتی پەیمانگە یان زیاتری پێبدرێ و جیاوکی ئەم کۆکردنەوەیەش تەنها بۆکاتی تازەکردنەوەی مۆڵەتەکەیە بەیەك مامەڵە لەبری چەند مامەڵەیەك.

**ماددەی دەیەم:**

**یەکەم:** ڕێگە بەکردنەوەی (قۆناغی ئامادەیی- تەنها پۆلی 10) دەدرێت بەو قوتابخانانەی مۆڵەتی (قۆناغی بنەڕەتی)یان هەیە و قوتابیانیان گەیشتونەتە پۆلی (9 ی بنەڕەتی)، بەرەچاوکردنی ئەم داواکاریانە:

أ. پشکنینی ئەندازەیی.
ب. پشکنینی تەندروستی.
ج. بەڵگەنامە و بڕوانامەی تایبەت بە بەڕێوەبەر و یاریدەدەری قۆناغی ئامادەیی.
د. لیستی ناو و بڕوانامەی مامۆستایان و فەرمانبەران و کارمەندان.
هـ. بوونی چوار تاقیگەی زانستی (فیزیا ، کیمیا ، زیندەزانی ، کۆمپیوتەر) و هۆڵی هونەری.

**دووەم:** پێویستە خاوەن قوتابخانە لە ساڵی دواتر وەك هەر قوتابخانەیەکی دیکە ، بەپێی یاسا و رێنماییەکان، مۆڵەتی (قۆناغی ئامادەیی) دەربهێنێت، بەپێچەوانەوە ڕێگەپێدانەکەی بە هەڵوەشاوە هەژماردەکرێت و وەزارەتی پەروەردە هیچ ئیلتیزاماتێکی یاسایی بەرامبەری لە ئەستۆ ناگرێت.

**ماددەی یازدەهەم:**

**یەکەم:** ماوەی مۆڵەت بۆ یەك ساڵە، بەڵام دەکرێت نوێ بکرێتەوە دوای جێ بەجێ کردنی مەرجەکان بە پێی یاسا و رێنمایی قوتابخانە و پەیمانگە ناحکومییەکان، لەگەڵ پێدانی رسوماتی دیاری کراو.

**دووەم:** پێویستە دووساڵ جارێك مۆڵەت نوێ بکرێتەوە بەپێی فۆڕمی ژمارە (3) کە لەلایەن (بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی پارێزگە) ئامادە دەکرێ بە مەرجێك مامەڵەی تازەکردنەوەکە پێش (8/15)ی هەر ساڵێك بگاتە وەزارەت.

**سێیەم:** ئەگەر هەر قوتابخانە و پەیمانگەیەکی ناحکومی مامەڵەی نوێکردنەوەکەی کەوتە دوای (8/15)ی هەرساڵێك، ئەوا سزا دەدرێت بە بڕی (10,000,000– دە ملیۆن) دینار. ئەگەر لەو وادەیەش زیاتر دواکەوت رێککاری یاسایی بەرامبەر قوتابخانە و پەیمانگەی سەرپێچیکار دەگیرێتە بەر بەپێی یاسا و رێنماییەکان.

**ماددەی دوازدەهەم:**

قوتابخانە و پەیمانگەی ناحکومی بۆی هەیە دەوامی خۆی بۆ ماوەی یەك ساڵ یان دوو ساڵی خوێندن رابگرێت بۆ یەکجار، بە رەزامەندی وەزارەت بەبێ هەڵوەشانەوەی مۆڵەتەکە. مەبەستیش لەم راگرتنە باشترکردنی خزمەتگوزارییە پەروەردەییەکان بێت بەمەرجێك خۆی بەرپرسیار بێت لە گواستنەوەی قوتابیان بۆ قوتابخانەیەکی تر و نارەزایی بە خێوکارانیشی لێنەکەوێتەوە.

**ماددەی سێزدەهەم:**

**یەکەم:** ناکرێت مۆڵەت بەکەسێکی دیکە بفرۆشرێت یان تەنازولی لێبکرێت چ بەئاشکرا یاخود بەنهێنی.

**دووەم:** گواستنەوەی خاوەنداریێتی قوتابخانە و پەیمانگە ناحکومییەکان (ئەگەرپەسەندکرا) بەم شێوەی خوارەوە دەبێت:

1– وەرگرتنی رەزامەندی وەزارەت.

2– دەبێت ئەوکەسەی خاوەنداریێتییەکەی بۆ دەگوازرێتەوە هەموو مەرجەکانی یاسا و رێنمایی قوتابخانە وپەیمانگە ناحکومیەکانی تێدا بێت.

3– لەکاتی مردن (کۆچی دوایی) خاوەن قوتابخانە/ پەیمانگەی ناحکومی، پێویستە ئەو کەسەی دەبێتە میراتگر، هەموو مەرجەکانی یاسا و رێنمایی قوتابخانە و پەیمانگە ناحکومییەکانی تێدابێت بەپێچەوانەوە بەڕێوەبردنی قوتابخانە و پەیمانگەکە لەلایەن وەزارەتەوە دەبێت تاکو کۆتایی هاتنی ساڵی خوێندن، دواتر مۆڵەتەکە هەڵدەوەشێتەوە.

4– پێویستە داواکاری گواستنەوەی خاوەنداریێتی لە ڕێگەی بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی پارێزگە بۆ وەزارەت بەرزبکرێتەوە.

**ماددەی چواردەهەم:**

1- گواستنەوە لە بینای قوتابخانە: پێویستە خاوەن قوتابخانەکە پێش دوو مانگ لە گواستنەوەی قوتابخانەکە مامەڵەی گواستنەوەکەی بکات بەپێی فۆرمی ژمارە (4).

2- دەبێ گواستنەوەکە بکەوێتە ماوەی پشووی هاوین و لەکاتی پرۆسەی خوێندندا نەبێت.

**ماددەی پازدەهەم:**

دەکرێ خاوەن قوتابخانە و پەیمانگەی ناحکومی، ئارەزوومەندانە داوای هەڵوەشاندنەوەی مۆڵەتەکەی بکات، بەڵام پێویستە قوتابخانەکە یاخود پەیمانگەکە تاکۆتایی ساڵی خوێندن (دوای تاقی کردنەوەکانی خولی دووەم) بەردەوام بێت لە دەوامکردن، پاشان خاوەنداریێتی ئەو قوتابخانەیە یاخود پەیمانگەیە دەگەڕێتەوە بۆ وەزارەتی پەروەردە بەهەموو کەلوپەل و پێداویستییەکانییەوە. لەکۆتاییدا وەزارەت بەپێی یاسا و ڕێنماییەکان مامەڵە لەگەڵ ئەو حاڵەتەدا دەکات.

**ماددەی شازدەهەم:**

**یەکەم** :- قوتابخانەی ناحکومی دادەخرێت، ئەگەر:

1- لە ئەنجامی ڕاپۆرتی لیژنەی لێکۆڵینەوە، کە دەرکەوت توانای پابەندبوونی بە یاسا و ڕێنماییەکانی خوێندنی ناحکومی نیە.

2- ئەگەردەرکەوت بەدڕەوشتی تێدا کراوە، یاخود کاری حزبی و ئایینی یان هەر کارێکی دیکە کە بە پێچەوانەی ئەوئامانجە پەروەردەییانەیە کە قوتابخانەکەی لەپێناودا دامەزراوە، بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ بێت یاخود ناڕاستەوخۆ.

3- بەپێشنیازی لیژنەی سەرپەرشتیاری تایبەت یان ڕاپۆرتی لیژنەی باڵا.

**دووەم** :

1- بەمەبەستی داخستنی قوتابخانە، پێویستە لیژنەی تایبەت لە وەزارت پێك بهێنرێت بۆ دڵنیابوون لە ڕاپۆرتەکان و ئەنجامی لێکۆڵینەوەکان.

2- فەرمانی داخستنی قوتابخانە ناحکومییەکە لەهەر ڕێکەوتێك بێت پێویستە خوێندن لە قوتابخانەکە بەردەوام بێت تاکۆتایی خولی دووەمی ئەو ساڵەی خوێندن بەڵام لەبری خاوەن قوتابخانە لیژنەیەکی سێ سەرپەرشتیاری لە لیژنەی سەرپەرشتیاری تایبەت قوتابخانەکە بەڕێوەدەبەن و هەموو خەرجی ئەو قوتابخانەیە لە ئەستۆی خاوەن قوتابخانەکە دەبێت و سوود لە بڕی کەفالەی مسۆگەر و بڕی ئەو پشکانەی خوێندن کە ماون وەردەگیرێت بۆ بەڕێوەبردنی قوتابخانە .

3- هەر قوتابخانەیەك لەماوەی ساڵێك (سێ-3 سەرپێچی) لەسەر تۆمارکرا، بەپێی خاڵەکانی ( 1 ، 2) ی سەرەوە دادەخرێ.

4- هەر قوتابخانەیەك ژمارەی سەرپێچییەکانی لەماوەی پێنج ساڵی لە دوای یەك گەیشتە (6 سەرپێچی) بەپێی خاڵەکانی (1 ، 2) ی سەرەوە دادەخرێ.

**ماددەی حەڤدەهەم:**

هەرکاتێك قوتابخانەی ناحکومی داخرا بە فەرمانی وەزارەت، خاوەنەکەی بۆی نیە جارێکی دیکە داوای کردنەوەی قوتابخانەی ناحکومی بکاتەوە و ناوی ئەو قوتابخانەیەش دووبارە نابێتەوە.

**ماددەی هەژدەهەم:**

لەکاتی داخستنی قوتابخانەی ناحکومی هەموو بەڵگەنامەکانی تایبەت بە قوتابخانەکە رادەستی بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی قەزا دەکرێت لە ڕێگای لیژنەی سەرپەرشتیاری تایبەت و دواتر ڕادەستی قوتابخانەیەکی حکومی دەکرێ کە لەلایەن ( ب.پ. قەزا ) دەستنیشان دەکرێ.

**ماددەی نۆزدەهەم:**

**یەکەم**: پێویستە تابلۆی ناوی باخچە، قوتابخانە و پەیمانگە ناحکومییەکان تەنها ئەمانەی خوارەوە لەخۆبگرێت:

1- ناوی قوتابخانەکە هەروەك چۆن لە مۆڵەتەکەدا هاتووە، بەبێ زیادکردن و کەمکردنەوەی هیچ  ووشەیەك.

2- لۆگۆی حکومەتی هەرێم و لۆگۆی تایبەتی قوتابخانە ناحکومییەکە (ئەگەر هەبێت).

3- ساڵی دامەزراندنی قوتابخانەکە.

**دووەم**: قوتابخانە و پەیمانگە ناحکومییەکان ئازادن لە نووسینی تابلۆکانیان بەزمانێك یان چەند زمانێکێك بە مەرجێك زمانی کوردی زمانە سەرەکییەکە بێت.

# بەشی سێیەم
# سەرپەرشتیکردن

**ماددەی بیستەم:**

وەزارەتی پەروەردە سەرپەرشتی پەروەردەیی و کارگێڕی قوتابخانە ناحکومییەکان لەرێگای سەرپەرشتیارانەوە دەکات ، هەروەها وەزارەت بۆی هەیە لیژنەی هونەری تایبەت دروست بکات بۆ سەردانی بینای قوتابخانەی ناحکومی و وردبینی هەموو تۆمارەکان بکات، بەمەبەستی دڵنیابوون لە جێ بەجێکردنی یاسا و رێنماییەکان لەکاتی پێویستدا.

**ماددەی بیست و یەکەم:**

پێویستە لەسەر خاوەن و بەڕێوەبەر وستافی قوتابخانە ناحکومییەکان کارئاسانی بکەن بۆ سەرپەرشتیاران لەکاتی سەردانی کردنیان بە مەبەستی کاری سەرپەشتی کردن، لەگەڵ کارئاسانی کردن بۆ فەرمانبەرانی وەزارەت لەکاتی بەدواداچوونەکاندا بۆ دڵنیابوون لە جێ بەجێکردنی یاسا و رێنماییەکان.

**ماددەی بیست و دووەم:**

**یەکەم**: بەمەبەستی سەرپەرشتی کردن و بەدواداچوونی کاری قوتابخانە ناحکومییەکان ئەم لیژنە و پێکهاتە کارگێڕیانە پێکدێن: لیژنەی باڵای مۆڵەت ، لیژنەی بەدواداچوون.

**دووەم**: کارەکانی لیژنەی باڵای مۆڵەت بریتین لە:

1- دانانی پلانی ساڵانەی مۆڵەتدان.

2- هەموارکردنەوەی یاسا و ڕێنماییەکان ئەگەر پێویست بوو.

3- وردبینی مامەڵەکانی پێدانی مۆڵەت.

4- هەر کارێکی دیکەی تایبەت بە مۆڵەتدان.

**سێیەم**: کارەکانی لیژنەی بەدواداچوون بریتین لە:

1- بەدواداچوون بۆ کێشە هەنووکەیی و بەپەلەکان.

2- بەدواداچوون بۆ ڕاپۆرتەکانی هەڵسەنگاندنی سەرپەرشتیاران و ئەو ڕاپۆرتانەی دی کە دەگەنە وەزارەت و پێویستیان بە بەدواداچوون هەیە.

3- هەر کارێکی تر ئەگەر پێویستی بە بەدواداچوون هەبێت.

**چوارەم**: لەبەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی پارێزگەکان لیژنە (یان یەکەی) سەرپەرشتیاری تایبەت بە قوتابخانە ناحکومییەکان پێکدێت. ئەم لیژنەیە (یەکەیە) پێویستە سەرپەرشتیارێکی لە هەمووپسپۆرییەکان تێدا بێت بۆ ( 30) قوتابخانەی ناحکومی، وە ئەگەر ژمارەی قوتابخانەکان لەو ژمارەیە زیادی کرد ، ژمارەی سەرپەرشتیاران زیاد دەکات بەپێی قۆناغەکانی خوێندن.

کارەکانی ئەم لیژنەیە (یەکەیە)بریتی دەبێت لە:

1- سەرپەرشتی کردنی کارگێڕی قوتابخانەکان ( ساڵی سێ جار بەلای کەمەوە).

2- سەرپەرشتی کردنی مامۆستایان بەپێی پسپۆڕیان جگە لەوانەی وانەکانی زمانی تایبەتی و وانە زانستییەکانی قوتابخانە بیانی و نێودەوڵەتییەکان دەڵێنەوە.

3- پێشنیاری پێکهێنانی لیژنەکانی لێکۆڵینەوە.

4- پشکنینی قوتابخانە ناحکومییەکان پێش وەرگرتنی مۆڵەت.

**پێنجەم** : پێکهاتە کارگێڕییەکان:

1- بەڕێوەبەرایەتی قوتابخانە و پەیمانگە ناحکومییەکان / لەدیوانی وەزارەت.

2- هۆبەی قوتابخانە و پەیمانگە ناحکومییەکان / لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەکان.

**ماددەی بیست و سێیەم:**

1- مامۆستایانی وانەکانی (کوردی، عەرەبی، ئینگلیزی، تورکمانی، سریانی، پەروەردەی ئاینی،کۆمەڵایەتی) و یاریدەدەری دانراو بەشێوەی کاتی لە قوتابخانە ناحکومییەکان و بیانی و نێودەوڵەتییەکان سەرپەرشتی دەکرێن لەلایەن سەرپەرشتیارانی لیژنەی پارێزگە.

2- وڵاتە بیانییەکان و دەزگا پەروەردەییە جیهانیەکان سەرپەرشتی بەڕێوەبەر و مامۆستایانی وانە تایبەتەکانی پرۆگرامی قوتابخانە بیانی و نێودەوڵەتییە ناحکومییەکان دەکەن.

3- لیژنەی (یەکەی) سەرپەرشتیکردنی پارێزگە ، ساڵانە باخچە وقوتابخانە و پەیمانگە ناحکومییەکان هەڵدەسەنگێنێت (لەهەموو ڕوویەك) بەپێی فۆڕمی تایبەت و ئەنجامەکەی بەرزدەکاتەوە بۆ ب.گ. پ.پارێزگە و وەزارەت پێش 7/1 ی هەموو ساڵێك.

4- وڵاتە بیانیەکان یان دەزگا پەروەردەییە جیهانییەکان، ساڵانە قوتابخانە ناحکومییە بیانی و نێودەوڵەتییەکان هەڵدەسەنگێنن و بە راپۆرتێك (بە زمانی کوردی و زمانی ئینگلیزی) وەزارەتی لێ ئاگادار دەکەنەوە پێش 8/1 ی هەموو ساڵێك {لەگەڵ ڕەچاوکردنی هەڵسەنگاندنی خاڵی (1) ی سەرەوە }.

**ماددەی بیست و چوارەم:**

خاوەنی قوتابخانەی ناحکومی ناتوانێت بە وەکالەت، یاخود کەسێکی دیکە ڕاسپێرێ بۆ سەرپەرشتی کردنی قوتابخانە ناحکومییەکە، تەنها دوای وەرگرتنی ڕەزامەندی وەزارەت نەبێت.

# بەشی چوارەم

# تەلاری باخچە و قوتابخانە و پەیمانگە ناحکومییەکان و پاشکۆکانیان

**ماددەی بیست و پێنجەم:**

مەرجە پێویستیەکانی بینای قوتابخانە:

1- بینای قوتابخانەی ناحکومی سەربەخۆ بێت و بەشورا دەور درابێت.

2- بەپێی ستانداردەکان، ڕووبەری پێویست بۆ هەر قوتابییەك لە پۆلێکدا نابێت لە ($1,5م^2$) کەمتربێت.

3- فراوانی زەوی باڵەخانەکان لەم ڕووبەرانەی خوارەوە کەمترنەبێت:

أ. باخچەی منداڵان بە تەنیا لە (600 $م^2$).

ب. قۆناغی بنەڕەتی بەتەنیا لە (1000 $م^2$).

ج. قۆناغی ئامادەیی و پەیمانگە (بەتەنیا هەریەکێکیان) لە (1500 $م^2$).

د. باخچە و قۆناغی بنەڕەتی پێکەوە ( 1600 م$^2$).
هـ. بنەڕەتی و ئامادەیی پێکەوە لـە ( 2500 م$^2$ ).
و. کۆمەڵگە (هەرسێ قۆناغی باخچە و بنەڕەتی و ئامادەیی ) پێکەوە (3100 م$^2$ ).
ز. بینای پەیمانگە نابێ هیچ قۆناغێکی تری خوێندنی لـەگەڵ بێت جگە لە پەیمانگەی تر.

4- نەخشەی هەر قوتابخانە و پەیمانگەیەکی ناحکومی ئاڕاستەی ب.گ.بیناسازی دەکرێت پێش پیدانی مۆڵەت بۆ دڵنیابوون لـە دروستی و گونجاوی لـەگەڵ پێوەرەکان.

5- تەوالێتی قوتابیان ژمارەیان لـە (4) تەوالێت کەمتر نەبێت بۆ (100) قوتابی، ئەگەر لـەو ژمارەیە زیاتر بوو پێویستە بۆ هەر(25) قوتابیەك تەوالێتێك هەبێت، بۆ باخچەی منداڵان بۆ هەر (20 منداڵێك) یەك تەوالێت.ئەگەر ڕەگەزی قوتابخانە تێکەڵاو بوو، دەبێت تەوالێتەکانی کوڕان وکچان بەجیابن.

6- تەوالێتی تایبەت بەدەستەی مامۆستایان وفەرمانبەرانی هەبێت.

7- تەوالێتەکان بەکاشی فەرفوری رووپۆشکرابن.

8- قوتابخانە و پەیمانگەی ناحکومی گۆڕەپانی کونکرێتکراوی هەبێت بۆ بەرزکردنەوەی ئاڵای کوردستان، بە رووبەری (100 م$^2$) ،جگە لـەپەیمانگەی وەرزشی دەبێت رووبەرەکەی بەپێی ڕێنمایی تایبەت بێت.

9- دەبێ ئاوی گەرم لـەوەرزی زستاندا هەبێت.

10- دەبێ کافتریای هەبێت و رووبەرەکەی لە (100 م$^2$) کەمتر نەبێت بۆ قوتابخانە و پەیمانگە، بۆ باخچەی منداڵان رووبەری لە(50 م$^2$) کەمتر نەبێت.

11- کەلوپەلـەکان دەبێت گونجاوبن بەگوێرەی تەمەنی قوتابییەکان.

12- لـەباخچەی منداڵان گۆڕەپانی یاری کردنی سەرداخراو بە رووبەری (1م$^2$) بۆهەر منداڵێك.

13- ڕووبەری باخچە لە (150 م$^2$) بچووکترنەبێت بۆ هەموو قۆناغەکان.

14- بوونی ئاوی خواردنەوەی پاکژکراو(معقم) بە ئامێری تایبەت.

15- ڕووبەری تاقیگە زانستیەکان نابێ لە (50 م$^2$) کەمتر بێت ودەبێت هەموویپێداویستی و کەلوپەل و ئامێری تێدابێت بەپێی سیستەمی خوێندن بەم شێوەیە:
أ. بۆ قۆناغی بنەڕەتی دوو تاقیگە ( کۆمپیوتەر،زانستەکان ).
ب. بۆ قۆناغی ئامادەیی چوار تاقیگە ( کۆمپیوتەر، فیزیا،کیمیا ، زیندەزانی)
ج. بۆ پەیمانگەی کۆمپیوتەر، یەك تاقیگەی کۆمپیوتەر بۆ(3-سێ) هۆبەی خوێندن.
د. بۆ پەیمانگەکانی {کارگێری و ژمێریاری ، وەرزشی ، هونەرەجوانەکان ، گازوپەترۆڵ} یەك تاقیگەی کۆمپیوتەر بۆ (8- هەشت) هۆبەی خوێندن.

ه. بۆ پەیمانگەی نەوت، تاقیگەی تایبەت بەپڕۆگرامەکانی نەوت هەبێت.

و. لەهەموو تاقیگەیەك، پێویستە یاریدەدەری تاقیگە (مساعد مختبر) هەبێت بەمەرجێك بڕوانامەکەی لە (دبلۆم) کەمتر نەبێت و بەفەرمانبەر هەژمار دەکرێت.

16- بوونی هۆڵی بۆنەکان، نابێت ڕووبەرەکەی لە (200 م$^2$) بچووکتربێت، (بۆ باخچەی منداڵان نابێ ڕووبەرەکەی لە 100 م$^2$ بچوکتربێت).

17- هۆڵەکانی خوێندن لە باخچەی منداڵان پێویستە لە نهۆمی زەوی بن.

18- بوونی ژوورەکانی کارگێڕی وخزمەتگوزاری وەك{بەڕێوەبەر، یاریدەدەران، مامۆستایان، ڕابەرانی پەروەردەیی، فریاگوزاری تەندروستی} .

19- بۆ پەیمانگەی هونەرە جوانەکان، پێویستە هۆڵی کۆژەن و ژوورە تاکژەنەکان و هۆڵی شانۆ و ژورە تایبەتەکانی ماکیاژ و وێنەکێشان هەبن بە پێی ڕێنماییە هونەرییەکان.

20- بوونی کتێبخانە بەمەرجێ ژمارەی سەرچاوەکان لە (500 سەرچاوە) کەمتر نەبێت و ڕێژەی سەرچاوە کوردییەکان لە 10٪ کۆی گشتی سەرچاوەکان کەمتر نەبێت. نابێت ڕووبەری کتێبخانە لە (50م$^2$) کەمتربێت.

21- ڕەچاوی هاتووچۆی کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت بکرێت.

22- هەموو کەلوپەل و هۆیەکانی ساردکەرەوە و گەرمکەرە وە سەردەمیانەبن.

23- ئامێری داتاشۆ چەسپاو بێت لە هۆبەکانی خوێندن و تاقیگەکان.

24- دینەمۆی کارەبا (مولدة)ی تایبەتی خۆی هەبێت بەمەرجێك توانای پێدانی زیاتر لە( 25 ئەمپێر)ی هەبێت (بۆ باخچەی منداڵان توانای پێدانی لە 10 ئەمپێرکەمترنەبێت).

25- پێویستە تۆڕی ئینتەرنێت هەبێت، بەمەرجێ توانایان لەم بڕانەی خوارەوە کەمتر نەبێت:

أ. باخچەی منداڵان: (1) مێگابایت.

ب. قۆناغی بنەڕەتی: (2) مێگابایت.

ج. قۆناغی ئامادەیی و پەیمانگە: (3) مێگابایت.

26- هەموو قوتابخانەیەکی ناحکومی پێویستە خاوەن ماڵپەری ئەلکترۆنی خۆی بێت.

**ماددەی بیست و شەشەم:**

1- ئەو قوتابخانە ناحکومییانەی پێش ساڵی خوێندنی 2017/2016 مۆڵەتیان وەرگرتوە، پێویستە بۆ ساڵی پێنجەمی تەمەنیان ببنە خاوەن تەلاری تایبەتی خۆیان بەنەخشەی بینای پەروەردەیی و بۆ پەیمانگە ناحکومییەکانیش لە ساڵی سێیەمی تەمەنیان. هەروەها دەبێت بەپێی ئەم ڕێنماییانە دروست بکرێن.

2- ئەو قوتابخانە ناحکومییانەی پێش ساڵی خوێندنی 2017/2016 مۆڵەتیان وەرگرتوە، پێویستە خاوەندارێتی قوتابخانەکانیشیان بگۆڕن بۆ کەسانی نافەرمانبەر( کوڕ ، کچ ، هاوسەر ، خوشك ، برا ، باوك ، دایك).

3- لەکاتی جێبەجێ نەکردنی هەریەکێك لە مەرجەکانی سەرەوە بەپێچەوانەوە توانای وەرگرتنی قوتابی تازەیان نابێت.

**ماددەی بیست و حەوتەم:**

کارگێڕی قوتابخانە ناحکومییەکان بۆیان هەیە سوود لە بینای قوتابخانەی خۆیان وەربگرن لەدوای تەواوبوونی دەوام ، لەکاتی پشووەکان بۆ کاری پەروەردەیی و فێرکردن، بەمەرجێك رەزامەندی بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی پارێزگە وەربگرن.

# بەشی پێنجەم

# دەستەی کارگێڕی و فێرکاری و فەرمانبەران

**ماددەی بیست و هەشتەم:**

لەسەرخاوەن باخچە و قوتابخانە و پەیمانگە ناحکومییەکان پێویستە دەستەی کارگێڕی و مامۆستایان بەم شێوەی خوارەوە دابمەزرێنن:

**یەکەم**: بەڕێوەبەر:

1- بڕوانامەکەی لەبەکالۆریۆس کەمترنەبێت.

2- پسپۆڕیەکەی لەسنووری پسپۆڕی مامۆستایان بێت.

3- ماوەی خزمەتی لە بواری پەروەردە لە (5 ساڵ) کەمتر نەبێت لە کەرتی تایبەت یان گشتی (بۆ باخچەکان لە(3ساڵ) کەمتر نەبێت).

4- شیاوبێت لە رووی پەروەردەییەوە.

5- لە کاتی دانان و لادانی پێویستە (ب.پ.قەزا) ی لێ ئاگاداربکرێتەوە.

6- خاوەن قوتابخانەی ناحکومی بۆی هەیە ببێتە بەڕێوەبەری قوتابخانەکەی بەپێی مەرجەکانی بوون بە بەڕێوەبەر.

**دووەم**: یاریدەدەری بەڕێوەبەر:

1- بەلایەنی کەم هەڵگری بڕوانامەی دبلۆم بێت بۆ باخچەی منداڵان و قۆناغی بنەڕەتی (بازنەی یەکەم و دووەم)، وە هەڵگری بڕوانامەی بەکالۆریۆس بێت بۆ قۆناغەکانی دیکە.

2- شیاو بێت لە ڕووی پەروەردەییەوە بۆ کاری مامۆستایی.

3- لانی کەم دوو ساڵ خزمەتی هەبێت لە بواری پەروەردە وکارگێڕی لەکەرتی تایبەت یان گشتی.

4- ژمارەی یاریدەدەری بەڕێوەبەر لە قوتابخانە لۆکاڵییەکان بە گوێرەی سیستەمی وەزارەت دەبێت، لە قوتابخانە بیانی و نێو دەوڵەتییەکان بە گوێرەی سیستەمی تایبەت بە خۆیان دەبێت.

5- بوونی یاریدەدەری کارگێڕی بەپێی پێویستە.

6- ئەگەر ڕەگەزی قوتابخانە تێکەڵاو(کوڕان وکچان) بوو، پێویستە ڕەگەزی بەڕێوەبەر و یاریدەدەر جیاوازبن لەیەکتری.

**سێیەم**: مامۆستا:

1- لانی کەم هەڵگری بڕوانامەی دبلۆم بێت بۆ باخچەی منداڵان و قۆناغی بنەڕەتی (بازنەی یەکەم و دووەم).

2- لانی کەم هەڵگری بڕوانامەی بەکالۆریۆس بێت بۆ قۆناغی بنەڕەتی (بازنەی سێیەم) و قۆناغی ئامادەیی و پەیمانگە.

3- شیاوبێت لە ڕووی پەروەردەییەوە بۆ کاری مامۆستایەتی.

4- پسپۆڕبێت لەو وانەیەی دەیڵێتەوە.

5- باشترە مامۆستایانی وانەی کۆمپیوتەر خاوەن بڕوانامەی (ICDL) بن.

6- باشترە مامۆستایانی وانەی زمانی ئینگلیزی خاوەنی یەکێك لە بڕوانامە جیهانییەکانی بواری زمانی ئینگلیزی وەك ( IELTS ، TOEFL...هتد...) بن.

**چوارەم**: دەکرێ مامۆستای حکومی بە شێوازی خواستن (اعارة) بگوازرێتەوە بۆ قوتابخانەی ناحکومی وەك بەڕێوەبەر یان یاریدەدەر یان مامۆستا ، بەمەرجێك ماوەی خواستنەکەی لە (5 ساڵ) زیاترنەبێت {بەپێی یاسای ژمارە (11)ی ڕاژەی مەدەنی عێراقی ساڵی (1960)} .

**ماددەی بیست و نۆیەم:**

1- نابێت ڕێژەی مامۆستایانی میلاك لەو قوتابخانانە لە 80٪ کەمتربێت.

2- نابێت بەشە وانەی مامۆستایان لەو قوتابخانانە، لە بەشە وانەی مامۆستایانی قوتابخانە حکومییەکان زیاتربێت.

**ماددەی سییەم:**

**یەکەم**:ڕێگە بە مامۆستایانی قوتابخانە و پەیمانگە حکومییەکان دەدرێت بۆ وتنەوەی وانە لە قوتابخانە ناحکومییەکان بەگوێرەی ماددەی (شەشەم و حەوتەم) لەیاسای ڕێککاری فەرمانبەرانی دەوڵەت و کەرتی گشتی ژمارە (14)ی ساڵی (1991)ی هەموارکراو، بەمەرجێك دوای دەوامی فەرمی خۆی بێت و کاریگەری لەسەر ئاست و تواناکەی نەبێت و ڕێژەیان لە کۆی گشتی مامۆستایان لە ناو قوتابخانە ناحکومییەکە لە 20٪ زیاتر نەبێت.

**دووەم**: فەرمانبەرانی وەزارەتی پەروەردە و وەزارەتەکانی تر بۆیان هەیە دەوام بکەن لە قوتابخانە ناحکومییەکان بەگوێرەی ماددەی (شەشەم و حەوتەم) لەیاسای ڕێککاری فەرمانبەرانی دەوڵەت و کەرتی گشتی ژمارە (14)ی ساڵی (1991)ی هەموارکراو، بەمەرجێك دوای دەوامی فەرمی خۆیان بێت و کاریگەری لەسەر ئاست و توانایان نەبێت.

**سێیەم**: سەرپەرشتیارانی پەروەردەیی و پسپۆڕی بۆیان نیە وەك دەستەی کارگێڕی یان فەرمانبەر یان بەشێوەی وانەبێژ کار بکەن لە قوتابخانە ناحکومییەکان.

**چوارەم:** فەرمانبەرانی بەڕێوەبەرایەتی و هۆبەکانی قوتابخانە و پەیمانگە ناحکومییەکان بۆیان نیە وەك بەڕێوبەر و یاریدەدەر کار بکەن لە قوتابخانە و پەیمانگە ناحکومییەکان.

**پێنجەم**: ڕێگە بە بەڕێوەبەر و یاریدەدەری باخچە و قوتابخانە و پەیمانگە حکومییەکان دەدرێت بۆ وتنەوەی وانە لە قوتابخانە ناحکومییەکان بەگوێرەی ماددەی (شەشەم و حەوتەم) لەیاسای ڕێککاری فەرمانبەرانی دەوڵەت و کەرتی گشتی ژمارە (14)ی ساڵی (1991)ی هەموارکراو، بەمەرجێك دوای دەوامی فەرمی خۆی بێت و کاریگەری لەسەر ئاست و توانای نەبێت.

**شەشەم**: ڕێگە نادرێت بە بەڕێوەبەر لە باخچە و قوتابخانە و پەیمانگە حکومییەکان وەك بەڕێوەبەر یان یاریدەدەر کاربکەن لە قوتابخانە ناحکومییەکان.

### ماددەی سی و یەکەم:

لەسەر خاوەن قوتابخانە ناحکومییەکان پێویستە:

1- وێنەیەکی ڕەسەنی پەسندکراوی بڕوانامەی دەستەی مامۆستایان و فەرمانبەران (میلاك) لەگەل ژیاننامەیان پێشکەش بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی پارێزگە بکات بەر لەدەست بەکاربوونیان.

2- پشتگیری مامۆستا و فەرمانبەرانی نامیلاك پێشکەش بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی پارێزگە بکات بەر لەدەست بەکاربوونیان.

### ماددەی سی و دووەم:

لەسەر خاوەن قوتابخانە ناحکومییەکان پێویستە وێنەیەکی ڕەسەنی پەسندکراوی یاسایی گرێ بەستی دەستەی مامۆستایان و فەرمانبەران پێشکەش بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی پارێزگە بکات پێش دەستپێکردنی ساڵی خوێندن لەگەڵ ئەو گۆڕانکاریانەی کەوا لە میلاك ڕوودەدەن.

### ماددەی سی و سێیەم:

1- پێویستە قوتابخانە ناحکومییەکان خولی ڕاهێنان بکەنەوە بۆ مامۆستایانی میلاك لەسەر خەرجی خۆیان بە سوود وەرگرتن لە سەنتەرەکانی ڕاهێنانی ئەهلی مۆڵەتدراو.

2- پێویستە قوتابخانە ناحکومییەکان خولی ساڵانەی ڕاهێنان بکەنەوە بۆ مامۆستا وانەبێژەکانیان.

3- پێویستە مامۆستا تاکو بڕوانامەی بەشداریکردنی خولی شیاندنی نەبێت، دەست بەکار نەبێت. ئەم خولانە دەرچووانی (کۆلیژەکانی پەروەردە و بنیات، پەیمانگەکانی سەر بە وەزارەت) ناگرێتەوە.

### ماددەی سی و چوارەم:

مۆڵەتی ئاسایی مامۆستایان و فەرمانبەرانی قوتابخانە ناحکومییەکان بەلای کەم نابێ کەمتربێت لە مۆڵەتی ئاسایی مامۆستایان و فەرمانبەرانی قوتابخانە و پەیمانگە حکومییەکان، دەبێت لە گرێ بەستی نێوان قوتابخانە و پەیمانگە ناحکومییەکان لەگەڵ مامۆستا ئاماژەی پێ کرابێت.

**ماددەی سی و پێنجەم:**

بەڕێوەبەری قوتابخانە ناحکومییەکان بەرپرسن لە هەموو کارە پەروەردەیی و هونەری وکارگێڕی و داراییەکان و جێ بەجێ کردنی یاسا و ڕێنماییەکانی قوتابخانەکان.

**ماددەی سی و شەشەم:**

دەبێ خاوەن قوتابخانە ناحکومییەکان ئەم کەسانەی لەخوارەوە دیاری کراون دابمەزرێنن بەپێی پێویستی قۆناغەکان:

1- **کارمەندی تەندروستی**: بەمەبەستی فریاگوزاری تەندروستی سەرەتایی ، بڕوانامە و پسپۆڕیەکەی لە بواری تەندروستیدا بێت.

2- بۆ ئەوقوتابخانانەی ژمارەی قوتابیانی لە (300 قوتابی) زیاترە، دەبێ گرێ بەست لەگەڵ پزیشکێك بکرێت بۆ سەردانی قوتابخانەکە هەفتەی جارێك.

3- راستگری کتێبخانە.

4- **رابەری پەروەردەیی** یان **توێژەری کۆمەڵایەتی**: پێویستە خزمەتگوزاری رابەری پەروەردەیی و توێژەری کۆمەڵایەتی لە قوتابخانە ناحکومییەکان هەبێت بە تێکرای یەك ڕابەر بۆ (150) قوتابی ، ئەگەر هاتوو رەگەزی قوتابخانە تێکەڵاو بوو، پێویستە بۆ هەردوو رەگەز رابەری پەروەردەیی یان توێژەری کۆمەڵایەتی تایبەتی هەبێت.

5- **چاودێر**: بۆهەر (20) بیست منداڵ یەك چاودێر.

6- **ڕێکخەر**: کەسێك دابمەزرێت وەکو ڕێکخەر لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی پارێزگە و لایەنە پەیوەندیدارەکانی دیکە و وەزارەتی پەروەردە، بەمەرجێك ئەو کەسە دانیشتووی هەرێمی کوردستان بێت و هەڵگری بڕوانامەی ئامادەیی بێت بەلایەنی کەمەوە و زمانی کوردی بەباشی بزانێت.

7- **کارگوزار**: یەك کارگوزار بۆ (چوار پۆل)، یاخود مۆرکردنی گرێ بەست لەگەڵ کۆمپانیاکانی پاککردنەوە.

8- نووسەر(= تۆمارنووس) و ژمێریار وکارمەندانی تر بەپێی پێویست.

**ماددەی سی و حەوتەم:**

مامۆستا کوردستانیەکان (کە هاوڵاتی عێراقین و ڕێنمایی دامەزراندن دەیانگرێتەوە) دەتوانن داوای دامەزراندن بکەن بەشێوەی خواستن بەپێی یاسای ژمارە (14) و ڕێنماییەکانی وەزارەت.

**ماددەی سی و هەشتەم:**

قوتابخانە ناحکومییەکان پێویستە بڕی دەستەبەری کۆمەڵایەتی (الضمان الأجتماعي) هەموو ئەو کارمەندانە دەستەبەر بکەن بە مەبەستی هەژمارکردنی خزمەتەکانیان (دانی بڕی دەستەبەری کۆمەڵایەتی ئەوکارمەندانە ناگرێتەوە کەمووچە خۆری میرین).

# بەشی شەشەم
# پڕۆگرامەکانی خوێندن و تاقیکردنەوەکان و وەرگرتن و گواستنەوەی قوتابیان

**ماددەی سی و نۆیەم:**

قوتابخانە ناحکومییەکان بۆیان هەیە هەر پڕۆگرام و پەرتووکێکی خوێندن بخوێنن وەك وانەیەکی زێدەکی سەرباری پڕۆگرامە سەرەکییەکانیان، بەمەرجێك ڕەزامەندی پێشوەختەی وەزارەت وەربگرێت (لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی پڕۆگرام و هۆیەکانی فێرکردن و چاپەمەنییەکان) و نمرەکانیان هەژمار ناکرێت بۆسەر تێکڕای نمرەی قوتابیان و کار لەئەنجامی دەرچوونی قوتابیان نەکات.

**ماددەی چلەم:**

قوتابخانە ناحکومییەکان سەرپشکن بە خوێندنی بەشە وانەی زیاتر لە هەر بابەتێك لەو بەشە وانەی لەلایەن وەزارەت بۆیان دیاری کراوە، بەشێوەی بەردەوام لە هەفتەیەکدا، یاخود بەشێوەی پچڕپچڕ، بەمەرجێك کاریگەری نەبێت لەسەر کەمکردنەوەی بەشە وانەکانی دیکە.

**ماددەی چل و یەکەم:**

**یەکەم**: وانەکانی (زمانی کوردی، زمانی عەرەبی، زمانی ئینگلیزی، پەروەردەی ئاین ،کۆمەڵایەتی) بەهەمان پڕۆگرامی وەزارەت دەبێ بخوێندرێت لە قوتابخانە بیانییەکان. خوێندنی ئەو بابەتانە بە پێی ڕێنماییەکان دەبێت کە تایبەتمەندی و جۆر و سیستەمی ئەو قوتابخانانە لەبەرچاو دەگرێت.

**دووەم**: قوتابخانە نێودەوڵەتییە ناحکومییەکان دەتوانن پڕۆگرامی وانەکانی (زمانی کوردی، زمانی عەرەبی، زمانی ئینگلیزی) تایبەت بە خۆیان ئامادە بکەن و بخوێنن دوای وەرگرتنی ڕەزامەندی بەڕێوەبەرایەتی گشتی پرۆگرام و هۆیەکانی فێرکردن و چاپەمەنییەکان. خوێندنی ئەو بابەتانە بە پێی ڕێنماییەکان دەبێت کە تایبەتمەندی و جۆر و سیستەمی ئەو قوتابخانانە لەبەرچاو دەگرێت.

**سێیەم**:وانەکانی (پەروەردەی ئاین ،کۆمەڵایەتی) بە پڕۆگرامی وەزارەتی پەروەردە بەهەمان زمانی سەرەکی قوتابخانە دەبێت.

**ماددەی چل و دووەم:**

**یەکەم**: ساڵنامەی قوتابخانە ناحکومییە لۆکاڵەکان نابێ کەمتر بێت لە ساڵنامەی وەزارەتی پەروەردە و تاقیکردنەوەکانیشیان هاوکات بێت لەگەڵ تاقیکردنەوە گشتییەکان.

**دووەم**: قوتابخانە ناحکومییە بیانی و نێودەوڵەتییەکان ساڵنامەی خوێندنی تایبەت بەخۆیان دەبێت کەپەسەندکراوە لەلایەن دەزگا نێودەوڵەتییەکە و وەزارەتی پەروەردە پێش وەرگرتنی مۆڵەت.

**سێیەم**: پێویستە پێش (7/1) ساڵنامەی خوێندن پەسەند بکرێت بۆ هەردوو خاڵی سەرەوە.

**ماددەی چل و سێیەم :**

لەدوای تێپەڕبوونی دوو هەفتە لە کۆتایی هاتنی ساڵی خوێندن، پێویستە لەسەر قوتابخانە ناحکومییەکان ( لۆکاڵ و بیانی و نێودەوڵەتی) ئەنجامی کۆتایی قوتابیان، بەسێ دانە بدەن بە بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی قەزا { پەیمانگاکانیش دەینێرن بۆ ب.گ. هەڵسەنگاندن و ئەزموونەکان} بەشێوەی (بۆردی تاقی کردنەوە) پاش پەسەندکردنی لەلایەن لیژنەی سەرپەرشتیاری خوێندنی ناحکومی پارێزگە.

**ماددەی چل و چوارەم :**

لەکاتی دەستەبەرنەکردنی کرێی خوێندن، پێویستە ڕێگەی یاسایی بگیرێتە بەر بۆ وەرگرتنی ئەو بڕە پارانە و نابێ قوتابی بێ بەش بکرێ لە مافەکانی {دەوامکردن ، بەشداریکردن لە تاقی کردنەوەکان،... هتد...} بەرامبەر ئەم سەرپێچی یە.

**ماددەی چل و پێنجەم :**

1- **قوتابخانە ناحکومییەخۆماڵییەکان**:

أ. بڕوانامەکانیان هەمان بڕوانامەی قوتابخانە و پەیمانگە حکومییەکانە لە هەموو قۆناغەکان.

ب. سیستەمی تاقی کردنەوەکانیان هەروەك سیستەمی تاقی کردنەوەی قوتابخانە و پەیمانگە حکومی یەکان دەبێت .

ج. هەمان پسوولەی بڕوانامە فەرمییەکانی وەزارەت بەکاردەهێنن لەکاتی گواستنەوە و بەدەستهێنانی بڕوانامە بەزمانی کوردی.

د. دەرچوانی پۆلی (12) هاوتا لەگەڵ قوتابیانی قوتابخانە حکومییەکان کێبڕکێ دەکەن بۆ وەرگرتن لە پەیمانگە و زانکۆحکومی و ئەهلییەکانی هەرێم.

2- **قوتابخانە ناحکومییە بیانییەکان**:

أ. بڕوانامەکانیان هەمان بڕوانامەی ئەو وڵاتانە دەبێت کەپەیڕەوی دەکەن.

ب. سیستەمی تاقی کردنەوەکانیان هەمان سیستەمی ئەو وڵاتە دەبێت کەپەیڕەوی دەکەن.

ج. فۆڕمی بڕوانامەی گواستنەوە و بەدەستهێنانی فەرمی وەزارەت بەکارناهێنن بەڵکو بڕوانامەی وڵاتەکەی خۆیان بەکاردەهێنن.

د. لەکاتی گواستنەوەیان بۆ قوتابخانەیەکی دیکەی کوردستان کە جیاوازە لە پرۆگرام و سیستەم، پێویستە بڕوانامەکەیان هاوتا بکرێت لە وەزارەت (لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی گشتی هەڵسەنگاندن و ئەزموونەکان) بۆدیاری کردنی نمرە و ئەو پۆلانەی لێی وەردەگیرێن. پێویستە پێش دەستپێکردنی تاقیکردنەوەکانی (وەرزی یەکەم) هێنانی بڕوانامەکە و بەرابەرکردنی کۆتایی هاتبێت.

3- **قوتابخانە ناحکومییە نێودەوڵەتییەکان**:

أ. بڕوانامەکانیان هەمان ئەو بڕوانامەیە دەبێت کە دەزگا نێودەوڵەتییەکە باوەڕی پێکردوە.

ب. بەشداری تاقی کردنەوە جیهانییەکان دەکەن وەك { A Level , AS Level , SAT1, SAT2 , IB ، IB-HL,SL ، GCE-AL,SL، IGCSE ، GCSE، AP، O-Level و هاوشێوەکانی}.

ج. فۆڕمی بڕوانامەی تایبەت بە دەزگا نێودەوڵەتییەکە بەکاردەهێنن، بە لۆگۆی فەرمی ئەو دەزگایانە.

د. لەکاتی گواستنەوەیان بۆ قوتابخانەیەکی دیکەی هەرێم کە جیاوازە لە پرۆگرام و سیستەم، پێویستە بڕوانامەکە لە وەزارەت هاوتا بکرێت (لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی گشتی هەڵسەنگاندن و ئەزموونەکان) بۆ دیاری کردنی نمرە و ئەو پۆلانەی لێی وەردەگیرێن. پێویستە پێش دەستپێکردنی تاقیکردنەوەکانی (وەرزی یەکەم) هێنانی بڕوانامەکە و بەرابەرکردنی کۆتایی هاتبێت.

4- **قوتابی گەڕاوە یان بیانی کە هاتۆتە هەرێم، ئەم ئاسانکاریانەی خوارەوەیان بۆ دەکرێ :**

أ. کەمترین نمرەی دەرچوونیان بەرێژەی 20٪ دەبێت لە وانەکانی (کوردی ، عەرەبی) لە ساڵی یەکەم. بۆ ساڵی دووەمی گەڕانەوەیان بۆ هەرێم، دەبێت بە 30٪ و بۆساڵی سێیەم و چوارەم دەبێت بە 40 ٪. لە ساڵی پێنجەمدا، وەك هەرقوتابیەکی هەرێم مامەڵەی لەگەڵ دەکرێ لەو دوو وانەیەدا. لەماوەی چوار ساڵی یەکەم لە گەڕانەوەیان، ئەگەر گەیشتنە پۆلی (12)، دەبەخشرێن لە تاقی کردنەوەی هەردوو زمانی ( کوردی ، عەرەبی) و بۆ ساڵی پێنجەم و شەشەم پێویستە لە تاقی کردنەوەی گشتی ئەو دوو وانەیەدا کەمترین نمرەی دەرچوون بە ڕێژەی ( 50٪) بەدەست بهێنن ، بەڵام بۆ کێبڕکێی چوونە زانکۆ و پەیمانگاکان هەژمار ناکرێت.

ب. ئەگەر قوتابیەکە لە خوێندنی عەرەبی هاتبوو یان زمانی عەرەبی لەسێ زمانە سەرەکیەکە بوو لەو قوتابخانەیە، خاڵی (أ) ی سەرەوە تەنها وانەی کوردی دەگرێتەوە.

ج. قوتابخانە ناحکومییەکان بەرپرسن لەبەهێزکردنی ئەو قوتابیانە لەو وانانەی تیایدا لاوازن.

د. دەکرێ وەڵامدانەوەی پرسیارەکانی تاقی کردنەوەکانی ڕۆژانە و مانگانە و کۆتایی ناو قوتابخانە لەوانەکانی ( پەروەردەی ئاین،کۆمەڵایەتی) بەو زمانە بێت کە قوتابیەکە دەیزانێت.

هـ. قوتابی گەڕاوە، بەو قوتابیە دەڵێن کە زیاتر لەسێ ساڵ بێت هەرێمی بەجێ هێشتبێت و لەو وڵاتەش پۆلێکی خوێندنی بڕی بێت. قوتابی بیانیش بەو قوتابیە دەڵێن کە لەدەرەوەی هەرێم لەدایکبووبێت و بیەوێ لە کوردستان درێژە بە خوێندنی بدات.

و. تەنها ئەو قوتابیانە بۆیان هەیە لەخوێندنی عەرەبی بخوێنن کە لەوڵاتێکی عەرەبی یان لە قوتابخانەیەکی زمانی عەرەبی هاتبن یاخود دایك یان باوکیان بە (ڕەگەز عەرەب) بن.

ز. ئەو قوتابیانەی بە زمانی کوردی نادوێن پرۆگرامی زمانی کوردی تایبەت دەخوێنن بۆ ماوەی دوو ساڵ بەهەمان شێوە بۆ زمانی عەرەبی بەرەچاوکردنی:

1- نمرەی دەرچوون بە ڕێژەی 50٪ بێت.

2- بۆ قوتابی گەڕاوە و بیانی، لەبری دووساڵی گەڕانەوە هەژمار دەکرێت کە ڕێژەکەی (20٪ و 30٪)یە بۆ دووساڵی دواتریش ڕێژەی 40٪ وەك خۆی دەمێنێتەوە.

**ماددەی چل و شەشەم:**

قوتابخانە و پەیمانگە ناحکومییەکان بۆیان نیە قوتابی بەبێ دەوامکردنی بەردەوام (واتە بەشێوەی الأنتساب) وەربگرن.

**ماددەی چل وحەوتەم:**

وەزارەتی پەروەردە (ب.گ. هەڵسەنگاندن و ئەزموونەکان) تاکە لایەنی پەیوەندارە بەپێدانی بڕوانامەی فەرمی.

**ماددەی چل و هەشتەم:**

سەبارەت بە وەرگرتنی قوتابیان:

1- **قوتابخانە ناحکومییە لۆکاڵەکان**، بەدەرن لەمەرج و پێوەرەکانی وەرگرتن کە وەزارەت پەیڕەوی دەکات لەقوتابخانە حکومییەکان وەك ( ساڵانی کەوتن ، تەمەن: لەکەمترین تەمەنی قوتابخانە ناحکومییەکان کەمتر نەبێت (بەتایبەتی پۆلی یەکەمی بنەڕەتی نابێت لەشەش ساڵ کەمتربێت بۆ وەرگرتنیان)، قوتابی دەرەکی ، قوتابی خوێندنی ئێواران).

2- **قوتابخانە ناحکومییە بیانی و نێودەوڵەتییەکان**، پەیڕەوی سیستەمی وەرگرتنی تایبەتی خۆیان دەکەن کەپێشترپەسەندکراوە لە وەزارەت پێش وەرگرتنی مۆڵەت.

**ماددەی چل و نۆیەم:**

قوتابخانە ناحکومییەکان (جگە لە بیانی و نێودەوڵەتیەکان) پێویستە ساڵانە پێش مانگی تشرینی یەکەم لیستێك بە ناو و تەمەنی قوتابیانی قوتابخانەکە بنێرن بۆ ( بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی پارێزگە ) بۆ پەسندکردنی. دوایی پەسەندکردنی ئەو لیستە نابێ هیچ قوتابیەکی تر وەربگرن (جگە لە حاڵەتی پێویست نەبێت).

**ماددەی پە نجایەم:**

بەڵگەنامەکانی پێویست بۆ وەرگرتنی قوتابی لە قوتابخانە ناحکومییەکان، هەمان ئەو بەڵگەنامانەن کە داواکراون لەقوتابخانە حکومییەکان بەرەچاوکردنی ئەم خاڵانەی خوارەوە بۆ ئەو قوتابیانەی لە دەرەوەی هەرێم دێن (یان ناسنامەیان سەر بە هەرێم نیە):

1- بڕوانامەی دەرەوەی هەرێم بەرابەرکراو لە وەزارەت (لەلایەن ب.گ.هەڵسەنگاندن و ئەزموونەکان).

2- کۆپی پاسپۆرت.

3- بەڵگەنامەی نشینگە ( اقامة ) .

4- بەڵگەنامەی پشکنینی تەندروستی.

**ماددەی پەنجا و یەکەم:**

زۆرترین ڕێژەی نەهاتنی ڕێگەپێدراو بۆ قوتابیان لە قوتابخانە ناحکومییە لۆکاڵەکان هەمان ڕێژەی نەهاتنی قوتابیانە لە قوتابخانە و پەیمانگە حکومییەکان، بەڵام لە قوتابخانە ناحکومییە بیانی و نێودەوڵەتییەکان بەپێی سیستەمی تایبەتی خۆیان دەبێت کەپێش وەرگرتنی مۆڵەت لە وەزارەت پەسەندکراوە.

**ماددەی پەنجا و دووەم:**

**یەکەم**:گواستنەوەی قوتابیان لەقوتابخانەی حکومی بۆ قوتابخانەی ناحکومی و پەیمانگەی حکومی بۆ پەیمانگەی ناحکومی بەپێی هەمان جۆر و بەش ئاساییە.

**دووەم**: گواستنەوەی قوتابیان لە قوتابخانە ناحکومییەکانەوە بۆ قوتابخانە حکومییەکان و پەیمانگەی ناحکومییەکان بۆ پەیمانگەی حکومییەکان بەپێی هەمان جۆر و بەش، بەپێی ڕێنماییەکان و ڕەچاوکردنی مەرجەکان و تەمەن دەبێت.

**سێیەم**: گواستنەوەی قوتابیان لەنێوان قوتابخانە بۆ قوتابخانەی ناحکومی و پەیمانگە بۆ پەیمانگەی ناحکومی، بەپێی ڕێنماییەکان و ڕەچاوکردنی مەرجەکان و تەمەن دەبێت.

**ماددەی پەنجا وسێیەم:**

جیاوازی تەمەن لەنێوان گەورەترین و بچووکترین قوتابی لەپۆلێکدا نابێ لە (5 ساڵ) زیاتربێت.

## بەشی حەوتەم

# سیستەمی کارگێڕی و دارایی

**ماددەی پەنجا و چوارەم:**

خاوەنی قوتابخانە واژوو لەسەر گرێبەستی دامەزراندن و دەست لەکارکێشانەوە و کۆتایی هێنان بەکاری بەڕێوەبەر و ژمێریاری قوتابخانە ومامۆستا و فەرمانبەران دەکات، بەپێی یاسای ژمارە (14)ی ساڵی (2012).

**ماددەی پەنجا و پێنجەم:**

قوتابخانە ناحکومییەکان ناتوانن ڕاستەوخۆ نووسراو ئاڕاستەی وەزارەت بکەن، بەڵکو نووسراوەکانیان دەبێت لە ڕێگەی بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی پارێزگاوە بێت و دواتر بەرزبکرێتەوە بۆ وەزارەت.

**ماددەی پەنجا و شەشەم:**

1- لەسەر قوتابخانە ناحکومییەکان پێویستە گشت ئەو تۆمارانەیان هەبێت کەوا لە قوتابخانە و پەیمانگە حکومییەکاندا هەن.

2- لە قوتابخانە ناحکومییە خۆماڵییەکان، پێویستە هەموو ئەو لیژنانە پێك بهێنرێن کە لە سیستەمی وەزارەتی پەروەردە ئاماژەیان پێکراوە، بەڵام لە قوتابخانە ناحکومییە بیانی و نێودەوڵەتییەکان ئەو لیژنانە بەپێی سیستەمی تایبەتی خۆیان دەبێت.

3- لە قوتابخانە ناحکومییە بیانی و نێودەوڵەتییەکان تۆماری گشتی و تۆمارەکانی دیکە بەگوێرەی سیستەمەکانیان ئامادە بکرێن.

**ماددەی پەنجا و حەوتەم:**

دەوامکردن لەقوتابخانە و پەیمانگە ناحکومییەکان نابێت لە (5) رۆژ کەمتربێت لە هەفتەیەکدا و دەوامی ڕۆژانەش نابێت لەشەش کاتژمێر کەمتربێت. ڕۆژانی هەینی و شەممە پشوو دەبێت و ڕۆژانی شەممەش بۆ ئەنجامدانی کۆبوونەوە و چالاکیەکان بەکاردێت.

**ماددەی پەنجا و هەشتەم:**

دوو هەفتە دوای کۆتایی هاتنی ساڵی خوێندن پێویستە بەڕێوەبەری قوتابخانەی ناحکومی ڕاپۆرتێك دەربارەی چۆنیەتی بەڕێوەچوونی پرۆسەی خوێندن و چالاکیەکان پێشکەش بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی پارێزگە بکات.ئەوەش، لەگەڵ دەستکردن بە مامەڵەی نوێکردنەوەی مۆڵەت پێش دەستپێکردنەوەی ساڵی نوێی خوێندن.

**ماددەی پەنجا و نۆیەم:**

لەسەر کارگێری قوتابخانە ناحکومییەکان پێویستە:

1- ئەنجومەنی بەخێوکاران (سەمیان) پێکبهێنن کە هەمان ئەو کارانە دەکات کەوا لەرێنماییەکانی ئەنجومەنی بەخێوکاران (سەمیان) ی قوتابخانە و پەیمانگە حکومییە (لۆکاڵییەکان) دا هاتووە.

2- نوێنەرایەتی قوتابی و خوێندکاران (تەنها بۆ قۆناغی ئامادەیی وپەیمانگە) بۆهەر یەك هۆبەی خوێندن یەك قوتابی، دواتر بەرپرسی نوێنەرایەتی بەهەڵبژاردن دیاری دەکرێت.

**ماددەی شەستەم:**

1- لەپشووی هاویندا، مووچەی مامۆستا و کارمەندانی میلاکی قوتابخانە ناحکومییەکان نابێ ببڕدرێت و دەکرێ قوتابخانە سوودیان لێ وەربگرێت بە مەبەستی ئەنجامدانی چالاکی و خولەکانی بەهێزکردنی قوتابیان.

2- داهات و مووچەی مامۆستا و کارمەندانی قوتابخانە ناحکومییەکان لە ڕێگەی ژمارەیەکی حیسابی بانکی تایبەت دەبێت کە قوتابخانە لەسەریەتی بیکاتەوە لە یەکێك لەبانکەکانی هەرێمی کوردستان و ناو و ژمارەی ئەو حسابانە دەنێردرێن بۆ (ب.پ. قەزا).

3- کەمترین بڕی مووچەی مامۆستایانی میلاك نابێت کەمتر بێت لە کەمترین مووچەی مامۆستایانی کەرتی گشتی بەگوێرەی بڕوانامە.

**ماددەی شەست و یەکەم:**

داهاتی قوتابخانە و پەیمانگە ناحکومییەکان بریتی دەبێت لە:

1- کرێی ساڵانەی خوێندنی قوتابیان.

2- یارمەتی و هاوکاری و بەخشین دوای ڕەزامەندی وەزارەت.

3- قازانجی بەرنامە و چالاکییەکانی قوتابخانە.

4-فرۆشگا و کافتریای قوتابخانە و پەیمانگە.

**ماددەی شەست و دووەم:**

نابێت وەرگرتنی کرێی خوێندن لە دووپشك کەمتربێت بەم شێوەیەی خوارەوە:

1- **پشکی یەکەم**، پێش 8/15 ی هەموو ساڵێك دەبێت.

2- **پشکی دووەم**، دوای دە ڕۆژ لەدەستپێکردنی دەوامی وەرزی دووەمی خوێندن.

3- بەدەر لەو ڕێکەوتانەی سەرەوە، بەخێوکار ئازادە لە دانی ئەو پشکانە بەجیا یان پێکەوە لەهەر ڕێکەوتێکدا بێت.

4- پاش ئەو ڕێکەوتانەی سەرەوە، قوتابخانەی ناحکومی بۆی هەیە جەخت لەبەخێوکاری قوتابی بکاتەوە بە نامە یان ڕاستەوخۆ بۆ هێنانی پشکەکانی خوێندن (بێ ئەوەی کاریگەری هەبێت لەسەر دەروون و کەسایەتی قوتابی).

5- لەماوەی (15ڕۆژ) لە ڕێکەوتی دانی پشکی خوێندن،قوتابی بۆی هەیە پەشیمان بێتەوە و ئەو پشکە بەتەواوی وەربگرێتەوە، بەڵام دوای ئەو ماوەیە بڕی ئەو پشکە دەبێتە موڵکی قوتابخانە.

6- ئەو قوتابخانە ناحکومیانەی پەیڕەوی سیستەمی وەرگرتنی تایبەت بەخۆیان دەکەن (بەتایبەتی بیانی و نێودەوڵەتییەکان)، دەتوانن پێشتر ناوی قوتابیان تۆماربکەن وەك خۆئامادەکردنێك بۆ ساڵی دواتری خوێندن.

**ماددەی شەست و سێیەم:**

قوتابخانە ناحکومییەکان پێویستە وێنەیەك لەپێداچوونەوەی ژمێریاری ساڵانەی وردبینیکراو لەلایەن نووسینگەی وردبینی ژمێریاری (مۆڵەتدراو لەلایەن وەزارەتی دارایی) پێشکەش بە وەزارەت بکەن لەڕێگای بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی پارێزگە.

**ماددەی شەست و چوارەم:**

ڕسوماتی دەرهێنانی مۆڵەت، نوێکردنەوەی مۆڵەت، زیادکردنی بەش و قۆناغەکان، گواستنەوەی خاوەندارێتی (بەپێی ماددەی 13) بۆ قوتابخانە و پەیمانگە ناحکومییەکان بەم شێوەی خوارەوە دەبێت، بەگوێرەی پسوولەی ( 37أ):

1- رسوماتی وەرگرتنی مۆڵەت بەم بڕانەی خوارەوە دەبێت بۆ یەکجار لەکاتی وەرگرتنی مۆڵەتدا:

| | |
|---|---|
| قۆناغی باخچەی منداڵان: | 2 000 000 دوو ملیۆن دینار |
| قۆناغی بنەڕەتی: | 8 000 000 هەشت ملیۆن دینار |
| قۆناغی ئامادەیی: | 8 000 000 هەشت ملیۆن دینار |
| قۆناغی پەیمانگە: | 8 000 000 هەشت ملیۆن دینار |

2- رسوماتی تازەکردنەوەی مۆڵەت (دووساڵ جارێك) دەبێت بە نیوەی ئەو بڕانەی لەخاڵی (1)ی سەرەوە باسکراون.

3- رسوماتی زیادکردنی قۆناغی ئامادەیی بۆ ئەو قوتابخانانەی مۆڵەتی قۆناغی بنەڕەتییان هەیە بریتی دەبێت لەپێدانی رسوماتی کردنەوەی مۆڵەتی قۆناغی ئامادەیی کە لە سەرەوە ئاماژەی پێکراوە سەرەڕای دانی رسوماتی قۆناغی بنەڕەتی.

4- زیادکردنی هەربەشێکی نوێ بۆ پەیمانگەکان بەپێی پێویستی وەزارەت دەبێت و رسوماتی کردنەوەی ئەو بەشە نوێیەش بریتی دەبێت لە (2,000,000) دوو ملیۆن دینار بۆ هەر بەشێکی نوێ.

5- رسوماتی گواستنەوەی خاوەندارێتی بەم شێوەیە دەبێت:

| | |
|---|---|
| قۆناغی باخچەی منداڵان: | 3 000 000 سێ ملیۆن دینار |
| قۆناغی بنەڕەتی: | 5 000 000 پێنج ملیۆن دینار |
| قۆناغی ئامادەیی: | 5 000 000 پێنج ملیۆن دینار |
| قۆناغی پەیمانگە: | 5 000 000 پێنج ملیۆن دینار |

**ماددەی شەست و پێنجەم:**

1- نرخی خوێندن لە قوتابخانە و پەیمانگەکان بە خواستی قوتابخانە و پەیمانگەکان دەبێت، بەمەرجێك (نرخی خوێندن بۆ (یەك قوتابی) بە نەگۆڕی بمێنێتەوە تا لەو قۆناغە بەردەوام بێت، بۆ هەر قوتابییەکی تازە وەرگیراو ئازادە لە دیاری کردنی نرخی خوێندن بەمەرجێك بڕی زیادکراو لە (15٪) نرخی خوێندنی ساڵی پێشوو زیاتر نەبێت.

2- بۆئەو قوتابیانەی پێش دەرچوونی ئەم رێنماییە لەو قوتابخانە و پەیمانگەیانە وەرگیراون، پێویستە بەهەمان نرخ لە خوێندن بەردەوام بن، ئەگەر نرخەکانیان زیاتر نەبێت لەوەی ئێستا.

3- هەر بڕە پارەیەکی تر لەقوتابیان وەربگیرێت پێویستە پێشتر ڕەزامەندی (بەرێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی پارێزگە) وەربگیرێ وەك نرخەکانی ( خواردن،گواستنەوە، جلوبەرگ، پەرتووك،...هتد... ).

**ماددەی شەست و شەشەم:**

نرخی کتێبەکانی خوێندن:

1- باخچە وقوتابخانە و پەیمانگە ناحکومییە خۆماڵییەکان، بەهەمان ئەو نرخانە دەیفرۆشنەوە بە قوتابیان کە لە وەزارەت کڕیویانە.

2- باخچە وقوتابخانە و پەیمانگە بیانییەکان، لەگەڵ نرخی خوێندن دەبێت.

3- باخچە و قوتابخانە و پەیمانگە نێودەوڵەتییەکان، پێویستە ڕەزامەندی وەربگرن بەنرخی ئەو کتابانە لە وەزارەت (لە بەڕێوبەرایەتی گشتی پڕۆگرام و چاپەمەنییەکان) پێش ئەوەی مۆڵەتەکە وەربگرن و دەبێت بەهەمان ئەو نرخانەی کە پەسەندکراون بیانفرۆشنەوە بە قوتابیان.

**ماددەی شەست و حەوتەم:**

پێویستە گرێبەستێك لەنێوان قوتابخانە و کەسوکاری قوتابی هەبێت پێش ئەوەی قوتابی دەست بە خوێندن بکات.

**ماددەی شەست و هەشتەم:**

1- پابەندنەبوون بەهەر بڕگە و ماددەیەکی یاسا و ڕێنماییەکانی خوێندنی ناحکومی بەسەرپێچی هەژماردەکرێت.

2- سزادانی ماددی یان مەعنەوی لەدەسەڵاتی وەزیری پەروەردە دەبێت بەپشت بەستن بە یاداشتی لیژنەی سەرپەرشتی کردنی قوتابخانە ناحکومییەکان لەسەر ئاستی پارێزگەدا.

3- جۆری سزاکان:

أ. **<u>سزا مەعنەوییەکان</u>** { ئاگادارکردنەوە بۆ جاری یەکەم و دووەم و دواجار }کەماوەی نێوان هەریەکەیان لە (دە ڕۆژ) تێپەڕ نەکات، ئەگەر لەو ماوەیە چارەسەری کێشەکە نەکرا یان سەرپێچی تر دروستبوو، قوتابخانەکە ڕووبەڕووی ڕێکارەکانی داخستن دەبێتەوە.

ب. **<u>سزای لادانی کارمەندان</u>** وەك (بەڕێوەبەر، یاریدەدەر، مامۆستا، فەرمانبەران) بەپێی جۆری سەرپێچیەکە دەبێت.

ج. **<u>سزای ماددی</u>** لەنێوان (10 000 000 ملیۆن دینار) تاکو ( 150 000 000 ملیۆن دینار) بەگوێرەی سەرپێچییەکە و لە دەسەڵاتی وەزیری پەروەردەدا دەبێت.

# بەشی هەشتەم

# حوکمی گشتی

**ماددەی شەست و نۆیەم:**

قوتابخانە ناحکومییەکان بۆیان نیە هیچ بلاوکراوەیەك دەربکەن بەبێ ڕەزامەندی وەزارەت و لایەنە پەیوەندیدارەکان.

**ماددەی حەفتایەم:**

1- پێویستە قوتابخانە ناحکومییە لۆکاڵەکان پەیڕەوی یەکپۆشی قوتابیان بکەن، لەگشت قۆناغەکانی خوێندن. سەرپشکن بەدیاری کردنی جۆر و ڕەنگی جل وبەرگەکان، بەرەچاوکردنی باری ئابووری قوتابیان و کەلتوری گەلانی کوردستان.

2- قوتابخانە ناحکومییە بیانی و نێودەوڵەتییەکان بەپێی سیستەمی تایبەتی خۆیان پەیڕەوی یەکپۆشی دەکەن.

**ماددەی حەفتا و یەکەم:**

ئەگەرخاوەنی قوتابخانەی ناحکومی (جگە لە پەیمانگەکان) بەڕێوەبەر نەبوو، بۆی هەیە ژوورێکی تایبەتی هەبێت لە ناو تەلاری قوتابخانە بەڵام پەیوەندییەکانی تەنها لەگەڵ بەڕێوەبەر و ژمێریار دەبێت و بۆی نیە دەست بخاتە ناوکاروباری قوتابخانە.

**ماددەی حەفتا و دووەم:**

قوتابخانە ناحکومییەکان دەتوانن لە چوارچێوەی ڕێنماییەکانی دەستەی وەبەرهێنان زەوی وەربگرن، لەدوای وەرگرتنی ڕەزامەندی لەسەر نەخشەی ئەندازەیی لە بەڕێوبەرایەتی گشتی بیناسازی لە وەزارەتی پەروەردە.

**ماددەی حەفتا وسێیەم:**

باخچە وقوتابخانە و پەیمانگە ناحکومییەکان بۆیان هەیە سالانە ڤیستیڤاڵ و ئاهەنگی ڕۆشنبیری و خۆشی ساز بکەن.

**ماددەی حەفتا وچوارەم:**

جگە لە ئالای کوردستان نابێت هیچ ئالایەکی تر لەسەر بینای قوتابخانە ناحکومییەکان هەڵبکرێت.

**ماددەی حەفتا و پێنجەم:**

ئەگەر ناوی قوتابخانەی ناحکومی ناوێکی جیهانی باوەڕپێکراو(=براند) بوو، پێویستە پێشگرێك یان پاشگرێکی کوردی لەگەڵ دابێت بۆئەوەی جیای بکاتەوە لە قوتابخانەیەکی تری هاوشێوەی.

**ماددەی حەفتا و شەشەم:**

قوتابخانە ناحکومییەکان هەموو یاسا و ڕێنماییەکانی قوتابخانە حکومییەکانی هەرێمی کوردستانیان لەسەرجێ بەجێ دەکرێت لەکاتی ئاماژە نەکردن بەهەر بابەتێك لە یاسای ژمارەی (14)ی ساڵی (2012) و ماددەکانی ئەم ڕێنماییە.

**ماددەی حەفتا و حەوتەم:**

کار بەهیچ ڕێنماییەکی تر ناکرێت دوای دەرچوونی ئەم ڕێنماییە لە وەقایعی کوردستان.

**هۆیەکانی دەرکردنی ئەم ڕێنماییە** (الأسباب الموجبة):

بەهۆی زۆربوونی ژمارەی قوتابخانە و پەیمانگە ناحکومییەکان لە هەرێمی کوردستان و ڕێکخستنی پەیوەندیان لەگەڵ وەزارەتی پەروەردە لە گشت بوارەکاندا، هەروەها بەسوود وەرگرتن لە ئەزموونی چەند ساڵە لەگەڵ ئەو قوتابخانە و پەیمانگەیانەدا و کەڵك وەرگرتن لە وەبەرهێنانی نیشتیمانی و بیانی لەم بوارەدا و دابینی کردنی دەرفەتی فێرکردن لەڕووی چەندایەتی و چۆنایەتییەوە، ئەم ڕێنماییە دەرکرا.

د. پشتیوان صادق عبدالله

وەزیری پەروەردە

# پاشکۆی ( ٣ )

## وێنەی وۆرکشۆپی یەکەم ٢٠١٧/٨/١٩





## وێنەی وۆرکشۆپی دووەم ٢٠١٧/٩/١٤





## وێنەی وۆرکشۆپی سێیەم ٢٠١٧/١٠/١٢



